هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت

بەشی زمانی کوردی

# گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی

نامەیەکە

دلێر قادر عەبدوڵا

پێشکەشی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

بە سەرپەرشتی

پ. د. بێستوون حەسەن ئەحمەد

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زاینی

**پێشکەشە بە:**

- گیانی پاکی باوکم
- دایکی میهرەبانم
- هاوسەری خۆشەویستم(سۆزان خان) و جگەرگۆشەکانم(دارین، ئارین)
- خوشک و برا ئازیزەکانم

**سوپاس و ڕێزم بۆ:**

- سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، هەروەها کۆلێجی ئەندازیاری، کە دەرفەتی خوێندنی ماستەر و مۆڵەتی خوێندنیان پێدام.
- بەشی زمانی کوردی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت و گشت مامۆستاکانی و ئەو مامۆستایانەی کە وانەکانی خوێندنی باڵایان پێوتووم.
- (پ. د. بێستوون حەسەن ئەحمەد) کە ئەرکی سەرپەرشتیاریی نامەکەمی کێشا. ئەو کاتەی کە دەرگای زانکۆ و کتێبخانەکان بەهۆی پەتای کۆرۆناوە بۆ چەند مانگێک داخران، بەڕێزیان دەرگای ماڵ و کتێبخانەی خۆی بۆ کردمەوە، بەردەوام ڕێنوێنی کردووم.
- ئەو بەڕێزانەی بە سەرچاوە و وەرگێڕان هاوکارییان کردووم.

# هێما و کورتکراوەکان

| هێما و کورتکراوەکان | واتاکەی |
|---|---|
| ؟ | گومانلێکراو لە ڕووی واتاوە |
| * | نارێزمانیی |
| / | یان |
| −/+ | نیشانەی واتایی |
| → | دەبێت بە |
| /  / | فۆنێم |
| [ ] | نیشانەی واتایی |
| SL | زمانی سەرچاوە |
| TL | زمانی ئامانج |
| AGRP | فرێزی ڕێککەوتن |
| $D^-$ | فرێزی دیارخەریی |
| TP | فرێزی تاف |
| VP | فرێزی کرداریی |
| PP | فرێزی پێشناویی |
| $X^o$ | کەتیگۆریی فەرهەنگیی |

## لیستی زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| Adapated metaphor | میتافۆری گونجێنراو |
| Analysis Theory | تیۆری شیکاریی |
| Application | بەرنامە |
| Artificial intelligence | زیرەکیی دەستکرد |
| Behaviourism Theory | تیۆری ڕەفتاریی |
| Category selection | هەڵاویرکردنی پۆلەڕەگەزی |
| Cliches Metaphor | میتافۆری کلێشەیی |
| Collocation | پێکەوەهاتووەکان |
| Compositional | پێکهاتەیی |
| Context of situation | دەوروبەری بار |
| Context theory | تیۆری دەوروبەر |
| Database | بنکەدراو |
| Dead Metaphor | میتافۆری مردوو |
| Falling intonation | ئاوازەی نزم |
| Free combination | پێکەوەهاتنی ئازاد |
| Grammatical meaning | واتای ڕێزمانیی |
| Human translation | وەرگێڕانی مرۆیی |
| Idiomatic meaning | واتای ئیدیەمی |
| Implicit meaning | واتای ناڕاستەوخۆ |
| Interlingual translation | وەرگێڕان لە نێوان زمانەکان |
| Intersemiotic translation | وەرگێڕانی نێو هێما |
| Intonation | ئاوازە |
| Intralingual translation | وەرگێڕان لەناو زمانێکدا |
| Juncture | نێوان |
| Lexical meaning | واتای فەرهەنگی |
| Lexicography | زانستی فەرهەنگسازی |

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| Machin_assisted translation | وەرگێڕان بە هاوکاری ئامێر |
| Machine translation | وەرگێڕانی ئامێریی |
| Mental lexicon | فەرهەنگی ئاوەزیی |
| Non Compositional | ناپێکهاتەیی |
| Open collocation | پێکەوەهاتووی کراوە |
| Original Metaphor | میتافۆری داهێنراو |
| Paremiology | پەندزانی |
| Physical Context | دەوروبەری فیزیکی |
| Proverbial marker | نیشانەلێدانی پەند |
| Psychological Context | دەوروبەری دەروونی |
| Recent Metaphor | میتافۆری نوێ |
| Referential theory | تیۆری ئاماژە |
| Restricted collocation | پێکەوەهاتووی کۆتکراو |
| Rhyme | ئاواز |
| Rhythm | ترپە |
| Rising intonation | ئاوازەی بەرز |
| Segmental/Primary phoneme | فۆنیمی سەرەکی/کەرتیی |
| Semantic feature | نیشانەی واتایی |
| Semiotic Triangle | سێگۆشەی هێما |
| Situation meaning | واتای بارودۆخیی/دەوروبەری بار |
| Social/Cultural Context | دەوروبەری کۆمەڵایەتی/کولتووری |
| Source language | زمانی سەرچاوە |
| Stock Metaphor | میتافۆری پواو |
| Subclause | پاڕستە |
| Suprasegmental/Secondary phoneme | فۆنیمی لاوەکی/ناکەرتی |
| Target language | زمانی ئامانج |
| Textual meaning | واتای دەوروبەری |

## پێڕست


| ژماره | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **پێشەکی** | |
| ١/٠ | گرنگی بابەتەکە | ١ |
| ٢/٠ | کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە | ١ |
| ٣/٠ | گرفتی بابەتەکە | ١-٢ |
| ٤/٠ | تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە | ٢ |
| ٥/٠ | بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە | ٢-٣ |
| **بەشی یەکەم** | **وەرگێڕان و واتا و تیۆریی پێویست** | |
| ١/١ | وەرگێڕان | ٤-٥ |
| ١/١-١ | زمان و واتا و وەرگێڕان | ٦ |
| ١/١-٢ | جۆرەکانی وەرگێڕان | ٦ |
| ١/١-٢-١ | وەرگێڕان بەپێی سنووری زمان | ٦-٧ |
| ١/١-٢-٢ | وەرگێڕان بەپێی شێوەی دەربڕین | ٧ |
| ١/١-٢-٣ | وەرگێڕان بەپێی تایبەتمەندی دەق | ٨ |
| ١/١-٢-٤ | وەرگێڕان بەپێی وەرگێڕ | ٨ |
| ١/١-٢-٥ | وەرگێڕان بەپێی شێوازی وەرگێڕان | ٨-١٠ |
| ١/١-٣ | وەرگێڕانی ئامێریی | ١١ |
| ١/١-٣-١ | مێژووی وەرگێڕانی ئامێریی | ١٢-١٣ |
| ١/١-٣-٢ | زمانی کوردی و وەرگێڕانی ئامێریی | ١٣-١٤ |
| ٢/١ | سیمانتیک | ١٤ |
| ٢/١-١ | پەیوەندی سیمانتیک بە پێکهاتەکانی تری زمانەوە | ١٤-١٥ |
| ٢/١-٢ | تیۆرەکانی واتاسازی | ١٥ |
| ٢/١-٢-١ | تیۆری ئاماژە | ١٦ |
| ٢/١-٢-٢ | تیۆری ڕەفتاری | ١٦-١٧ |
| ٢/١-٢-٣ | تیۆری شیکاریی | ١٧-١٨ |
| ٢/١-٢-٤ | تیۆری دەوروبەر | ١٨-٢٠ |
| ٢/١-٢-٤-١ | دەوروبەر و پێکهاتەکانی زمان | ٢٠ |

| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ٢/١-٢-٤-١-١ | دەوروبەری فۆنۆلۆژی | ٢٠-٢٢ |
| ٢/١-٢-٤-١-٢ | دەوروبەری مۆرفۆلۆژی | ٢٢-٢٣ |
| ٢/١-٢-٤-١-٣ | دەوروبەری سینتاکسی | ٢٤-٢٦ |
| ٢/١-٢-٤-٢ | دەوروبەری بار | ٢٦-٢٧ |
| ٢/١-٢-٤-٢-١ | دەوروبەری فیزیکی | ٢٧-٢٨ |
| ٢/١-٢-٤-٢-٢ | دەوروبەری کولتووری | ٢٨-٣٠ |
| ٢/١-٢-٤-٢-٣ | دەوروبەری دەروونی | ٣١ |
| ٢/١-٣ | واتا و جۆرەکانی | ٣٢-٣٥ |
| ٢/١-٣-١ | واتای فەرهەنگی | ٣٦-٣٧ |
| ٢/١-٣-٢ | واتای دەوروبەری | ٣٧ |
| ٢/١-٣-٢-١ | واتای گراماتیکی | ٣٨-٣٩ |
| ٢/١-٣-٢-٢ | واتای میتافۆری | ٣٩-٤٠ |
| ٢/١-٣-٢-٣ | واتای ئیدیەمی | ٤٠-٤١ |
| ٢/١-٣-٢-٤ | واتای بارودۆخی | ٤١ |
| **بەشی دووەم** | **دەربڕینە چەسپاوەکان** | |
| ٢/١ | دەربڕین | ٤٢-٤٣ |
| ٢/٢ | دەربڕینە چەسپاوەکان | ٤٣-٤٤ |
| ٢/٢-١ | ئیدیەم | ٤٤-٤٦ |
| ٢/٢-١-١ | تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم لە ڕووی دروستەوە | ٤٦-٤٩ |
| ٢/٢-١-٢ | تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم لە ڕووی واتاوە | ٥٠-٥١ |
| ٢/٢-٢ | پێکەوەهاتووەکان | ٥١-٥٥ |
| ٢/٢-٢-١ | پەیوەندی نێوان وشەکان | ٥٥-٥٧ |
| ٢/٢-٢-٢ | پۆلکردنی پێکەوەهاتووەکان بەپێی ڕادەی چەسپاویان | ٥٧-٦٠ |
| ٢/٢-٣ | میتافۆڕ | ٦٠-٦٥ |
| ٢/٢-٣-١ | تێگەیشتن لە میتافۆر | ٦٥-٦٧ |
| ٢/٢-٣-٢ | پۆلکردنی میتافۆر | ٦٧-٧٠ |
| ٢/٢-٤ | پەند | ٧١-٧٢ |
| ٢/٢-٤-١ | پەند لە ڕووی دروستەوە | ٧٢-٧٣ |

| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ٢/٢-٤-١-١ | دەرکەوتنی پەندەکان بەپێی جۆرەکانی ڕستە | ٧٤-٧٥ |
| ٢/٢-٤-١-٢ | پۆلکردنی پەندەکان بەپێی ئەرکەکانی ڕستە | ٧٥-٧٦ |
| ٢/٢-٤-٢ | پەند لە ڕووی واتاوە | ٧٦-٧٧ |
| ٢/٢-٤-٣ | تایبەتمەندیێتی پەندەکان | ٧٧-٧٩ |
| **بەشی سێیەم** | **گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی** | |
| ١/٣ | گرفتە واتاییەکان | ٨٠-٨١ |
| ٣/١-١ | گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی ئیدیەمدا | ٨١-٨٤ |
| ٣/١-٢ | گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی پێکەوەهاتووەکاندا | ٨٥-٩١ |
| ٣/١-٣ | گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی میتافۆڕدا | ٩١-٩٣ |
| ٣/١-٤ | گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی پەنددا | ٩٣-٩٨ |
| ٢/٣ | ستراتیژەکانی وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکان | ٩٩ |
| ٣/٢-١ | ستراتیژی یەکەم: پەیکاڵبوون لەڕووی فۆرم و واتاوە | ٩٩-١٠٣ |
| ٣/٢-٢ | ستراتیژی دووەم: پەیکاڵبوون لەڕووی واتاوە | ١٠٤-١٠٨ |
| ٣/٢-٣ | ستراتیژی سێیەم: داڕشتنەوە | ١٠٩-١١٠ |
| ٣/٢-٤ | ستراتیژی چوارەم: سڕینەوە | ١١٠-١١١ |
| | ئەنجام | ١١٢ |
| | لیستی سەرچاوەکان | ١١٣-١١٨ |
| | پوختە | ١١٩ |
| | ملخص | ١٢٠ |
| | Abstract | ١٢١ |

# پێشەکی

## ١/٠) گرنگیی بابەتەکە

وەرگێڕان وەکو پێواژۆیەک بۆ هاوتاکردنی دەقێک بە نزیکترین واتای زمانی سەرچاوە لە زمانی ئامانجدا دادەنرێت. بێگومان ئەم پێواژۆیەش بە پەیڕەوکردنی بنەمای زانستییە کە لایەنی هونەری و زمانەوانیی ڕەچاودەکرێت. وەرگێڕانی ئامێرییش وەک جۆرێکی وەرگێڕان، ئێستا لەوپەڕی برەویدایە، لە نێو کۆمپیوتەر و مۆبایلەکاندا بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەم پەرەسەندنە ئەوە ناگەیەنێت لە ڕووی زمانەوانییەوە بێگرفتە. پەیوەست بە زمانی کوردییەوە، کاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک خستنەسەر ئەو گرفتانەیە لە ڕووی واتاوە و لە وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکاندا، دێتەئاراوە. چونکە واتا کرۆکی دەربڕینە و بابەتێکی ئاڵۆزە و چەندین لایەنی نائاشکرای هەیە و بە بارودۆخ و دەوروبەرە زمانییەکان کاریگەرە.

## ٢/٠) کەرەستە و سنووری لێکۆڵینەوەکە

کەرەستە بەکارهاتووەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەو دەربڕینە چەسپاوانەن، کە لە قسەپێکەرانی زمانی کوردی-کرمانجی ناوەڕاستەوە وەرگیراون؛ هەروەها هەندێک لە نموونەکانیش لەو سەرچاوانەی کە خۆیان بە کۆکردنە و ڕاڤەکردنی ئەم دەربڕینانە خەریککردووە، وەرگیراون. سروشتی لێکۆڵینەوەکەش کە پەیوەستە بە وەرگێڕانەوە وایخواستووە کە نموونەی زمانی کوردی-ئینگلیزی بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بەکاربهێنرێت.

## ٣/٠) گرفتی بابەتەکە

گەورەترین گرفتی وەرگێڕان دەربڕینە چەسپاوەکانن، کە بە وەرگێڕانی پیتییان، واتای دەربڕینەکە لە زمانی ئامانجدا دەستناکەوێت، ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی خستنەڕوو و چارەسەری

ئەم گرفتەی داوە. لەپاڵ ئەمانەشدا ئەم بابەتە لە کایەی کتێبخانە و توێژینەوەکاندا، بابەتێکی نوێبوو، لەبەرئەوە لە دیاریکردنی بەش و پارەکاندا، گرفتی پەیکەری لێکۆڵینەوەکەمان هەبوو.

## ٤/٠) تیۆر و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا تیۆری دەوروبەری وەک بنەمایەک پەیڕەوکراوە. ڕێبازی پەسنی شیکاریی لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە. بۆ شیکردنەوەی دەربڕینە چەسپاوەکانیش، هەندێکجار سوود لە تیۆری بەرهەمهێنان و گواستنەوە وەرگیراوە.

## ٥/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بە ناونیشانی (وەرگێڕان و واتا و تیۆریی پێویست)ە. ئەم بەشە دوو پار لەخۆدەگرێت.

پاری یەکەم بۆ وەرگێڕان و جۆرەکانی بە گشتی و وەرگێڕانی ئامێریی بە تایبەتی، تەرخانکراوە؛ لەگەڵ پەیوەندی زمان بە وەرگێڕانەوە. لەم تەوەرەدا پێناسەی وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێریی کراوە لەگەڵ پۆلکردنی جۆرەکانیان؛ هەروەها پەیوەندی و کاریگەری قوتابخانە زمانییەکان و وەرگێڕان خراوەتەڕوو. بە گشتی تیشکێکیش خراوەتە سەر پێویستی ئامادەکردنی زمانی کوردی بۆ بواری کۆمپیوتەری و وەرگێڕانی ئامێریی. پاری دووەم بۆ سیمانتیک تەرخانکراوە، پەیوەندی سیمانتیک بە ئاستەکانی تری زمان و تیۆرەکانی واتاسازی خراونەتەڕوو، تیشکخراوەتە سەر تیۆرێکی گرنگی بواری واتاسازی، کە تیۆری دەوروبەرە. ڕووبەرێکی فراوانی لە لێکۆڵینەوە واتاییەکاندا داگیرکردووە. لەم وەچەپارەدا، پێناسە و ڕاڤەی پێویست بۆ خستنەڕووی تیۆرەکە، ڕۆڵی دەوروبەر لە دیاریکردنی واتای وشە و دەربڕاوەکان، پەیوەندی دەوروبەر و ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، لەگەڵ دەوروبەری بار، خراوەتەڕوو. وەچەپارێکی تر بۆ واتا تەرخانکراوە، بەپێی جۆرەکانی پۆلکراون و نموونەی پێویست خراونەتەڕوو.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (دەربڕینە چەسپاوەکان)ە، هەر چوار جۆرەکەی دەربڕینە چەسپاوەکان کراونەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە، کە بریتین لە (ئیدیەم، پێکەوەهاتووەکان،

میتافۆر، پەند). لەم سۆنگەیەشەوە بەشەکە کراوەتە دوو پار و چەند وەچەپارێک، پەسنکردن و شیکردنەوەی ئەم دەربڕینانەش لە چەند وەچەپارێکدا ئەنجامدراون.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی)، بەشێکی پراکتیکییە، دوو پار و چەند وەچەپارێک لەخۆدەگرێت. پاری یەکەم ئەزموونکردنی وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکانە بە وەرگێڕی ئامێریی (Google translate)، ئاراستەی وەرگێڕانەکە لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزییە. هەروەها لە ڕووی ئەمانەتپارێزی زانستییەوە پێویستە ئەوە بڵێین کە هەڵبژاردنی وەرگێڕی گۆگڵ بە هۆی بێتوانایی یان کەموکوڕیی تایبەت بە پرۆگرامەکە نییە، بەڵکو یەکێکە لە بڵاوترین و باشترین وەرگێڕە ئامێرییەکان. لەم بەشەدا ئەو گرفتە واتاییانە شیکراونەتەوە کە دووچاری وەرگێڕانی دەربڕینێکی چەسپاو دەبێتەوە، بە هۆی بێتوانایی ئامێرەکەوە. لە پاری دووەمدا باس لە گرفت و کەموکوڕی ئامێرەکە بەپێی ستراتیژە زانستییەکان کراوە. هەروەها چارەسەر و ستراتیژە پێویستەکانیش خراونەتە بەرچاو.

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نیشاندراون.

# بەشی یەکەم

# وەرگێڕان و واتا و تیۆریی پێویست

# بەشی یەکەم: وەرگێڕان و واتا و تیۆریی پێویست

## ١/١) وەرگێڕان

وەرگێڕان وەکو پێواژۆیەکی زمانەوانی و هونەری گەلێک پێناسەی بۆ کراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند پێناسەیەک لەگەڵ باری سەرنج و تێبینیدا دەخاتە ڕوو.

وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی ئەو پرۆسە و میتۆدانە لە خۆدەگرێت کە بەهۆیانەوە دەقێک لە زمانی سەرچاوەوە(source language) وەردەگێڕێت بۆ زمانی ئامانج(target language) (Ghazala: 2006: 1). کاتفۆرد(Catford: 1965: 1) پێیوایە"لەبریدانانی دەقی زمانێکە لە جێی دەقی زمانێکیتر. بەڕوونی، پێویستە هەر تیۆرێکی وەرگێڕان پشتبەستووبێت بە تیۆرێکی زمانی".

نیداش(Nida) بەم جۆرە پێناسەی دەکات "وەرگێڕان بریتییە لە دۆزینەوەی نزیکترین هاوتا بە ئەو زمانە، کە وەرگێڕانی پێدەکرێت، لە پێشدا لەباری واتا و پاشان لەباری داڕشتنی شێوازەوە"(عەلاف: ٢٠٠٩: ١٨).

لای (سەفەوی: ٢٠٠٥: ٧) وەرگێڕان بریتییە "وەرگێڕاندنی دەقێک لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ سەر زمانی ئامانج، بێ ئەوەی فۆرم و واتاکەی دەسکاری بکرێ". بێگومان ئەمەش بە ڕەهایی نابێت، چونکە دەقی وەرگێڕدراو بۆ زمانی ئامانج وەک دەقی سەرچاوە نابێت، بەهۆی جیاوازی زمانەکان لە یاسا فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان، هەروەها جیاوازییە کولتووریەکان. بەڵام ئەوەی بەلای ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگە پاراستنی واتایە بە شێوەیەک هاوتای واتای دەقی زمانی سەرچاوە بێت.

لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە وەرگێڕان لە سەر گریمانەی دەقە، دەقیش لە وشە و ڕستەکان پێکدێت، لەم سۆنگەیەشەوە وەرگێڕ مامەڵە لەگەڵ زمان بەپێی تێڕوانینی زانستی زمان دەکات ، واتە وەک پێواژۆیەکی زمانەوانی لێدەڕوانرێت و بە تیۆریی واتاییەوە دەبەسترێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە هەوڵ دەدرێت زمان و بیر و واتا و پاشخانی کولتووریی پێکەوە ببەسترێتەوە، بەشێوەیەک کە کۆی پێواژۆکە لە توانایدا بێت هەمان واتا و کاریگەری لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج

بگوازێتەوە. هەر بۆیە کاتفۆرد پشتبەستنی تیۆرەکانی وەرگێڕان بە تیۆرەکانی واتا بە پێویست دەزانێت(مصطفی: ٢٠١٤). بەگشتی شارەزایان وەرگێڕانێک بە سەرکەوتوو دەزانن کە توانیبێتی نزیکترین هاوتا لە زمانی ئامانجدا بۆ دەقی زمانی سەرچاوە بدۆزێتەوە، لەپێشدا گرنگیی بە گواستنەوەی ڕاستی واتا دەدرێ ، پاشان بە ڕەچاوکردنی شێواز(فرح زاد: ١٣٦٩: ٣ ).

هەر کەسێک کە شارەزایی هەبوو لە دوو زماندا، مەرج نییە بتوانێت وەرگێڕان بکات، بەواتای زانستی وەرگێڕان. چونکە وەرگێڕان پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، جگە لە زمان لایەنی نازمانیش تێکەڵی دەبێت، ئامانجی وەرگێڕان و شارەزایی وەرگێڕ لەو بابەتەی وەریدەگێڕێت و ئەو شێوازەی پەیڕەودەکرێت، ڕۆڵی کاریگەرییان هەیە لە پرۆسەی وەرگێڕاندا. پێویستە وەرگێڕ بەباشی لە مەبەستی خاوەن دەق/دەربڕین تێبگات، ئاشنای کولتووری دەقەکە بێت، پێناسی دەقەکە (ئایا دەقێکی ئەدەبییە، یاساییە، پزیشکییە،...هتد) بەهەند وەربگرێت، توانای تێگەیشتنی دەوروبەری زمانی هەبێت، هەروەها توانای گەیاندنی واتای زمانی سەرچاوەی بە کەرەستەی زمانی ئامانج هەبێت. هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی وەرگێڕان جیاوازی نێوان زمانەکان و کولتوورەکانە، وەرگێڕان لە پێناو پەیوەندیکردنە و بۆ لابردنی بەربەستی تێگەیشتنە کە بەهۆی ئەو جیاوازییە دروستبووە. وەرگێڕان لە گواستنەوەی کولتووردا ڕۆڵی کاریگەری هەبووە (Newmark: 1988: 7).

بەگشتی لە پێناسەکاندا ڕۆڵ و بەهای واتا لە وەرگێڕاندا باسکراوە، لەم ڕوانگەیەشەوە پێمانوایە کە وەرگێڕان: پێواژۆی گواستنەوەی دەقێک یان دەربڕینێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر، ڕەچاوکردنی دەوروبەرە زمانی و کولتووریەکانی هەردوو زمان پێویستە، لەپێناو گەیاندنی واتا و کاریگەرییەکانی دەربڕینی زمانی سەرچاوە بۆ زمانی ئامانج، بە پەیڕەوکردنی گونجاوترین ستراتیژە زانستییەکان.

بە پوختی وەرگێڕان پێویستە ئەم خاڵانە لە خۆبگرێت:

١_ واتا بە ڕوونی بگەیەنێت.

٢_ هێندەی بکرێت، دروستە و کاریگەری و شێوازی دەربڕین و کولتووری زمانی سەرچاوە بپارێزێت.

٣_ دەربڕینی زمانی سەرچاوە بە شێوەیەکی سروشتی و ڕەوان لە زمانی ئامانجدا بەرهەمبهێنێتەوە.

## ١-١/١) زمان و واتا و وەرگێڕان

لێکۆڵینەوەکان لە زمان و لە وەرگێڕان، دەرخەری ئەو ڕاستییەن، کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوانیاندا هەیە. لە زۆربەی قوتابخانە و لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا کار لە سەر وەرگێڕان کراوە، بە شێوەیەک کە هەر پەرەسەندنێک لە تیۆرێکی زمانیدا بەدوای خۆیدا پەرەسەندنی وەرگێڕانی لێکەوتۆتەوە، لەو بارەیەوە (J.K.Kelly) دەڵێت "بۆ هەر تیۆر و تەوژمێک لە زماندا، تیۆرێکی وەرگێڕان هەیە، هاوتایەتی و لەگەڵیدا دەگونجێ"(شاهین: ١٩٩٨: ٩).

زیادبوونی پێویستی کۆمەڵەکان بە وەرگێڕان وایدەخواست، ئەوانەی لە بوارەکەدا کاریان دەکرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەدوای پێوەری زانستی بگەڕێن. هەروەها پاش بەزانستبوونی زمان و سەرهەڵدانی قوتابخانە نوێیەکانی زمان، ئامڕازەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بە تایبەت واتاناسی لە وەرگێڕاندا بەکارهێنران (سەفەوی:٢٠٠٥: ٩)، ئەمانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەرهەڵدانی تیۆرەکانی وەرگێڕان هەبووە و وەرگێڕان وەک زانستێکی سەربەخۆ ناسرا. شایەنی باسە زۆرێک لە خاوەن تیۆرییەکانی وەرگێڕان لە زانایانی زمان بوون، وەک کاتفۆرد، نیدا، هارتمان، کە بە ئەنجامی پراکتیزەکردنی تیۆرە پراکتیکییەکانی زمان بە سەر کردەی وەرگێڕاندا، تیۆرەکانی وەرگێڕانیان لە سەر بناغەی تیۆرە زمانییەکان بەرهەمهێناوە (شاهین: ١٩٩٨: ٩). لەم نێوەندەشدا واتا وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی زمان، لە پیواژۆی وەرگێڕاندا بێگرفت نەبووە، لەنێو واتاشدا، دەربڕینە چەسپاوەکان گەورەترین ئاستەنگیان بۆ دێتەپێش(بڕوانە بەشی سێیەم)، کە کاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە.

## ٢-١/١) جۆرەکانی وەرگێڕان

پۆلکردنی زۆری جۆرەکانی وەرگێڕان لە سەرچاوەکاندا خراونەتە ڕوو بڕوانە (یوسف:٢٠٠٦: ٤٥-٤٩) ،(ئەحمەد: ٢٠١١: ٦٧-١٢٩)، (Catford: 1965: 25-26)، باوترینیان ئەمانەن:

### ١-٢-١/١) وەرگێڕان بەپێی سنووری زمان

ئەم پۆلێنە سێ جۆر وەرگێڕانی دیاریکردووە، کە بریتین لە:

ا) وەرگێڕان لەناو زمانێکدا (Intralingual translation)، کە بریتییە لە شرۆڤەکردن وڕوونکردنەوی دەقێک بە دەقێکیتر لە هەمان زماندا، بۆ نموونە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوواتایی و دژواتاییەوە.

ب) وەرگێڕان لە نێوان زمانەکاندا (Interlingual translation)، چەمکی باوی وەرگێڕانە. دەقێک لەزمانی سەرچاوەوە وەردەگێڕدرێت بۆ زمانی ئامانج.

پ) وەرگێڕانی نێو هێما (Intersemiotic translation)، وەک بەرزکردنەوەی هەردوو دەست (بەکردەیی) وەربگێڕدرێت بەواتای خۆبەدەستەوەدان. یان وەرگێڕانی دەقێک بۆ نیشانە و هێما لە شانۆیەکدا. بڕوانە (ماهل: ٢٠١٨: ٧٠-٧٢) و (یوسف:٢٠٠٦: ٤٥).

## ١/١-٢-٢) وەرگێڕان بەپێی شێوەی دەربڕین

ئەم پۆلێنە وەرگێڕانی دابەشکردووە بۆ:

ا- وەرگێڕانی زارەکی: پێواژۆی وەرگێڕانی قسەیە لەزمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی ئامانج. بەگشتی دەکرێت بە دوو جۆرەوە:

یەکەم- وەرگێڕانی هاوکات: وەرگێڕ گوێدەگرێت لە قسەکەر، تێدەگات و ڕاڤەی دەربڕینی زمانی سەرچاوە دەکات، پاشان بە هاوتای گونجاو لە زمانی ئامانجدا بەرهەمیدەهێنێتەوە، هەموو ئەمانەش لە هەمان کاتدا دەبێت.

دووەم- وەرگێڕانی یەک بەدوای یەک: سەرەتا وەرگێڕ گوێدەگرێت لە دەربڕینەکانی قسەکەر تا لە قسەکردن دەوەستێت، پاشان وەرگێڕەکە واتا و مەبەستی قسەکەر بە کەرەستەی زمانی ئامانج بەرهەمدەهێنێتەوە، بەمشێوەیە بەردەوام دەبن.

ب- وەرگێڕانی نوسراو: سەرەتا وەرگێڕ دەقی نوسراو دەخوێنێتەوە، پاشان بە کەرەستەی زمانی ئامانج بەرهەمیدەهێنێتەوە. بڕوانە (ئەحمەد: ٢٠١١: ٧٤-٨٣) و (یوسف:٢٠٠٦: ٤٦).

### ١/١-٢-٣) وەرگێڕان بەپێی تایبەتمەندی دەق

لەم پۆلێنەدا دوو جۆر وەرگێڕان دەستنیشانکراون کە بریتین لە:

ا) وەرگێڕانی وێژەیی: لە پاڵ گەیاندنی واتادا گرنگیی بەلایەنی هەست و سۆز دەدات و ڕەچاوی لایەنی جوانی دەق دەکات.

ب) وەرگێڕانی تەکنیکی/زانستیی: هزر و چەمکی زانستی دابڕاو لە سۆز دەگوازێتەوە و گرنگیی بە شێوازی نوسەری دەق لە زمانی سەرچاوە نادات (ماهل: ٢٠١٨: ٨١-٨٥) .

### ١/١-٢-٤) وەرگێڕان بەپێی وەرگێڕ

بەپێی ئەم پۆلێنە وەرگێڕان دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر، کە بریتین لە:

ا) وەرگێڕانی مرۆیی (Human translation): مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەبێ بەکارهێنانی ئامێر.

ب) وەرگێڕانی ئامێریی (Machine translation): ئامێر ئەنجامی دەدات لە ڕێگەی هاوتاکردنی دەربڕاوە زمانییەکان و بەپێی هاوکێشەی دروستەیی زمانەکان.

پ) وەرگێڕان بە هاوکاری ئامێر(Machin_assisted translation): لەم جۆرەدا وەرگێڕی مرۆیی پشتدەبەستێ بە فەرهەنگە ئەلەکترۆنییەکان و هەندێ بەرنامەی کۆمپیوتەری بۆ وەرگێڕان. بڕوانە (زهیرە: ٢٠١٨: ١٣-١٤).

### ١/١-٢-٥) وەرگێڕان بەپێی شێوازی وەرگێڕان

بەپێی ئەم پۆلێنە وەرگێڕان دابەشدەبێت بۆ سێ جۆر(Catford: 1965: 25-26)، کە ئەوانیش بریتین لە:

ا) وەرگێڕانی وشە بە وشە:

جەخت لە وشە دەکرێتەوە وەک یەکەیەکی وەرگێڕان، لەم وەرگێڕانەدا دروستەی زمانی سەرچاوە دەکرێتە بنەما و ناگۆڕێت. بۆ نمونە وەرگێڕانی ڕستەیەک لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی بەم شێوەیەی هێڵکاری (۱)ی لیدێت:

SL S.V.O

The man eats food. Translate → پیاوەکە دەخوات نان.

بەڵام یاسای ڕیزبوونی کەرەستەکان لە زمانی کوردیدا بەم شێوەیەیە:

TL S.O.V پیاوەکە نان دەخوات.

هێڵکاری (۱)
(وەرگێڕانی وشە بە وشە)

ب) وەرگێڕانی دەقاودەق/پیتیی:

لەم وەرگێڕانەدا دروستە و دەربڕینەکان بە شێوەی فەرهەنگی وەردەگێڕێن. ئامێری وەرگێڕان ئەم کارە دەکات و ئەم جۆرە وەرگێڕانە توانای وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکانی نییە (ئەحمەد:۲۰۱۲: ۲۳۸)، بڕوانە هێڵکاری(۲).

SL TL

2) It's raining cats and dogs. Translate → ؟سەگ و پشیلە دەباریێت

هێڵکاری ژمارە (٢)
(وەرگێڕانی پیتیی)

پ) وەرگێڕانی واتایی:

دروستەی زمانی سەرچاوە لەبەرچاو ناگیرێت، واتای دەقی سەرچاوە بەپێی دروستەی زمانی ئامانج دادەڕێژریت. "ئەم وەرگێڕانە بە باشترین و بڵاوترین جۆری وەرگێڕان دادەنرێت، چونکە وەرگێڕ بە شێوەیەکی زانستی واتای دەقی زمانی سەرچاوە دەپارێزێت" (عەلاف: ٢٠٠٩: ٩١). بڕوانە هێڵکاری(٣).

SL TL

1) It's raining cats and dogs. Translate → باران بە لێزمە دەباریێت.

هێڵکاری ژمارە (٣)
(وەرگێڕانی واتایی)

پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکەمان کە کارکردنە لە دەربڕینە چەسپاوەکاندا، ئەم دەربڕینانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە بەشی دووەمدا باسیان لێدەکەین، هەروەها ئەزموونکردنی وەرگێڕانی ئەم دەربڕینانە بە وەرگێڕی ئامێریی، بۆیە لە لێکۆڵینەوەکەماندا زیاتر هەردوو پۆلێنکردنی (بەپێی وەرگێڕ)، (بەپێی شێوازی وەرگێڕان) پەسەند دەکەین.

## ٣-١/١) وەرگێڕانی ئامێریی

بەهۆی ئەو پێشکەوتنانەی مرۆڤایەتی کە لە هەموو بوارەکاندا بەدەستیهێناون و بووەتە هۆی کرانەوەی کولتوورەکان بەڕووی یەکتردا. دەرکەوتن و پەرەسەندنی ئامێرەکانی کۆمپیوتەریی لەم چەند دەیەیەی ڕابردودا، پاشان پەیدابوونی تۆڕەکانی پەیوەندی و ئینتەرنێت، وایانکردووە جیهان بە دێیەکی بچووک بچوێنرێت. پەیوەندی کولتوورەکان بە جۆریک پەرەیسەندووە، کە وەرگێڕان بۆتە پێویستییەک و پەنجەرەی گفتوگۆی نێوانیان. گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و ئایپاد و تابلێت و مۆبایل و بەستنەوەیان بە هێڵی ئینتەرنێتەوە، هۆکارن کە مرۆڤ بەردەوام بە دوای سەرچاوەی زانیارییەوە بێت.

هەموو ئەمانە وایانکرد مرۆڤ هەوڵبدات لە کەمترین کاتدا، زانیاری لەسەرچاوەی جۆراوجۆر و زمانی جیاوازەوە بەدەست بهێنێت. ئەمەش هۆکاری سەرەکی بەکارهێنان و پەرەسەندنی وەرگێڕانی ئامێرییە. بە تایبەتی ئێستا بەهۆی بڵاوی و زۆری و ئاسان دەستکەوتنی ئەو ئامێرانە و بەرنامە(application)ی خۆڕایی وەک(Google translate)و چەندانی تر.

خێرایی زۆری ئەم وەرگێڕانە و توانایان بۆ ئەنجامدانی وەرگێڕان لە نێوان چەندین زماندا بە هۆکاری سەرەکی پاشەکشەی فەرهەنگە چاپکراوەکان دادەنرێت (مەبەستمان لەڕووی بەکارهێنانەوە لای زۆربەی خەڵک، لەبەرئەوە پێوەستە ئەوە بزانیین کە فەرهەنگە چاپکراوەکان چ ئەوانەی یەک زمانین یان دوو زمانین و زیاترن، کۆڵەکەی سەرەکی هەر وەرگێڕانێکی مرۆیی و ئامێریین).

هۆکارێکی تری پەرەسەندنی وەرگێڕانی ئامێریی، پەرەسەندنی ئابووری بوو. بازاڕ دۆزینەوە بۆ ئەو هەموو کاڵایەی بەرهەمدەهێنرێت، پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر وەرگێڕ و خێرایی وەرگێڕان هەبوو کە هاوشانی خێرایی بازاڕ بێت لەلایەک و تێچوویەکی کەمی هەبێت لە لایەکی ترەوە(فرج:٢٠١١ : ٨٩٧). واتە بگونجێ لەگەڵ لۆژیکی بازاڕدا کە کات و خێرایی سامانن، کەواتە ئەوەی خێراترە، باشترە (زاکر: ٢٠٠٣: ١٣).

### ١-٣-١/١) مێژووی وەرگێڕانی ئامێریی

ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی وەرگێڕانی ئامێریی هەیە، هەندێک لە توێژەران سەرەتاکانی دەیگێڕنەوە بۆ سەدەی حەڤدە و بیروڕاکانی دیکارت (Descartes) و لایبنز (Leibniz) و ویلکینز (Wilkins)، دەربارەی دروستکردنی زمانە جیهانییەکان، کە دەتوانرێت بە ئامێر پرۆگرام بکرێن(Schwartz: 2016: 7). بەڵام بەکردەیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٩ لە لایەن زانای ماتماتیک وارن وایڤەر (Warren Weaver) ئامێری بۆ وەرگێڕان بەکارهێنا. پاشان بەهۆی ململانێی نێوان ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤێت لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، توانا و سەرمایەیەکی زۆر خرایە گەڕ بۆ برەودان بە وەرگێڕانی ئامێریی. لە ساڵی ١٩٥٢ یەکەم کۆنگرە لە بارەی وەرگێڕانی ئامێرییەوە ئەنجامدرا، گەشبینییەکی زۆر لە وتەکانی بار هایلل (Bar Hillel) بەدیدەکرا، کە پێیوابوو وەک چۆن مرۆڤ دەتوانێت وەرگێڕان بکات، ئاوا ئامێریش بە پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی تایبەت دەتوانێت ئەو کارە بکات. بەڵام لە دوای دوو ساڵ و لە وتارێکدا لە گۆڤاری (Mind) لەو گەشبینیەی خۆی کەمکردەوە و ڕایگەیاند ئاستەمە واتای دەقێک بئاخنرێتە نێو کۆمەڵی دەقی بە دواییەکدا هاتوو، ئاماژەی بەوەدا کە لێکۆڵینەوەکان بە ئاڕاستەیەکی ناڕاستدا ڕۆیشتوون و جەختیکردەوە، کە وەرگێڕانی ئامێریی ئەستەمە بەبێ بوونی بانکێکی زانیاریی گەورە لە وشە کە لایەنەکانی دەرەوەی زمانیش لە خۆبگرێت. چونکە وەرگێڕان پێویستی بە زانیاری دەرەوەی دەقیش هەیە (زاکر: ٢٠٠٣: ١٥). ئەم بانکە زانیارییەش پێویستە تەنها وشە نەبێت، بەڵکو لەسەر ئاستی دەربڕینەجەسپاوەکانیش بوونیان هەبێت.

ساڵی ١٩٦٦ لیژنەی ڕاوێژکاری پرۆسەی زمانی ئامێریی (ALPAC)، کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرا ڕایگەیاند: کە مرۆڤ توانای وەرگێڕانێکی وردتر و خێراتری هەیە و بە تێچوویەکی کەمتر بەرانبەر بە ئامێر. پێشبینیی ئەوەیانکرد کە وەرگێڕانی ئامێریی سوودێکی ئەوتۆی لێنابینرێت(البواب: ٢٠١٥).

لە بواری سەربازی و ئاسمانیدا گرنگیی وەرگێڕانی ئامێریی کەمینەکرد، لە کاتی جەنگی سارددا ژمارەیەکی بێشوماری بەڵگەنامەی هەواڵگری هەبوو کە باسی لە پێشکەوتنەکانی سۆڤییەت دەکرد. وەرگێڕانی ئەم بەڵگەنامە زۆرانە لەو بوارانەدا بە مرۆڤ نەدەکرا، جونکە کات و توانا و ماندووبوونێکی زۆری دەویست، لە بەرئەوە لەبواری هەواڵگرییدا بەردەوام برەویان بەم جۆرە وەرگێڕانە داوە.

لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پاش داهێنانی نوێ لە بواری کۆمپیوتەر و دەرکەوتنی نوێ لە بواری زمانناسییدا، بە تایبەت بیروڕاکان لەبارەی تیۆرییەکانی چۆمسکی Chomsky، جارێکی تر لێکۆڵینەوەکان لە وەرگێڕانی ئامێریی پشتبەست بە زیرەکیی دەستکرد( Artificial intelligence) برەوی پەیداکرد (یەعقووبی: ٢٠٠٧: ٥٨).

## ١/١-٣-٢) زمانی کوردی و وەرگێڕانی ئامێریی

ئێمە ئەمڕۆ لە سەردەمێکی تەکنەلۆژییداین، ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان لە هەموو بوارەکاندان و زۆر پێویستن. زمانیش لە چێوەی زیرەکی دەستکرددا هاتۆتە نێو ئەم بوارەوە، زانیارییەکی زۆریی زمانیی لە ئامێرە کۆمپیوتەرییەکان تۆمارکراون. پێواژۆکانی کۆمپیوتەر لەسەر بنەمای ژمارە و کۆد و خشتەکانە، واتە لەسەر بنەمای (٠)و (١)ە و لەوانە تێدەگات. بۆیە زانیارییە زمانییەکانیش لەو ڕێگەیەوە تێدەکرێن و وەردەگیرێنەوە. وەرگێڕانی ئامێرییش هەر لەم بوارەوە سەرچاوەی گرتووە.

ئامادەکردن و ڕێکخستنی زمانی کوردی بۆ بواری کۆمپیوتەری و وەرگێڕانی بە ئامێر، کارێکی زۆری پێویستە و دەبێت دەزگای زانستی بۆ تەرخانبکرێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت زمانێکی بنکەدراوەیی (Database) دروستبکرێت، بڕوانە (هاشمی: ٢٠١٥). بۆ ئەوەی زمانی کوردیش باشتر ئامادەبکرێت زۆر پێویستە کە:

- یەک تەختەکلیلی هاوبەش بەکاربهێنین.
- یەک ڕێنوسی هاوبەش، هەرچەندە کارێکی زۆر سەختە، بەڵام زۆر پێویستیشە، چونکە نووسین دەمێنێتەوە و تۆماری میللەتێکە.
- دەقێکی زۆری کوردی بکرێتە نێو بواری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت.

ئەو زمانانەی لەم ڕووەوە کاریان زۆر لەسەرکراوە، لە کاتی وەرگێڕانیاندا بە ئامێر، باشتر دەقەکان وەردەگێڕدرێن. پەیوەست بە بواری کۆمپیوتەریی و وەرگێڕانی ئامێریی، زمانی کوردی گرفتەکانی دوو ئەلیفبێیی(ئارامیی و لاتینیی)، ڕیکنەکەوتن لە ڕێنووس و بەکارهێنانی فۆنتی جیاوازی هەیە. بۆ نموونە لە فارسی و عەرەبیدا ناوی (موحەممەد) تەنها بە یەک شێوە دەنوسرێت کە بریتییە لە (محمد)، بەڵام لە کوردیدا بە چەندین شێوە نوسراوە و داغڵی کۆمپیوتەر

کراوە(هەمان سەرچاوەی پێشوو)، وەک (محمد، محەمەد، محەممەد، مەحەمەد، مەحەممەد، موحەممەد، موحەمەد، حەمە) کە هەریەکەیان هەزاران جار بەکارهاتوون و لە گەڕانی گۆگڵدا دەبینرێن. وەرگێڕانی گۆگڵیش هەموو ئەو دەقانە دەکاتە بنەما لە پێواژۆی وەرگێراندا و بەپێی ئەو دەقانەی کە مرۆڤەکان داغڵیان کردووە و گەنجکراون، یاساکان دەدۆزێتەوە(سەرچاوەی پێشوو).

## ٢/١) سیمانتیک

لێکۆڵینەوە لە واتا مێژوویەکی زۆر دێرینی هەیە، بەڵام وەک زاراوە، زمانەوانی فەرەنسی (میشێل برایل) لە ساڵی ١٨٨٣ بۆ یەکەمجار لە وتارێکدا زاراوەی (Semantique) بەکارهێناوە، دوای چوار ساڵ کتێبێکی بە ناونیشانی (چەند وتارێک لە واتاسازییدا) بڵاوکردەوە، کە تێیدا ڕوونیکردەوە مەبەست لە سیمانتیک لێکۆڵینەوەیە لە واتا (Meaning). ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە سەرەتاکانی لێکۆڵینەوە لە واتا تەنانەت پێش دەرکەوتنی زانستی زمان کەوتووە. (حجازی: ١٩٩٧: ١٣٠).

سیمانتیک بەشێکی گرنگی زانستی زمانە، ئاستێکە لە واتا و جۆرەکانی و تیۆرەکانی واتا دەکۆڵێتەوە، "بایەخ بە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی واتای وشە و گرێ و ڕستەکانی زمان دەدات، واتە لە ڕوانگەیەکی زمانییەوە دەڕوانێتە واتا(عەلی: ٢٠١١: ٧). سیمانتیک گرنگیی بە واتای فەرهەنگی و دەوروبەری وشە و ڕستە دەدات لە پێناو گەیاندنی واتا، چونکە ئەگەر"واتا دروست نەبێت و پێکنەهێنرێت، دیارە زمان نابێت"(محەممەد: ٢٠١٠: ١١).

### ١-٢/١) پەیوەندیی سیمانتیک بە پێکهاتەکانی تری زمانەوە

قسەکردن لەبارەی پەیوەندی سیمانتیک بە پێکهاتەکانی تری زمانەوە(فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس) پەیوەستە بە دەنگ و مۆرفیم و ڕێکخستنی وشەکان بۆ یەکەی گەورەتر وەک فرێز و ڕستەکان. مۆرفیم و وشەکان لە توخمە فۆنۆلۆژییەکانەوە سەرچاوەدەگرن و واتادارن، پێکهێنەری گەورەتریش لە مانەوە سەرچاوەدەگرن، بەڵام واتایان مەرج نییە بە هەمان واتای تاک تاکی وشەکان بێت، بەڵکو بەپێی پێکهاتەی سینتاکسی دەگۆڕێت، بڕوانە نموونەی (١).

١/ ا) ئازاد سەردانی نەوزاد دەکات.

ب) نەوزاد سەردانی ئازاد دەکات.

بێگومان ئەگەر بە پێی یاسا سینتاکسییەکانیش ڕێکنەخرێن، واتا دەشێوێت، وەک(دەکات نەوزاد ئازاد سەردانی) و هیچ واتایەکی نابێت. بۆیە بۆ ئەوەی واتایەکی ڕاستمان دەستکەوێت، دەبێت لە واتای وشەکان و پەیوەندییە گراماتیکییەکان و سیمانتیکییەکان تێبگەین. جگە لەمەش هەندێ لە دەربڕینەکان بە واتای میتافۆریی و ئیدیەمی بەکاردێن و واتای ڕووکەشیان جیاوازە لە گەڵ واتای بەکارهێنانیان، بڕوانە نموونەی(٢).

٢/ ا) ئازاد زمانلووسە. (واتای ئیدیەمی)

٢/ ب) نەوزاد زۆڵە. (واتای میتافۆری)

لە (٢/ ا)دا ئەگەرچی واتای گوزارەکە لە واتای فەرهەنگی دوورکەوتوتەوە، بەڵام ڕستەکە واتا ڕاست و ڕێزمان دروستە، ئاخێوەری کورد تێدەگات کە ئازاد زمانی ساف و لووس نییە، بەکارهێنانەکە بۆ ئەوەیە گوزارشت لەوەبکات کە کەسێکی تەفرەدەرە بە زمان. بە هەمان شیوە لە (٢/ ب)دا وشەی (زۆڵ) بە واتای فەرهەنگی نەهاتووە وەک (کەسێک کە لە باوکێکی شەرعی نەبێت)، بەڵکو گوزارشت لە زۆرزانی(بە باری نەرێنی) و فێڵبازی دەکات. بەم پێیەش تێگەیشتن لە واتای دەربڕینێک لە پەیکالبوونی ئاستەکانی زمان و پەیوەندی سیستماتیکی دەبێت و هەموویان پێکەوە ڕێزمانی زمانێک پێکدەهێنن.

## ٢/١-٢) تیۆرەکانی واتاسازی

هەندێک لە زمانەوانەکان بابەتی واتایان بە ئاڵۆز داناوە و ویستویانە بیکەنە دەرەوەی زمانەوانییەوە، لێکۆڵینەوەکان لە واتاسازی وەک ئاستێک لە زانستی زماندا بەردەوامیی هەبوو، گرنگیی بابەتەکە و ڕۆڵی لە شیکردنەوە لە ئاستەکانی تری زماندا هەر لە فۆنیمەوە تا شیکردنەوەی دەق (text)، وایکرد کە چەندین قوتابخانە و تیۆری جیاواز سەبارەت بە واتاسازی سەرهەڵبدات، کە هەریەکەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە لە چەمک و لایەنێکی واتایان دەکۆڵییەوە، ئۆڵمان(Ullmann) پێی وابوو کە هەر ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی زمانی لە لایەنێکی واتا دەکۆڵێتەوە(زوین: ١٩٨٦: ١٧٢). لە گرنگترین تیۆرەکانی واتاسازیش بریتین لە:

**٢/١-٢-١) تیۆری ئاماژە:** هەردوو زمانەوان ڕیچارد (I. A. Richards) و ئۆگدن (C.K. Odgen) باسیانلێکردووە، کە خاوەنی بیری سێگۆشەی هێمان (The Semiotic Triangle). بەپێی تیۆرەکە هەرسێ بنەمای (بیر، هێما، ناونراو) کە سێ چەمکی جیاوازن، بۆ لێکدانەوەی واتا پێویستن(دزەیی: ٢٠١٥: ٥١)، بڕوانە هێڵکاری(٤).




هێڵکاریی ژمارە (٤)
(سێگۆشەی هێما)

**٢/١-٢-٢) تیۆری ڕەفتاریی:** کە بلۆمفیڵد(Leonard Bloomfield) ڕابەری بوو، زمان دیاردەیەکی ڕەفتارییە لەسەر بنەمای وروژاندن و وەڵامدانەوە(محەممەد: ٢٠١٠: ٥٠)، بڕوانە هێڵکاری(٥).




هێڵکاری ژمارە (٥)
(بنەمای تیۆریی ڕەفتاریی)

واتا لای بلۆمفیلْد ئەو بارودۆخەیە کە قسەکەر دەربڕینێک بە دەنگ دەردەبڕێت و دەبێتە وروژێنەر، وە وەلامدانەوەی ئەو وروژێنەرە لای گوێگر.

**٢/١-٢-٣) تیۆری شیکاریی:** کە بۆ یەکەمجار لە لایەن هەردوو زمانەوان جیرۆڵ کاتز( Jerrold Katz) وجێری فودەر(Jerry fodor) بلاوکرایەوە، لە هەردوو تیۆری دەوروبەر و کێڵگە واتاییەکان سودیان وەرگرتووە، لایەنگرانی ئەم تیۆرە پێیان وایە کە واتای وشە لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی نیشانە واتاییەکانەوە دیاریدەکرێت، کە لە وشەکانی تر جیایدەکاتەوە.

شیکردنەوەی هەرواتایەک لە واتاکانی وشە بۆ نیشانە پێکهێنەرەکانی، لەگشتەوە بۆ تایبەت، لە نیشانەی ڕێزمانیەوە بۆ نیشانەی واتایی و دواتر نیشانەی جیاکەرەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە چیتر شیکردنەوە سودی نامێنێت لە ڕوونکردنەوەی واتادا (سەرچاوەی پێشوو: ٥٩)، بڕوانە هێڵکاری(٦).




هێڵکاری (٦)
(دەستنیشانکردنی نیشانە واتاییەکان)

قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە لە سەرەتادا گرنگییەکی ئەوتۆیان بە واتا نەدا، بەلام چۆمسکی(Chomsky) ڕایگەیاند دوورخستنەوەی واتا لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان لۆژیکی نییە، ڕەخنەی لە بلۆمفیلْد و شوێنکەوتووانی گرت کە دیاردەی فێربوون و وەرگرتنی زمانیان تەنها بە ڕەفتار دەبینی و کاریگەرە دەرەکییەکانیان کردبووە بنەما. بەپێچەوانەوە، قوتابخانەی

بەرهەمهێنان و گواستنەوە ئاراستەی شیکارییان بۆ زمان لە ناو خودی مرۆڤەوە بۆ دەرەوە بوو, (بۆ زیاتر بڕوانە: بن التواتي: ٢٠١٢: ٤٩-٨١). بەلای ئەم قوتابخانەیەوە دروستەی قووڵ بناغەی تێگەیشتنە لە زمان و شیکردنەوەی، واتە دروستەی قووڵ بنەمایەکی زانیاریی واتاییە لە پڕۆژە یاسای بەرهەمهێنانی ڕستەدا، ئەمەش لە ئاوەزمەندی ئاخێوەرەوە سەرچاوەدەگرێت و بەتوندی پەیوەستە بە واتاوە.

## ٢/١-٢-٤)تیۆری دەوروبەر

زۆر جار وشەیەک تەنانەت ڕستەیەک دەبیستین/دەخوێنینەوە، بە ئاسانی درک بە واتاکەی ناکەین. هەرچەندە شارەزای فەرهەنگ و یاساکانی فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی زمانەکەشبین. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، ئەڵقەیەکی گرنگ لە زنجیرەی تێگەیشتنەکەدا ونە، کە ڕۆڵ و بەهایەکی زۆری لە ڕەواندنەوەی تەمومژی و درککردن بە واتاکەی هەیە ، ئەویش دەوروبەرە.

مەیدان و کاری ئەم لیکۆڵینەوەیە تیۆری دەوروبەرە، کە بە یەکێک لە گرنگترین تیۆرەکانی واتاسازی دادەنرێت. بەهۆی دەوروبەرەوە دەزانرێت کە وەرگێڕانێک ئامانجی خۆی پێکاوە و واتای ڕاستی گەیاندووە یان نا."زاراوەی دەوروبەر(Context) بە گشتی لە زمانەوانییدا بۆ ئاماژەدان بە بەشێکی تایبەت لە ئاخاوتن/دەق بە کاردێت، لە نزیک یان تەنیشت ئەو دانە زمانییەی کە جێی باس و بایەخە، واتای ئەو دانەیە بەشێکی یان هەمووی بە هۆی دەوروبەرەکەوە ڕووندەبێتەوە. بەواتای کاتێک وشە لە دەوروبەردا بەکاردێت ماناکەی بە وردی دیاریدەکرێت"(Crystal: 2008: 108).

لە فەرهەنگی(Language Teaching & Applied Linguistics: ٢٠١٠: ١٢٧) بەم شێوەیە پێناسەی دەوروبەر/ Context کراوە "بریتییە لە هەموو ئەو وشە و فرێزانەی کە لە پێش یان دوای وشەیەک یان فرێزێک یان تەنانەت دەربڕینێکی درێژتر یان دەقێک دێن. دەوروبەر یارمەتیدەرە لە دیاریکردنی واتای تایبەتی وشە، فرێز، هتد. دەوروبەر دەشێت بارودۆخێکی فراوانتری کۆمەڵایەتی بێت کە دانە زمانییەکەی تێدا بەکارهاتبێت".

لێکۆڵینەوەکان لە دەوروبەر پانتاییەکی فراوانی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی گرتووە، زۆر لە زمانەوانان بایەخیان پێداوە و لێیان کۆڵیوەتەوە، هەتا بۆتە تیۆرییەکی تەواو لە سەردەستی زمانەوانی بەناوبانگی ئینگلیز فێرس(J.R.Firth).

فێرس(١٨٩٠_ ١٩٦٠) بە خاوەنی تیۆری دەوروبەر لە زماندا دادەنرێت، زۆرێک دەرکەوتنی ڕاستەقینەی زانستی زمان لە بەریتانیا بۆ ئەو دەگێڕنەوە. لە داڕشتنی تیۆرەکەیدا کاریگەربووە بە زانای ئەنسرپۆلۆجی مالینۆڤسکی(Malinwski)، کە لەکاتی مانەوەی لە ناوچەی دورگەکانی (ترووبریاند) چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر زمانە سەرەتاییەکانی ئەو ناوچەیە کرد، بەڵام لە وەرگێڕانی دەقەکاندا تووشی گرفتی زۆر بوو، لە ئەنجامدا بۆیدەرکەوت کە واتا ناپێکێت، تەنها مەگەر ئەو دەوروبەرەی قسەکەی تێداکراوە بزانرێت(پالمەر: ١٩٨٥: ٦١). بە لای مالینۆڤسکیەوە دەوروبەری کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنی زمانە و ئەو دەوروبەرەی کە مەبەستی بوو، ژێرخانی کولتووری و کۆمەڵایەتیی بوو. دواتر ئەم بۆچوونانە لە لایەن فێرسەوە بۆ ناو لێکۆڵینەوەی زمانەوانی هێنران.

بەلای فێرسەوە شیکردنەوەی واتا ئامانجی سەرەکی زانستی زمانە، کە لەو سەردەمەدا لای هاوچەرخەکانی باو نەبوو و واتایان لە دەرەوی لێکۆڵینەوەی زمانی دادەنا. بەلایەوە زمان وەک سیستەمێکی ئاوەزیی دابڕاو لێیناکۆڵرێتەوە و جەختی زۆری لەسەر ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان دەکرد(عەلی:٢٠١٤: ٧٩).

بەپێی ئەم تیۆرە واتای وشە دیاری ناکرێت بەبێ بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکدا، چونکە دەوروبەر ڕۆڵێکی گەورە لە دیاریکردنی واتا وشە و ئەو مەبەستەی لە پشت بەکارهێنانیەوەیەتی دەبینێت(بڕوانە نموونەی ١١). بەلای کلۆد جێرمان و ریمۆن لۆبلانەوە "وشە واتاکەی ڕوون نابێتەوە تەنیا لە بەکارهێنانی نەبێت، لە سەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین: واتای وشە بریتییە لە کۆی بەکارهێنانەکانی"(جێرمان، لۆبلان:٢٠٠٦ : ٣٠).

سنووری واتا تەمومژاوییە و ناسینەوەی ئاسان نییە، چونکە واتای وشەکان هەمیشە بە ناو یەکدادەچن. بە ڕای لودڤیگ ڤیتگنشتن(Ludwig Wittgenstein) زمان بە سەر چەندین واتادا کراوەیە، ئەم ژیربێژە زمانی بەجۆرێک لە یاری دەچواند(Language Games)، هەر وەک چۆن یارییەک لە چەند پارچەیەک پێکدێت و یاسایەکی هەیە، زمانیش بە هەمان شێوە.

هەربەشێک/پارچەیەک لە یارییەکە بە هۆی پارچەکانی دەوروبەری نرخێک وەردەگرێت. دەربڕاوەکانیش لە زماندا بە پێی یاسای زمانەکە لە شوێنی خۆیاندا بەکاردێن، بە ڕەچاوکردنی ئەو ژینگەیەی دەوریداوە(الزنکی:٢٠٠٦ : ٧٦).

کەواتە تەنها بە زانینی واتای فەرهەنگی وشەکان لە هەموو بارێکدا واتای مەبەست بۆ تێگەیشتن نایەتە ئاراوە، چونکە زۆربەی وشەکان لە واتایەکی فەرهەنگی زیاتریان هەیە، دەستنیشانکردنی واتای ڕاست بە هۆی بەکارهێنانەوەیە، واتا بەکارهێنانی وشەکە لە ڕۆنانێکی گەورەتردا. Fritz دەڵێت: "کە واتاکانی وشەیەک یاسا تەواووپڕاوپڕەکانی بەکارهێنانیەتی لە ڕستە و دەربڕاوەکاندا، لە کردەی گفتوگۆکردن و لە یەککەیشتندا(لە گەیاندندا)"(مەحویی:٢٠٠٩ : ١٥٥).

زمانەوانی فەرەنسی ڤەندەریس(Joseph Vendryes) پێیوایە، کە تاڕادەیەک خۆهەڵخەڵەتاندنە کاتێک دەڵێین وشەیەک زیاد لە واتایەکی هەیە، جونکە لە ڕاستیدا جگە لەو واتایەی کە لەدەوروبەری دەقەکەوە دەستمان دەکەوێت، واتایەکی تری نییە و واتاکانی تری وشەکە دەسڕێنەوە. بە واتای ئەوەی هیچ وشەیەک فرەواتا نییە، چونکە لە کاتی بەکارهێنانیدا لە ناو دەقدا، تەنها یەک واتا دەبەخشێت (ڤەندەریس:٢٠١٤ :٢٨٨).

## ٢/١-٢-٤-١) دەوروبەر و پێکهاتەکانی زمان

لە سەر ئاستی زمان هەر یەکەیەکی زمانی، دەبێتە دەروبەری زمانی بۆ دانە پێکهێنەرەکانی، خۆیشی لە ئاستێکی گەورەتردا دەبێتە دانەی دەوروبەرێکی گەورەتر. لەم سۆنگەیەوە هەر فۆنێمێک یان مۆرفێم و وشەیەک لە چێوەی دەوروبەرێکی زمانی گەورەتردا دێت، کە دانە زمانییەکانی پاش و پێشی کاریگەرییان لە سەر هاتنی هەیە.

زمانەوانان بە پێی پێکهاتەکانی زمان چەند جۆرێک دەوروبەریان دیاریکردووە کە بریتین لە:

### ٢/١-٢-٤-١-١) دەوروبەری فۆنۆلۆژی

دەنگ وەک دانەی بنەڕەتی زمان لە ئاستی دەنگسازیدا لە دوو ڕوانگەوە لێی دەکۆڵرێتەوە، کە ئەوانیش فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییە. فۆنەتیک بە دابڕاوی لە دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە، واتا لە

دەرەوەی دەوروبەری زمانی گرنگیی بە زمانی مرۆڤ دەدات، هەرچی فۆنۆلۆژییە گرنگیی بە بەکارهێنانی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو دەدات لە دەوروبەرێکی زمانیدا، واتا بە چۆنیەتی هاتنی لە قاڵبی بڕگە و وشەدا. لەم ڕووەوە تاکە دەنگێک لە کردەی ئاخاوتندا و بە پێی دەوروبەرێکی دیاریکراو دەشێت بە چەند شێوەیەک گۆبکرێت(بشر: ٢٠٠٠: ٤٨٠)، بڕوانە نموونەی(٣).

٣/ ا) سێو /س/

ب) سەتڵ ص

پ) دەستگرە /ز/

بە وردبوونەوە لە نمونەکانی (٣)، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە هاتنی فۆنێمی /س/ بە هۆکاری جێکەوتەکەی وفۆنێمەکانی دەوروبەری بە شێوەی دەربڕینی جیاواز هاتووە.

جگە لە فۆنێمە سەرەکییەکان(Primary phoneme)/کەرەستە کەرتییەکان(Segmental)، فۆنێمە لاوەکیەکان(Secondary phoneme)/ کەرەستە ناکەرتییەکانیش(Suprasegmental) بایەخێکی زۆریان لە زنجیرەی ئاخاوتندا هەیە. بەلای (فێرس)ەوە ئەمجۆرە دابەشکردنەی فۆنێم بۆ سەرەکی و لاوەکی پەسەند نییە، بەو مانایەی کە پۆلێک لە پۆلێکیتر بەبایەختر نییە، بەڵکو ئەو فۆنێمانەی بە لاوەکی دانراون بایەخێکی زۆریان لە زنجیرەی قسەکردندا هەیە (موسا: ٢٠٠٩: ١٢).

کەرەستە ناکەرتیەکانیش بریتین لە (هێزStress، ئاوازەIntonation، نێوانJuncture ، ترپە Rhythm و ...هتد)."نیشانەکانی کەرەسە ناکەرتیەکان دەتوانن هەڵوێست و هەست و سۆزی قسەکەر ئاشکرا بکەن بە جۆرێک کە هەرگیز بەو زانیارییانەی پشت بەو یەکە دەنگیانە دەبەستن ئەنجام نادرێت" (سەرچاوەی پێشوو: ٢٧). ئەم کەرەستە ناکەرتیانە سەراپای ئاخاوتنەکە دادەپۆشن و بڕگە و وشە و ڕستە دەگرنەوە. ئەوەی بەلای ئەم لێکۆڵینەوەیەوە گرنگە ئەوەیە کەرەستە ناکەرتییەکان بە هۆی بەکارهێنانیان لە دەوروبەری زمانی جیاوازدا ڕۆڵێکی گرنگیان لە دیاریکردنی واتادا هەیە ، بڕوانە نموونەی (٤)

٤/ا) خوێنە ڕژاوە

ب) خوێ نەڕژاوە

لە (ا/٤) و (٤/ب) هەرچەندە لێرەدا بە شێوەی نوسین واتاکەی ڕوونە، بەڵام لە ڕەوتی ئاخاوتندا بە هۆی شوێنی نێوانەوە/دەوروبەری بەکارهێنانی کەرەستە ناکەرتییەکەوە واتاکەی دیاریدەکرێت کە مەبەستی (خوێن)ە یان (خوێ) یە.

لە چاوگەکاندا، ئەگەر هێز(Stress) لە سەر دوا بڕگە بێت، واتای چاوگ دەدات، بەڵام ئەگەر هێز لەسەر بڕگەکانی پێشتربێت واتای ڕستەیەکی گەردانکراو دەدا بۆ کەسی دووەم و سێیەمی کۆ (قادر: ٢٠٢٠: چاوپێکەوتن)، بۆ نموونە بڕوانە (٥)

٥/ ا) خەوتن ئارامی دەدات بە جەستە.

ب) منداڵەکان زوو خەوتن.

لە (ا/٥) (خەوتن) وەک چاوگ/ناو واتای دەرکەوتووە، ئەمەش بەهۆی ئەو دەوروبەرە زمانییەی هێزی تیا بەکارهاتووە. بەڵام (خەوتن) لە (٥/ب) دا وەک کردار دەرکەوتووە.

## ٢/١-٢-٤-١-٢) دەوروبەری مۆرفۆلۆژی

"ئەو دەوروبەرەیە، کە گرنگی بە هاتن و دابەشبوونی مۆرفیمەکان لە چوارچێوەی وشەدا دەدات. بەم پێیە هەریەک لە مۆرفیمەکانی زمان (سەربەخۆ یان بەند)بن، لە دەوروبەرێکی زمانیی دیاریکراودا و لە چێوەی دروستەیەکی مۆرفۆلۆژیدا ڕوودەدەن و هەریەکەیان دابەشبوونێکی تایبەتییان هەیە" (فەرەج: ٢٠١٣: ٢٤٦)، بڕوانە نموونەی(٦).

٦/ ا) ئاگردان، شەکردان، مۆمدان، *داردان

ب) کوڕەکە، مامۆستاکە، دیارییەکە، *پیاویەکە

لە (ا/٦)دا مۆرفیمی وشەداڕێژی (دان) لە وشەکانی (ئاگردان/شەکردان/مۆمدان) دەوروبەرێکی زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا وەک سێتێکی مۆرفۆلۆجی هاتوون و

فۆرمێکی نوێیان بە واتایەکی نوێ پێکهێناوە و تاڕادەیەک واتای شوێنێک بە ڕووبەرێکی دیاریکراوی داوە، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئەو ڕووبەرەی دار پێویستیەتی فراوانترە، بۆیە (داردان) نادروستە و بە هۆی مۆرفیمی (ستان) وەک دەوروبەری مۆرفۆلۆژی گونجاو وشەی (دارستان) پێکدێنن، چونکە زانیارییە دروستەیی و واتاییەکان لەژێر ڕکێفی پاشگرەکاندایە، بڕوانە (مەعرووف:٢٠٢٠: ١٧٠-١٧٣).

لە (٦/ب)دا مۆرفیمی ڕێزمانی ناسراوی کە خۆی تاکە مۆرفیمێکە، بە هۆی چەندین مۆرفەوە نیشاندراوە. هەریەکەیان لە دەوروبەرێکی تایبەتدا هاتوون و جێگا ناگۆڕنەوە و ڕەچاوی کۆتایی برگەی پێش خۆیان دەکەن.

هەرچەندە وشەکان خاوەنی واتای فەرهەنگی/واتای ڕێککەوتن لە سەرکراوی خۆیانن، بەڵام لە کاتی هاتنی لەگەڵ وشەی تردا، پێشبینیی گۆڕانی واتاکەی دەکرێت. بۆ نموونە ڕەنگەکان بەگشتی لەژێر کێڵگەی واتایی ڕەنگ پۆلکراون و هەر یەکەیان گوزارشت لە جۆرە ڕەنگێکی دیاریکراو دەکەن. بەڵام لە بەکارهێناندا زانیاری زیاتر و جیاواز نیشاندەدەن، بڕوانە نموونەی (٧).

٧/ ا) ئاڵای کۆماری چین سوورە.

ب) قژی کارگوزارەکەمان سوورە.

لە (ا/٧)دا هاتنی وشەی (سوور) لە گەڵ ئاڵا کە لە پارچە قوماشێک بەرهەمهاتووە، وامان لێدەکات درک بە جۆرە ڕەنگێک بکەین کە جیاوازە لە گەڵ هەمان وشە لە (٧/ب)دا، چونکە دەوروبەری هاتنیان جیاوازە و سوریی قژ زیاتر بەرەو رەنگی خورماییە.

پەیوەست بە بواری مۆرفۆلۆژییەوە، کەرەستە ناکەرتییەکانیش بە تایبەت هێز و ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگ لەم ئاستەدا دەگێرن. وشەی (دار) کە بە واتای فەرهەنگی (درەخت) دێت لە ڕستەیەکی وەک (من دار دەڕوێنم)، ئاوازەی جیاوازە بەرانبەر بە مۆرفیمی بەندی (ـ دار) وەک پاشگرێک(suffix) کە هەڵگری واتای خاوەندارێتییە لە ڕستەیەکی وەک (دوکاندار کاڵا دەفرۆشێت.)، (بڕوانە: حەمەد:٢٠١٤: ٦٩).

### ٢/١-٢-٤-١-٣) دەوروبەری سینتاکسی

دروستەی فریز و ڕستەکان بەپێی ڕێسای دروستە سینتاکسییەکان دەبێت، واتا ڕەچاوی ریزبەندی و شوێنی سەر و تەواوکەر و ڕێکەوتن دەکرێت. هەر گۆڕانکاریەک لە دروستەی ڕستەکەدا پێشبینی گۆڕانی واتاکەی دەکرێت، بۆ نموونە بڕوانە (٨).

٨/ ا) کوڕەکە نان دەخوات.

ب) ؟مۆبایلەکە نان دەخوات

پ) *کوڕەکە دەخوات

لە (ا/٨)دا ڕستەیەکی ڕێزمان دروست و واتا ڕاستمان هەیە، بەڵام لە (٨/ب)دا بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی واتایی نێوان (مۆبایل) و (خواردن) ناڕاستە، هەر بۆیە لە ڕووی سینتاکسیشەوە پەسەندناکرێت، چونکە "لۆژیک لەم ئاستەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت، دەبێت ڕستەکان دروستبن بەپێی یاسا لۆژیکییەکان"(عەلی:٢٠١٤ : ٥٢)، واتا ناڕاستە بەڵام ڕێزمان دروستە.

لە (٨/پ)دا بەهۆی نەهاتنی پۆلەرەگەزێکی خورتیی بۆ بەجێهێنانی مەرجی هەڵاوێرکردنی پۆلەڕەگەزی (category selection) ڕستەکە ناڕێزمانی بووە، چونکە ئارگومێنت داواکەرەکە/ (کردارەکە) پێویستی بە چەشنێک پۆلەڕەگەزی وەک فریزێکی ناوی وەک (نان) هەیە بۆ ڕاستی و دروستی ڕستەکە، واتە ڕێزمان نادروست و واتا ناڕاستە.

لە سەر ئاستی ڕستەش هێز و ئاوازە ڕۆڵێکی گرنگ لە گەیاندنی مەبەست و ناوەڕۆک دەگەیەنن، هێز لە ڕستەدا بۆ مەبەستی گرنگیپێدان و تیشکخستنە سەر وشەیەک بەکاردێت، بڕوانە نموونەی (٩):

٩/ ا) ئازاد نان دەخوات.

ب) ئازاد نان دەخوات.

له (٩/ا)دا كه هێز دەخرێته سەر (ئازاد) واتا مەبەست له خودی (ئازاد)ە نان دەخوات نەک کەسێکی تر. له (٩/ب)دا هێز دەخرێته سەر (نان) واتا جەختدەکاتەوه که نان دەخوات نەک میوه یان شتێکیتر.

ئاوازەی ڕستەکانیش هۆکاری سەرەکی دەستنیشانکردنی جۆری ڕستەکانن، "ناوەڕۆک و مەبەستی ڕسته له ڕێگەی ئاوازەوە دەگۆڕێت، سنووری هەریەک له ڕستەی (هەواڵی، پرسیاری،سەرسوڕمان، داخوازی) دیاریدەکات. بەرزترین ئاوازه له ڕستەی پرسیاردا دەبینرێت، دواتر له ڕستەی سورسوڕمان و داخوازیدا، بەڵام ئاوازه له ڕستەی هەواڵیدا بەڕێکی دەمێنێتەوه،، (حەمەد:٢٠١٤ : ١٣٤)، بڕوانه نموونەی (١٠).

| | |
|---|---|
| ١٠/ ا) دارین هات. | ڕستەی هەواڵییه، ئاوازه له کەمترین ئاسته. |
| ب) دارین هات؟ | ڕستەی پرسیارییه، ئاوازه له بەرزترین ئاسته. |
| پ) دارین هات! | ڕستەی سەرسوڕمانه، ئاوازه له ئاستی مامناوەندایه. |

لێرەدا پێویسته ئەوە بپرسین که ئایا:

ـ زمان تەنها بریتییه له دەرکردنی دەنگ و ڕیزکردنی کەرەستەکان و وشه و فرێز و ڕسته؟

ـ تەنها ئەمانه دەبنه هۆکاری تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری؟

"زمان کردەیەکی میکانیکی ئەبستراکت نییه، یان خستنەپاڵیەکی دەنگ و مۆرفیم و وشەو فرێز نییه بۆ پێکهێنانی دروستەی گەورەتر، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشداگەلێک واتای جیاواز و ئاوەزمەندیی و بیر و باری کۆمەڵایەتی و دەروونی دەگەیەنرێت" (ئەحمەد:٢٠٢٠ : ٤).

(جاکندۆف)یش پێیوایه "بۆ سیمانتیکی زمان کاتێک تاکێک دەتوانێت له ئاستێکی باڵادا بیرۆکەکانی بگوازێتەوه، که به هاوبەشی سوود له فۆرمه دروستکراوه زمانییەکان و زانیارییەکانی دەرەوەی زمان وەربگرێت (حەمەکەریم: ٢٠١٥: ٤١). ئەمەش دەمانبات بۆ لێکدانەوەی واتا له جۆری تری

دەوروبەردا سەرەڕای دەوروبەری ئاستەکانی زمان. لێکۆڵەر پێیوایە کە بۆ گەیشتن لە واتا، هەردوو دەوروبەری زمانی و دەوروبەری بار، دوو کۆڵەکەی سەرەکیین. ئەم دوانەیە یەکتر تەواودەکەن، چونکە زمان پەیڕەوێکی ئاڵۆزە و تەنها یەکە زمانییەکان و پەیوەندییەکانی ناوەوەی زمان نییە، بەڵکو هزری خاوەن زمان و بارودۆخی دەرەکیش دەگرێتەوە.

## ٢/١-٢-٤-٢) دەوروبەری بار

ئاخێوەرانی زمانێک جگە لەوەی پەنا دەبەنە بەر دەوروبەری کەرەستە زمانییەکان بۆ تێگەیشتن لە دەربڕاوەکان و بەردەوامبوونی گفتوگۆ، بەهەمان شێوەش لە ڕێگەی چەندین ڕەهەندی ترەوە زانیاری بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری مەبەست و پەیامەکانی ناو کردەی ئاخاوتن بەدەست دەهێنێت.

بەلای جۆرج یۆڵ(Yule: 2017: 365) ژینگەی هاوبەشی وشەیەک لە گەڵ وشەکانی دەوروبەری لە فرێز و ڕستەدا، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دیاریکردنی واتای وشەکە هەیە. یۆڵ نموونەی وشەی (Bank) دێنێتەوە لە ئینگلیزیدا کە فرەواتایە و بەهۆی بەکارهێنانی لەپاڵ کەرەستەکانی تردا واتاکەی ڕووندەبێتەوە، ئێمە بەم شێوەیە نموونەی لەسەر دەهێنینەوە، بڕوانە نموونەی (١١).

١١/ a) I had to take out a bank loan to start my own business.

(پێویست بوو قەرزی بانک وەرگرم بۆئەوەی دەست بە کاری خۆم بکەم.)

b) These flowers generally grow on river banks and near streams.

(ئەم گوڵانە بە گشتی لە کەناری ڕووبارەکان و لە نزیک جۆگەکان گەشە دەکەن.)

c) Every hospital will continue to have its own blood bank.

(هەموو نەخۆشخانەکان لە هەوڵدان بۆ هەبوونی بانکی خوێنی تایبەت بە خۆیان.)

لە (a/١١)دا، وشەی (Bank) بەهۆی ئەوەی لە دەوروبەریدا وشەکانی (loan/قەرز) و (business/کار) هاتووە, بۆیە واتاکەی ڕوونە و بەهۆی دەوروبەرەکەیەوە یەک واتای بۆ دیاریدەکرێت کە ئەویش (بانک/بانق) ی پارەیە.

له (b/١١)دا، وشەی (Bank) بەهۆی ئەوەی لە دەوروبەریدا وشەکانی (river/ڕووبار) و (stream/جۆگە) هاتووە، واتاکەی ڕوونبۆتەوە کە (کەنار)ی ڕووبارەکەیە.

له (c/١١)دا، وشەی (Bank) بەهۆی ئەوەی لە دەوروبەریدا وشەکانی ( hospital/نەخۆشخانە) و ( blood/خوێن) هاتووە، واتاکەی ڕوونبۆتەوە کە مەبەست (بانکی خوێن)ە.

ئێستا گریمانەی ئەوە دەکەین کە کەسێک بۆ بانکی پارە دەگەڕێت، باڵەخانەیاک دەبینێت تەنیا وشەی (Bank)ی لە سەر نوسراوە. ئایا وشەکە لەو جێگەیەدا فرەواتایە بۆ کەسەکە؟ بێگومان نەخێر، ڕوونە کە بە واتای بانکی پارەیە. لەم سۆنگەیەوە بۆ ئەوە دەچین، کە جگە لە واتای دەوروبەریی کەرەستە زمانییەکان، دەوربەری تریش کاریگەرییان لە سەر واتا هەیە، چونکە "زمانەوانی چالاکانە ئەوەی تێپەڕاندووە، کە زانستێک بێت تەنها لە ئاستەکانی ناوەوەی زمان وەک دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی بکۆڵێتەوە" (ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٠). بەڵکو ڕەهەندی تر ڕۆڵ دەبینێت وەک دەوروبەری بار/شوێنکاتی ئاخاوتن (سياق المقام) کە بریتییە "لە بارودۆخی پەیوەندیدار بەو هەلوێستەوە، کە وشەی تێدا گۆدەکرێت"( فەرەج:٢٠١٣ : ٢٤٨). دەوروبەری باریش بریتین لە:

## ٢/١-٢-٤-٢-١) دەوروبەری فیزیکی

مەبەست لەم جۆرە دەوروبەرە ژینگەی فیزیکییە بۆ کات و شوێنی ئاخاوتن، دەوروبەری فیزیکی "ڕونکردنەوەی ئەو شوێنەیە، کە قسەکەر تێیدایەتی و ئەو ڕووداوەی، کە ڕوویداوە چییە و پێگەی پێشکەشکردنی بابەتەکە لە کوێیە و شیاویی شوێنی ڕستە گۆکراوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجاو و نەگونجاویان لە ڕووی نەریتە تایبەتی و گشتییەکانەوە دەخاتە ڕوو"(مەحمود: ٢٠٠٩: ١٣). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم دەوروبەرە، بڕوانە نموونەی (١٢).

١٢/ ا) بەیانیت باش.

ب/ یەک یەک وەرنە ژوورەوە.

پ/ خۆڵ ڕشتن قەدەغەیە.

ت/ چۆنێت./ خوات لەگەڵ.

ج/ هەموو گیانم دێشێت، تووشی کۆرۆنا نەبووبم.

لە (١٢/ ا)دا ئاماژە بە کاتێکی دیاریکراو دراوە کە بەیانییە و بۆ کاتێکی تر گونجاو نییە. (مەگەر بە توانجەوە قسەکەر بە گوێگری بڵێت).

لە (١٢/ب)دا دەوروبەرە فیزیکیەکە ئەوەمان پێدەڵێت، کە شوێنی دەربڕینەکە وەک فەرمانگەیەک یان نۆرینگەیەکە و ئەوەی لە ڕستەکەوە تێدەگەین ئەوەیە، کە ناکرێت ئەو شوێنە ماڵ بێت و چەند کەسێک بە میوانی ڕووی تێکردبێت.

لە (١٢/پ)دا بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەرە فیزیکیەکە، ئەوە ڕووندەبێتەوە ئەو جێگایە پارچە زەوییەکە و خاوەنەکەی یان دراوسێکانی بەشێوەی نووسین، یان زارەکی دەریان بڕیوە.

لە (١٢/ت)دا (چۆنیت) بۆ کاتێک بەکاردێت کە دوو کەس بەیەکدەگەن، (خوات لەگەڵ) بۆ کاتێکی دیاریکراوی تر کە جیابوونەوەیە و ناکرێت ئەم دوو نموونەیە شوێن گۆڕکێیان پێبکرێت، چونکە هەر یەکەیان پابەندە بە کاتێکی دیاریکراوەوە لە دەوروبەرێکی فیزیکیی تایبەت (معین: ٢٠٠٥: ٦٨).

لە (١٢/ج) دا دەوروبەری فیزیکی ڕستەکە بە خورتیی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە بە دڵنیاییەوە ساتی دەربڕینەکە پێشساڵی (٢٠٢٠ ز) نییە.

## ٢/١-٢-٤-٢-٢) دەوروبەری کولتووری

مەبەست لەو دەوروبەرەیە کە بە هۆیەوە واتای کۆمەڵایەتی/کولتووریی وشەیەک یان ڕستەیەک لای نەتەوەیەک یان کۆمەڵیەک یان کۆمەڵە کەسانێک، ڕوون دەبێتەوە. "هەموو کۆمەڵیەک کۆمەڵێک یەکەی زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەرێتی لە سەر بیرکردنەوەی تاکەکەنی، پەیوەست بەمەشەوە زاراوەی (دەوروبەری کۆمەڵایەتی) هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێسا و یاسا کۆمەڵایەتییانە لە خۆدەگرێت، کە قسەکەر و گوێگر بە یەکەوە دەبەستێتەوە لە کردەیەکی گەیاندندا"(مەحمود: ٢٠٠٩: ١٤). ئەم دەوروبەرە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ گواستنەوەی واتا لە وەرگێڕاندا (بروانە بەشی سێیەمی ئەم نامەیە).

بەهۆی دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە دەتوانین دەستنیشانی پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر بزانین، ئایا یەکتر دەناسن یان نا، هاوسەرن یان هاورێن، خوشکوبران یان ناسیاوی یەکترن، هەروەها پلە پایەیان، توخم و تەمەنییان، ...هتد. بڕوانە

١٣/ ا) دانیشن باوکەکەم.

ب) وس، کەس لە جێی خۆیەوە قسە نەکات.

لە(١٣/ا)دا و لە لێکدانەوەی دەوروبەرە کۆمەڵایەییەکەدا، جگە لە دەرکەوتنی پلەو پایەی قسەکەر کە بەرزترە لە هەمبەر گوێگران، زانیاریی جیاوازی تەمەنیشمان بۆ دەردەکەوێت، هەروەها دەربڕینی ڕستەکە بە شێوازێکی نەرمە و داخوازییە.

لە (١٣/ب) دا زمانی دەربڕینکە زبرە و فەرماندانە، پلەو پایەی قسەکەر بەرزترە لە هەمبەر گوێگران.

ئاوەزمەندیی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی لە زمانیشدا هەیە، ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئاینی لە کۆمەڵێەکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازی هەیە، هەروەها بە پێی سەردەمیش جیاوازی هەیە و دەگۆڕێت. لە ڕابردوویەکی نزیکدا کۆمەڵی کوردەواری بە فراوانی وشەی (ماڵەوە) ی بەکارهێناوە بەرانبەر(ژن) و پیاو خۆی بە خاوەنی ژن زانییوە، وەک بەشێک لە خانوو و ماڵەکەی لێیڕوانییوە. بەڵام لە ئێستادا کە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە گۆڕراوە، زیاتر وشەی خێزان یان هاوسەر بەکار دەهێنرێت.

١٤/ ا) لە خزمەت مامۆستا شەماڵ ئەم بابەتەم خوێندووە.

ب/ لە لای مامۆستا شەماڵ ئەم بابەتەم خوێندووە.

لە (١٤/ا و /ب) دا جگە لە واتای ئاسایی ڕستەکان، کە بەهۆی گونجاندن و ڕێکخستنی و وشە و فرێزەکان بەدەستخراوە، زانیاریی واتایی زیاتریشمان پێگەیشتووە(هەڵبەتە ئەگەر خوێنەر/گوێگر لە هەمان کۆمەڵ و کولتوور بێت) بە هۆی دەوروبەرە کولتوورییەکەیانەوە. ئەویش

ئەوەیە لە (١٤/ا)دا مامۆستاکە مامۆستایەکی ئاینییە وا باوە، (لە خزمەتی) بۆ بەکاربهێنرێت، چونکە کۆمەڵی کوردی جگە لەو رێزە زۆرەی بۆ مامۆستای بەگشتی داناوە، رێزێکی زیاتریشی بۆ لایەنە ئاینییەکەی داناوە.

١٥) یەکەم: بەزیایی نەکەین؟

دووەم: هێشتا بانگی نەداوە.

لە (١٥)دا زانیاریی و دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش لە نێوان دوو کەسەکەدا هەیە، (بەزیایی نەکەین) بە واتای (کۆتایی پێبێنین؟) هاتووە بۆ (کار/میوانداری)، لە وەڵامی دووەمدا جگە لەوەی (کە هێشتا کاتی نەهاتووە) دەگەیەنێت، دەرخەری پەیوەستبوونیانە بە ئایینێکی دیاریکراوەوە. کاتێک ئەم دەقە لە لایەن ئامێرەوە وەربگێڕدرێت بۆ زمانی ئینگلیزی، گرفت لە تێگەیشتن دروست دەکات؛ چونکە دەربڕینەکە ڕەنگدانەوەی کولتووری کۆمەڵی کوردییە، کە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی بە ئیسلامەوە ئەم دەربڕینەی وەرگرتووە.

زۆرجار  وشەیەک بە بەکارهێنانی لە دەوروبەرێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییدا واتاکەی دەردەکەوێت، لە کوردیدا وشەی (ڕەگ) فرەواتایە، لای پزیشکانی ددان، ڕەگی ددانە. لای جوتیار ڕەگی ڕووەکە، لای مامۆستای بیرکاری دۆزینەوەی ڕەگی ژمارەیە، لای زمانەوان ڕەگی چاوگە. هەروەها زمان نیشاندەرێکی بەهێزی چین و توێژی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرە،  بۆ نموونە لە وڵاتی بەریتانیا تاکەکانی چینی بەرز دەستەواژەی (lavatory paper)یان بۆ (کلینسی تەوالێت)، (luncheon) بۆ نانی نیوەڕۆ،(looking glass) بۆ ئاوێنە و (vegetables) بۆ سەوزەوات بەکاردەهێنا، بەڵام کەسانی تر کە سەر بەو چینە نەبوون (toilet paper)، (dinner)، (mirror) و(greens)یان بەکاردەهێنا.بڕوانە (کریستال:٢٠١٨: ٢٢٣-٢٢٤). سەرئەنجام زمان پێویستیەکی کۆمەڵە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرە، بە هۆیەوە دەتوانین باری کۆمەڵایەتی و دەروونی ئاخێوەر و هەروەها ئاستی خوێندەواری و پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر و سەر بە چ ناوچە و چین و توێژێکن بزانین (دزەیی:٢٠٠٩: ١٢٢). ئەمانە لە وەرگێڕانی ئامێرییدا کەمتر ڕەنگدەدەنەوە، بۆ نموونە ئێستا (بازرگانی) بووە بە (بزنس)، (دڵخۆش) بووە بە (هەپی)،(چێشتلێنەر) بووە بە (شێف) کە ئەمانە توێژێکی دیاریکراوی سەر تەلەفزیۆنەکان بەکاری دەهێنن.

## ٢/١-٢-٤-٢-٣) دەوروبەری دەروونی

دەوروبەری دەروونی گرێدراوی باری سۆز و دەروونی قسەکەرە و ڕەنگدانەوەی لە دەربڕیندا هەیە و کاریگەری لە سەر گوێگر دروستدەکات، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێت. "ئەم جۆرەی دەوروبەر پابەندە بە پلە ڕادەی هەڵچوونی کەسەکەوە، چونکە هیچ هێمایەکی زمان دەستنیشان ناکرێت و بوونی بۆ دانانرێت، ئەگەر بێت و لایەنێکی دەروونی لە پشت ئەو هێما زمانییەوە نەبێت، ئەمەش دەستنیشانی پێش قسە و واتای پاش گوتنەکە دەکات"( معین: ٢٠٠٥: ٦٦). لەم سۆنگەیەوە هەڵبژاردنی وشەکان و شێوازی وتنیان، کاریگەری لەسەر لایەنی دەروونی مرۆڤ بەجێدەهێڵێت بە هەردوو ئاڕاستەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، لایەنی دەروونی مرۆڤ کاریگەرە بە بارودۆخەکان، واتای دەربڕینەکانیشی بە پێی بارە دەروونیەکەی دەبێت چونکە "واتاکان لە بیر و دەروونی مرۆڤدان، دیوە شاراوە و نابەرجەستەکەی زمانن، بۆیە کاتێک دەتوانین لە دەروونی مرۆڤ بگەین، کە ڕەفتارێک بنوێنێت یان زمان بەکاربهێنێت"(ئەحمەد:٢٠٢٠ : ٥). ئێمە ئاسایی وشەی (منداڵ) بۆ مرۆڤێکی پێنەگەیشتوو لە ڕووی تەمەن بەکاردێنین، بەڵام هەمان وشە لە دەوروبەرێکی تری دەروونیدا، قسەکەر بە مەبەستی توانج بەکاریدەهێنێت. ئەم دۆخە زۆر زەحمەتە لە وەرگێڕانی ئامێریدا وێنابکرێت و ڕەنگبداتەوە و ئەو واتایە بەرجەستەبکات. دەبێت وەرگێڕ شارەزایانە لە نێو خودی دەربڕینەکانەوە هەست بە دەوروبەر دەروونیەکان بکات، پاشان هەمان هەست بگوازێتەوە بۆ زمانی ئامانج.

دەوروبەری دەروونی پاڵنەرێکە کە ئاخێوەر زمان بەشێوەیەکی تر بەکاربهێنێ، بە کارهێنانی ئاوازەیەکی بەرز (rising intonation) یان ئاوازەیەکی نزم(falling intonation) لە دەربڕینێکدا کاریگەری جیاواز لە سەر گوێگر دادەنێت(الشیدی:٢٠١١ : ٣٢). بۆ نموونە دەستەواژەی (بەیانیت باش) ئەگەر لەبارێکی دەروونی جێگیر/ئاسایی بوترێت، هێز و ئاوازەیەکی تایبەتی دەبێت و ڕەنگدانەوەی ئەو بارە دەروونییەی قسەکەر دەبێت لای گوێگر، بەڵام ئەگەر قسەکەر مەبەستی بێت بە توانج و تەوسەوە دەریببڕێت، هێز و ئاوازەیەکی تری دەبێت چونکە "ئاوازە زۆرترین کاریگەری لە گەیاندنی هەست و هەڵچوونە دەروونییەکاندا هەیە کە ڕەنگدانەوەی ناخی ئاخێوەرن" (حەمەد :٢٠١٤ :١٣٤). ئەو هێز و ئاوازەی کە توانج دروستدەکات، وەرگێڕێکی ئاسایی دەتوانێت ئاماژەی پێبدات، بەڵام ئامێر پەی بەم لایەنە دەروونییە و قسەکردن بە تەوسەوە نابات.

## ٣-٢/١) واتا و جۆرەكانی

"(واتا) زاراوەی ناوجەرگەیی و ناوەندی سیمانتیکە و نرخی هێما و کرۆک و هێزی گەیاندنە، بەبێ واتا شیوەو بیچمی هێمایەک هێما نییە، بەڵکو تەنها فۆرمێکی بۆشە. > واتا < بە هێزی وشەکان دانراوە" (مەحویی :٢٠٠٩ : ٢٢).

لە ڕێزمانی چاولێکەریدا وا باوبوو، کە (وشە) ئەو یەکەیەیە، واتای تێدا هەڵگیراوە، هەروەک چۆن لە فەرهەنگێکی ئاساییدا وشە و واتاکەی نوسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر سەیری وشە بکەین وەک ئەو پەیوەندییەی نێوان فۆرم و واتا، ئەوا هەمیشە لە ڕووی واتاوە یەک واتا بەدی ناکرێت، کە ئەمەش زۆرجار گرفتی وەک لێڵواتایی لێدەکەوێتەوە.

ئەم بۆچوونەی ڕێزمانی تەقلیدیی هەڵەبوو لەبەر دوو هۆ:

١_ واتا لە ڕستە یان یەکەی گەورەتر هەڵگیراوە نەک وشە. بۆ نمونە وشەی (Table) لە زمانی ئینگلیزیی نازانرێت واتاکەی (مێز)ە یان (خشتە)یە، پێویستە ئەو وشەیە بخرێتە دەوروبەرەوە ، ئەگەر:

ا_ لەگەڵ وشەکانی تری وەک (دانیشتن، کورسی، نانخواردن،...هتد) بەکارهات ئەوە واتای مێزە، بڕوانە نموونەی (١٦).

١٦) کورسی و مێزەکان بێنن.      Brings tables and Chairs.

ب _ لەگەڵ وشەکانی تری وەک (کێشان، پەڕە، لێکدان، ئامار،...هتد) بەکارهات ئەوە واتای خشتەیە. بڕوانە نموونەی (١٧)

١٧) خشتەی لێکدان لەبەرکەن.      Memorize the multiplication table.

٢- وشەیەک چەند شێوەیەک بەکارهێنانی هەیە

بۆ نموونە (ڕۆیشتن، دەڕۆم، ڕۆیشتم)

ڤەندەریس پێی وایە ئەوەی بەهای وشە دیارییدەکات، دەوروبەرە. بەکارهێنانی هەرجارێکی وشەکە واتایەکی کاتی دەداتێ، لەگەڵ ئەوەی کە وشەکە چەندین واتای هەیە، بەڵام دەوروبەر بەهای دانەیەکیان دەچەسپێنێ و وشەکە ڕزگاردەکات لەو چەندین واتایەی، کە پێشتر کەڵەکەبوون لە سەری و لە ئێستادا/لەکاتی بەکارهێناندا نرخێکی بۆ دادەنێت (بخولە: ٢٠١٣).

ئەو ژینگەیەی مرۆڤی تیا دەژی بەردەوام لە گۆڕاندایە، زمانیش هاوشانی گۆڕانی کولتووریی و لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جۆری ژیان بەردەوام لە گۆڕاندایە، لە خودی زمانیشدا گۆڕان لە وشەدا خێراتر و ئاسانتر ڕوودەدات بەراود بە ئاستی فۆنۆلۆژی و سینتاکس، بۆ نموونە وشەیەک لە پێشدا یەک واتای هەبووە بەڵام لە ئێستادا چەند واتاییەکی هەیە، وەک وشەکانی (گەڵا) و (دەفتەر) و (بلۆک) کە گۆڕانی واتایان بەسەرداهاتووە و لە بواری بازرگانیی و ئابووری بەکاردەهێنرێن(ئەحمەد: ٢٠١٨: ٥٨). پەیوەست بە گۆڕانی واتای وشەکانیشەوە "کاتێک کە وشەکانی زمان بەشی ئەو هەموو گەشە و گۆڕان و پێشکەوتنانە ناکەن، پەنا دەبرێتە بەر بەکارهێنانی وشەیەک بۆ چەند واتا و مەبەستێک"(محەممەد:٢٠١٠: ٣٥)، چونکە "زانین بێ دواییە و کەرەستەی دەوڵەمەنترین زمان لە چاویدا کەمە و کۆتایی هەیە" (حەمەئەمین، ڕەشید: ٢٠١٩: ٨٦). ئەم بابەتە دەکرێت لە ڕوانگەی ئابووریکردن لە زمانیشدا لێیبنواڕین، ژمارەی واتاکانی فرەواتا زۆر زیاترە لە ژمارەی فۆرمەکانی، ئەمەش بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و گۆڕان لە بیرکردنەوە و...هتد، کە وایکردووە واتای زیاتر لەسەر فۆرمەکان باربکرێن. بۆ نموونە وشەی (ماوس/Mouse)ی ئینگلیزی سەرەتا بە واتای مشک بەکارهاتووە و ئێستا جگە لەو واتایە بە واتای ماوسی کۆمپیوتەریش دێت. هەروەها وشەی (ددان) سەرەتا بۆ ددانی مرۆڤ و گیانداران بەکارهاتووە، دواتر بە هۆی کشانی واتاوە لەگەڵ دەرکەوتنی (ئامێری مشار) و(شانە)، ئێستا بۆ ددانەکانی ئەوانیش بەکاردێت(دزەیی: ٢٠١٥: ١٢٥).

وشەکان بە واتای فەرهەنگییان هەموو کات نامانگەیەنن بە واتای ڕاستی وشەیەک، چونکە ئەو یەکانە بە تەنیا بەکارنایەن، بەڵکو بە پێی دەوروبەری زمانی و ئەو بارودۆخەی کە تێیدا بەکاردێن دەگەین بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە. (فەرەج: ٢٠١٣: ٥٤). بۆ نموونە وشەی (خوارد) بەپێی بەکارهێنان چەند واتایەکەی هەیە، بڕوانە نموونەی (١٨).

١٨/ ا) ئارين نانی خوارد.

ب/ ئارين مستەكۆڵەيەكی خوارد.

پ/ ئارين پارەكەی خوارد.

ت/ ئارين ناوجەرگمانی خوارد.

لەنموونەكاندا بە هۆی دەوروبەرەوە درک بە واتاكە دەكرێت، لە (١٨/ا)دا (خوارد) بەواتای بنەڕەتی خۆی بەكارهاتووە و پێویستییەكی بایۆلۆژییە بۆ بەردەوامی ژیان. لە (١٨/ب)دا بو واتای (بەركەوت) هاتووە و لە (١٨/پ)دا بەواتای (دەستبڕين و تەڵەكەبازی) هاتووە، وە لە (١٨/ت)دا بەواتای (وێرانكردن و جەرگ كونكردن) هاتووە. ئەو دەوروبەرەی ئەم واتايەی رونكردۆتەوە، لەكاتی وەرگێڕاندا هەر ئەو دەوروبەرە پێمان دەڵێت واتای ڕاستەقينە كامەيە! وەرگێڕانەكەمان واتا ڕاستە يان نا. جياوازی سەرەكی نێوان واتای فەرهەنگی و واتای دەوروبەری لە فرەواتايی و يەكواتاييدا كۆدەكرێتەوە، لەم سۆنگەيەوە زمانەوانان بايەخيان بە واتای دەوروبەريی و ڕۆڵی دەوروبەر لە دياريكردنی واتادا داوە.

هەموو وشەيەک واتايەكی فەرهەنگی هەيە، كە تاڕادەيەكی زۆر لای ئاخێوەرانی زمانێک زانراوە و گشتييە و كۆكن لە سەری، بۆ نموونە وشەی (دار) كە واتا فەرهەنگيەكەی (درەخت)ە، بەڵام لە بەكارهێناندا مەرج نييە بەو واتايە بەكاربهێنرێت و خودی بەكارهێنانەكە دەبێتە دياريكەری واتای وشەكە، چونكە هيچ كەرەستەيەک بە تەنيا بە هاى خۆی وەرناگرێت تا نەخرێتە ناو دەوروبەری بەكارهێنانی لە دروستەی گەورەتردا(بخوله: ٢٠١٣).

لە پۆلكردنی جۆرەكانی واتادا، چەند جۆرێک خراونەتە ڕوو، ليچ(Leech) سێ جۆری دياريكردووە كە بريتين لە (واتای هۆشەكی)، (واتای بابەتی) و (واتای باركراو، كە ئەميش دابەشكراوە بۆ (لاوەكی، شێوازی، دەروونی، ڕەنگدانەوە)). هەروەها محەمەد مەعروف و تاڵيب حوسەين بەهەمان شێوە لەسەر پۆلێنەكەی ليچ رۆيشتوون. عەبدولواحيد موشير دزەيی لە كتێبی (واتاسازی)دا حەوت جۆر واتای دەستنيشانكردووە (فەرهەنگی، باركراو، شێوازی، دەروونی، ڕەنگدانەوەيی، هاوڕێيەتی، بابەتی)، بڕوانە(عەلی: ٢٠١١: ٢١-٢٦) و (فتاح: ٢٠١١: ١٦٠-١٦٦) و (دزەيی: ٢٠١٥: ٨٦). هەروەها لە پۆلكردنی واتادا هەندێ لە توێژەران بەپێی فۆرمی دانە زمانييەكان پۆلێنی

واتایان کردووە، واتا هەندێکیان (وشە)یان دەستنیشانکردووە بۆ لێکۆڵینەوەی واتا و هەندێکیشیان ڕستەیان دەستنیشانکردووە وەک توخمی بنچینەیی واتا، بڕوانە(معین: ٢٠٠٥: ٩). پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیە، واتا بۆ دوو جۆری سەرەکی پۆلدەکەین، واتای فەرهەنگی و واتای دەوروبەری، بڕوانە هێڵکاری(٧ ).




هێلکاری ژمارە (٧)

(پۆلکردنی واتا)

## ١-٣-٢/١) واتای فەرهەنگی/بنەڕەتی

واتای فەرهەنگی بریتییە لەو واتایەی کە لە فەرهەنگی زمانێکدا تۆمار دەکرێت و ئاخێوەرانی زمانێک لەسەری کۆکن و چەسپاوە لە لایان. "لە واتای فەرهەنگیدا پێویستە هێما لە یەک واتا زیاتر هەڵنەگرێ" (معین: ٢٠٠٥: ٩)، زۆر جار ئەم واتایە بە (واتای سەرەکی) ناوبراوە. مەبەست لەو واتایەیە کە بەتەنیا/بەبێ بەکارهێنان لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە. "لە فەرهەنگدا هەم واتای فەرهەنگی وشەیەک و هەم بەهای نیشانەکانی "ــ"، "+" تۆمارکراوە" (مەحویی: ٢٠٠٩: ١٤٧). بڕوانە وشە فەرهەنگییەکانی (پیاو، ژن، کوڕ، کچ) لە نموونەی (١٩)دا :

١٩)



له نێوان وشەکانی (پیاو، ژن، کوڕ، کچ)دا نیشانەی واتایی(Semantic feature) هاوبەش و جیاواز هەن (بڕوانە: فتاح: ٢٠١١: ١٧٦)، لە بەربوونی نیشانەی جیاواز ناتوانرێت لە بری یەک بەکاربێن بەم واتا فەرهەنگییەوە. (بەڵام ئەم وشە فەرهەنگییانە دەکرێت لە چێوەی جۆری تری واتادا بەکاربهێنرێت)، (ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٨). بڕوانە نموونەی (٢٠).

٢٠/ ا) کراسی پیاوەکە سپییە.

ب/ لەو خزمانەتا بەس ئەیوب پیاوە.

لە (٢٠/ا)دا (پیاو) بەواتای فەرهەنگی خۆی بەکارهاتووە بە تەواوی نیشانە واتاییە چەسپاوەکانی، بەڵام لە (٢٠/ب)دا (پیاو) بە واتای خواستراو بەکارهاتووە و مەبەست زیاتر لە نیشانەی ناچەسپاوی ترە، وەک (+مەردی، +جوامێری، +دەسەڵات،..هتد.) نەک (+نێر،+ژنهێنان)، چونکە بەو نیشانە ناچەسپاوەوە دەکرێت بۆ ڕەگەزی (مێ)ش بەکاربێت، بڕوانە نموونەی (٢١).

٢١) شیرین پیاوە نەک گاڵتە.

ئامێر توانای دەرخستنی ئەم دیوە شاراوانەی واتای نییە، لە بەشی سێیەمی ئەم نامەیەدا بو ورديی لە بارەیەوە دەدوێین. وەرگێڕ لە دەوروبەردا پەی بەم واتایانە دەبات و لە زمانی ئامانجدا هاوتای گونجاویان بۆ دەدۆزێتەوە.

## ٢/١-٣-٢) واتای دەوروبەری

ئەو واتایەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکان دروست دەبێت لە چێوەی دەوروبەری زمانی و بارودۆخیدا، بەو مەرجەی گۆڕانێک لە واتاکەدا بەدی بکرێت هەمبەر بە واتا فەرهەنگییەکەی.

ڕوونکردنەوەی زیاتری واتای دەوروبەری بەپێی جۆرەکانی واتای دەوروبەری و نموونەی جۆرەکانی بەم شێوەیە دەخەینەڕوو:

## ٢/١-٣-٢-١) واتای گراماتیکی

بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکان لە دەوروبەرە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکاندا واتای تری لێدەکەوێتەوە."هەر کەرەستەیەکی زمانیی لە ڕستەدا توانی ڕۆڵێک یان ئەرکێکی ڕێزمانی بەجێبهێنێ، ئەوا ئەو بەشە ئاخاوتنە واتادار دەبێت"(محەممەد: ٢٠١٠: ٢٦)، یان "بەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو لەگەڵ لاگرەکان و گیرەکەکان و لە فرێز و ڕستە جۆربەجۆرەکاندا، واتای گراماتیکی لێدەکەوێتەوە"(ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٩).

مەرج نییە وشە فەرهەنگییەکان بە هەمان نیشانەی واتایی فەرهەنگی خۆیانەوە بەکاربێنەوە لە دروستە گراماتییەکاندا، بۆ نموونە وشەی (پیاو) لە نموونەی (٢٠/ ا)دا خاوەنی نیشانە واتاییەکانی (+مرۆڤ. +هەراش، + نێر، +ژنهێنان)بوو، بەڵام لە چێوەی بەکارهێنانێکی گراماتیکیدا، واتای گراماتیکیشی سەربار دەبێت، بڕوانە نموونەی (٢٢).

٢٢/ ا)



ب/




پێویستە ئەوە بڵێین کە واتای گراماتیکی لە واتای فەرهەنگی دوورناکەوێتەوە، بەڵکو تەنها هەندێ زانیاری گراماتیکی/نیشانەی گراماتیکی زیاتریان پێدەدا. لەسەر ئاستی ڕستەش گۆڕینی شوێنی کەرەستەکان (ئەگەر نەبێتە هۆی ناڕاستی واتا)، ئەوا ڕۆڵی کارا و کارتێکراو دەگۆڕن، بڕوانە نموونەی (٢٣).

٢٣/ا) ئێوە ئەوان بگۆڕن.

ب/ ئەوان ئێوە بگۆڕن.

لە (٢٣/ا)دا (ئێوە) جگە لە واتای فەرهەنگی خۆی، ڕۆڵی واتایی (کارا)ی وەرگرتووە، بەڵام لە (٢٣/ب)دا ڕۆڵی (کارتێکراو)ە.

## ٢/١-٣-٢-٢) واتای میتافۆری

واتای میتافۆریش لە دەوروبەری بەکارهێنانەوە دروستدەبێت، وشە فەرهەنگییەکان لە دەرەوەی دەوروبەردا بە واتای فەرهەنگی خۆیان گەنجکراون، بەڵام لە بەکارهێنانداو بە هۆی کاریگەری دەوروبەرەکەیەوە پێشبینی واتای جیاوازیشی لێدەکرێت ,بڕوانە نموونەی (٢٤).

٢٤/ ا) هاتووین بۆ داوای ئەو گوڵەی باخەکەتان.

ب/ دەمانەوێت ئازاد بکەیت بە کوڕی خۆتان.

لە (٢٤/ا)دا (گوڵ) لە کێڵگەی واتایی خۆیەوە، کە ڕووەکە گواستراوەتەوە بۆ کێڵگەیی واتایی مرۆڤ کە مەبەست لێی (کچ)ە، لە (٢٤/ب)دا مەبەست لە وشەی (کوڕ) زاوایە، نەک ئەوەی ناسنامەکەی بکات بە ناوی خۆیەوە. چونکە "هەموو ئەو وشە و فرێز و ڕستە و دەربڕاوانەی، کە واتای میتافۆرییان هەیە، واتای فەرهەنگیشیان هەیە، بەڵام گوێگر هەمیشە بیری بۆ لای واتا میتافۆرییەکە دەچێت، نەک واتا فەرهەنگییەکە" (ئەحمەد: ٢٠١٨: ٤٠) بڕوانە نموونەی(٢٥).

٢٥) کوڕی من شێرە.

لە (٢٥)دا (شێر) بە واتا میتافۆرییەکەی بەکارهاتووە و هیچ لێڵیەکیشی تیا نییە، چونکە مەبەست نییە کە نیشانە فەرهەنگییەکانی (+ ئاژەڵ، +/ـ نێر، + گۆشتخۆر)ی بۆبەکاربێت و تەنها نیشانەی (+ ئازایەتی/چابوک)ی لێوەرگیراوە بڕوانە لاپەڕە (٦١-٧١).

ئەگەر ئەو ڕستانەی (٢٤، ٢٥) بدرێن بە ئامێری وەرگێڕان، ئەوا بێگومان واتا ڕاست دەرناچن، چونکە میتافۆرییانە بەکارهاتوون و پاشخانی کولتووریی و دیدوڕوانگەی ئاخێوەر لە زمانی سەرچاوەدا مەرج نییە پەیکاڵ بێت لەگەڵ زمانی ئامانجدا. لە بەشی سێیەمی ئەم نامەیەدا، بە وردیی باسمان لە گرفتی وەرگێڕانی میتافۆر کردووە(بڕوانە نموونەکانی ٩٣ و ٩٤ لە بەشی سێیەمدا).

### ٢/١-٣-٢-٣) واتای ئیدیەمی

ئیدیەم کۆمەڵە وشەیەکە پێکەوەدێن، واتایان لە دانە دانەی پێکهێنەرەکانیەوە دەستناکەوێت، بەڵکو پێکەوە وەک سێتێک واتایەکی ئیدیەمی دەبەخشن. بەگشتی واتایان لێڵ و تەمومژاوییە، پێشبینی ناکرێت مرۆڤ بۆ یەکەمجار بیبیستێت لە واتاکەی تێبگات، بەڵکو بەهۆی دوبارەبوونەوە و دەوروبەر و حاڵەتی کۆمەڵایەتییەوە، واتاکەی دەزانرێت، بڕوانە نموونەی (٢٦).

٢٦) پێی لە جەرگی خۆی نا.   [بە ناچاری کارێکی کرد]

لە نموونەی(٢٦)دا واتای وشەکانی دەربڕینەکە، لە واتای سەراپای دەربڕینەکە جیاوازە، واتە لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە سەرچاوەی نەگرتووە. بە هۆی ئەم واتایەوە، وەرگێڕ زۆرجار دووچاری سەرلێشێوان دەبێت، بەتایبەت ئەگەر دەربڕینەکە نەناسێتەوە و واتای ئیدیەمیەکەی فەرامۆش بکات، بڕوانە لاپەڕە (٤٥- ٥٢) .

## ٢/١-٣-٢-٤) واتای بارودۆخی

ئەم واتایە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانە لە بارودۆخێکدا و لە ڕێگەی کەرەستەی ئاسایی زمانەوە ناگات. واتای فەرهەنگی و زمانی کاریگەرن بە بارودۆخەکان، تێگەیشتنی ڕاست لە واتای دەربڕاوەکە بەهۆی فاکتەرەکانی فیزیکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبێت. بڕوانە نمونەکانی (١٣) و (١٤) و (١٥)، هەروەها بڕوانە نمونەی (٢٧).

٢٧/ ا) شەڕە ژنە.

ب) ؟شەڕە خانمە

پ) خانمی یەکەمی عێراق سەردانی زانکۆ دەکات.

ت) ؟ژنی یەکەمی عێراق سەردانی زانکۆ دەکات

لە (٢٧)دا ڕۆڵی واتای دەوروبەریی ڕوون دەبێتەوە، ئەوەی کە ڕێگەی داوە (٢٧/ا، پ) واتا ڕاستبن و ڕێگەی نەداوە (٢٧/ب، ت) ڕاستبن، دەوروبەر و باری کولتووریی و کۆمەڵایەتییە، چونکە وشەی (خانم) لە ئاوەزمەندی کورددا بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیر و بەرزتر بەکاردێت، کە ناکرێت هاوڕێیەتی لە گەڵ وشەی (شەڕ) بکات. دەوروبەری زمانیی (یەکەمی عێراق، سەردانی زانکۆ ) وشەی /خانم/ پەسەند دەکات نەک وشەی /ژن/، بەڵام ئایا ئامێری وەرگێڕان ئەم جیاکارییە دەکات، ئایا ئەگەر یەکێک لەو ڕستانە بۆ زمانێکیتر وەربگێڕدرێن، واتایەکی ڕاست و بارگاوی بە لایەنی ڕێز دەگاتە ئاخێوەری زمانی ئامانج؟

# بەشی دووەم

# دەربڕینە چەسپاوەکان

## بەشی دووەم: دەربڕینە چەسپاوەکان

### ١/٢) دەربڕین

گوزارشتکردن/دەربرین لە خود و بیروبۆچوونەکان لە شێوەی/فۆرمی وشەدا، لە ڕێگەی کردەیەکی ئاڵۆز و فرەلایەن دەبێت، پشتبەستە بە کۆزانیارییەکانمان دەربارەی واتای وشەکان و یاسا و تایبەتمەندییە ڕێزمانی و فۆنۆلۆژییەکان. چەقی ئەم پرۆسەیە بە فەرهەنگی ئاوەزیی(Mental lexicon) ناودەبرێت، کە زانیارییەکان دەربارەی وشە و واتا و یاسا سێنتاکسییەکان ڕێکدەخات لە پێناو دروستەی گەورەتر وەک فرێز و ڕستە( Sprenger: 2003: ١). بەهۆی دەربڕینەوە، بیروبۆچونەکان، هەست و سۆزەکان، دەخرێتەڕوو لە شێوەی فۆرمی زمانیی و بە پێی توانستی ئاخێوەران؛ واتە دەربڕین توانستی گواستنەوەی بیر و سۆزە بە ناوەندی زماندا.

کاری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە واتادایە و کاری واتاسازیش بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە واتا، چ واتای وشەبێت یان ڕستە، بە فراوانتر بدوێین لێکۆڵینەوەیە لە واتای دەربڕاوەکان. بێگومان هەموو دەربڕینێک خاوەنی واتایەکە لە بەکارهێناندا، بەشێک لە دەربڕاوەکان لای ئاخێوەرانی زمانێک خاوەنی واتای ڕوونن، تەنانەت لای ئەوانەش کە وەک زمانی دووەم فێریبوون و بەکاریدەهێنن، ئەمەش بەهۆی ئاشنابوون لە پێکهاتەیەک لە واتای فەرهەنگی و واتای دەوروبەری زمانیی و کولتووری و ڕێزمانی زمانەکە. بەشێکی تریش لە دەربڕاوەکان سەر بەم پۆل و پێکهاتەیە نین، بەتەواوی یان بە ڕێژەیی ملکەچی هەمان یاسای پێکهاتەیی دەربڕاوەکانی تر نین، بڕوانە نموونەکانی (٢٨، ٢٩).

٢٨/ ا) هیچ شتێکی لە بەردەم نییە.

ب) هیچ شتێکی لە بەردەست نییە.

٢٩/ ا) هیچ شتێکی لە بەرچاو نییە.

له (٢٨/ا، ب)دا پێکەوەهاتنی وشەکان لە دروستەی فریز و ڕستەکاندا ئازادن(ئازاد بەو واتایەی کە ڕێگە بە گۆڕانکاری دیاریکراو دەدەن، نەک ئازادیی ڕەها)، هەربۆیە بە دەربڕینی ئازاد دەناسرێن بەڵام، لە (٢٩)دا پەیوەست بە دروستەی زانیارییەوە واتای دەربڕاوەکە ڕووندەبێتەوە، چونکە ئەگەر بە واتای فەرهەنگی لێکبدرێتەوە وەک دەربڕینێکی ئازادە و واتاکەی لە کۆی واتای وشەکانەوە بەدیدێت، بەڵام هەر هەمان ڕستە واتایەکی ناپێکهاتەیی دەدات، کاتێک ئاخێوەری زمانی کوردی بەواتای (کەسێکی سپڵە) بەکاریدەهێنێت و واتاکەی لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە نایەت و وەک دەربڕینێکی چەسپاو دەناسرێت.

سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە دەربڕاوە چەسپاوەکاندایە، کە هەمبەر دەربڕینە ئازادەکانن و گرفتی زیاتریان لە وەرگێڕاندا هەیە. تێگەیشتن یان ناسینەوەی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی سەرچاوە و دۆزینەوەی هاوتای لە زمانی ئامانجدا بۆ وەرگێڕی مرۆیی کارێکی گرانە، چ جای وەرگێڕی ئامێریی، کە گرانتر دەبێت.

## ٢/٢) دەربڕینە چەسپاوەکان

نیشانەیەکی جیهانیی زمانەکانن. سامانێکی گەورە و بەپێزن، سەرچاوەکەی پوختەی ئەزموون و ئاوەزمەندی و باوەڕ و کولتووری گەلانن. ئاخێوەرانی زمان ڕۆژانە بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستیان، بەپێی شێواز و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بۆ بەهێزکردنی قسەکانیان، سوودی لێدەبینن و بەکاریدەهێنن.

وەکو دیاردەش دەربڕینە چەسپاوەکان جێی گرنگیپێدانن لە چەندین ڕەهەندەوە، وەک توێژینەوە لە زمانەوانی و زانستی فەرهەنگسازی(Lexicography)، دەروونناسی، وەرگێڕان و...هتد. لە ڕووی دروستەییەوە ئەم دەربڕینانە بەوە دەناسرێن کە تاڕادەیەک جێگیرن و چەسپاون "دەربڕینە چەسپاوەکان ئەو دەربڕینانەن، کە کەمتر ڕێ بە گۆڕانکارییە سینتاکسییەکان دەدەن و چەسپاو و قاڵببەستوون" (ئەحمەد: ٢٠١٢: ٥٦).

زمانەوانەکان لە پۆلکردنی دەربڕاوە چەسپاوەکاندا هاوڕانیین. لە ژێر ناوی/زاراوەی زانستی جیاوازدا و بە پێی چەسپاوییان پۆلیانکردووون. لەم ڕووەوە (Wouden) زاراوەی (Collocation) بۆ

هەموو دەربڕینە چەسپاوەکان بەکارهێناوە، (Everaret) زاراوەی (Idiom) بەکارهێناوە بۆ ناساندنی هەموو چەشنەکانی ئەو دەربڕینانە (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە).

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، کار لە سەر چەند چەشنێکی ئەم دەربڕاوانە کراوە وەک (ئیدیەم، میتافۆر، پێکەوەهاتووەکان، پەند) کە وەرگێر لە پێواژۆی وەرگێڕاندا ڕووبەڕووی گرفتی زۆر دەکاتەوە. گرفتەکان لە بەشی داهاتووی لێکۆڵینەوەکەدا دەخەینەڕوو، بە تایبەت ئەو گرفتانەی لە وەرگێڕانی ئامێریی ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبنەوە.

## ١-٢/٢) ئیدیەم

ئەگەر بە وردی گوێ لە گفتوگۆی ڕۆژانەی کەسەکان بگرین، دەبینین چەندین دەربڕین بەکاردەهێنن کە پێشتر ئامادەکراو و ڕێکخراون، وەک (ساجی عەلی، ناردی بۆ کەوەر،...هتد)، ئەم دەربڕاوانە داهێنانی کەسەکان نیین، بەڵکو گەنجێکی زمانیی قسەپێکەرانی ڕەسەنی ئەو زمانەن و واتا و فۆرمی ستاندارن و ئاخێوەران کۆکن لەسەریان. زاراوەی زانستی بۆ ئەم جۆرە لە دەربڕاوە چەسپاوەکان (ئیدیەم)ە.

لە ڕووی زمانەوانییەوە شارەزایانی کورد لە توێژینەوەکانیاندا، تیشکیان خستۆتە سەر ئەم دەربڕاوانە، ئەوڕەحمانی حاجی مارف زاراوەی فرێزیۆلۆجی/فرێزی گیراوی بۆ ئیدیەم بەکارهێناوە، پێی وایە کە بەهۆی پێکەوەهاتنی وشەکان، فۆرمێکی فرێزیی خاوەن واتایەکی ناپیتیی دروستدەبێت. "لە یەکگرتنی هەندێک وشەدا، واتای تایبەتی پەیدادەبن و بەم جۆرە فرێزانە دەڵێن فرێزیۆلۆجی(ئیدیەم)"(حسەین:٢٠٠٩: ٣٢). بۆچوونەکە لێرەدا بەو جۆرەیە کە دروستەی ئیدیەمەکان لە فۆرمی فرێزدان، بەڵام چەندەها ئیدیەممان هەیە لە فۆرمی ڕستەدا خۆیان دەنوێنن. بڕوانە نموونەکانی (٣٠).

٣٠/ ا) لە گوێی گادا نووستووە. [بە کەسێکی بێئاگا دەوترێت]

ب) ڕێوی بە پیرییەوە هاتووە. [ بە کەسی بە بەخت دەوترێت] (عەلی: ٢٠١٢: ٢٧٥).

نەسرین فەخری لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناونیشانی (هەندێ زاراوە و ئیدیەمی کوردی ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەیان لە ڕووی زمانەوە)، بەمجۆرە پێناسەی ئیدیەمی کردووە: " دەستە وشەیەکی جودا جوداو تێکەڵ و سەربەخۆی زمانە پێکەوە واتایەکی تازە و تایبەتی و جوان و سفت و تیژ دروست دەکەن سەرەڕای ئەوەی کە زاراوەیەکی بەهێز دەهێنێتە کایەوەو دەیانخاتە سەربارێکی پەسەندو چەسپاو" (حسەین: ٢٠٠٩: ٣٧).

محەمەد مەعروف فەتاح پێناسەی ئیدیەمی بەمجۆرە کردووە، بریتییە " لەو تێکەڵیی و تێکچڕژانەی کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن، ئەو واتایەی کە دێتە کایەوە (لە ئەنجامی ئەو تێکەڵییەوە) لە واتای کەرتەکانەوە یان لە پەیوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانەوە پێشبینی ناکرێت" (سەرچاوەی پێشوو:٤٠) بەپێی ئەم پێناسەیەش بێت، فۆرمی ئیدیەم لە ڕووی دروستەوە ناسادەیە و لانی کەم لە دوو کەرت پێکدێت و لە ڕووی واتاشەوە لە واتای تاکیی پێکهێنەرەکان و ڕیزبوونی ڕێزمانی وشەکانییەوە، واتای ئیدیەمەکە بە دەستناهێنرێت.

(حسەین: ٢٠١٢: ٨) ئیدیەم وەک چەشنێکی دەربڕاوە نادارِشتەییەکان/ناپێکهاتەییەکان دەناسێنێت کە "واتای سەرتاپای دەربڕاوە ئیدیەمەکە پێکەوە لە واتای پیتی/ فەرهەنگی یەکە یەکەی وشە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەستناهێنرێت و لە ڕووی پێکهاتن و فۆرمەوە بە دەربڕاوی چەسپاو و جێگیر جیادەکرێنەوەو یەک گۆکردنیان هەیە".

بەو پێیەی کە ئیدیەم دیاردەیەکی جیهانی زمانەکانە، شارەزایان و زمانەوانان بەپێی پەیوەندییان پێناسەیان بۆ دیاردەکە خستۆتەڕوو. کریستاڵ (Crystal: 1992: 180) پێی وایە ئیدیەم "زنجیرە وشەیەکی پێکەوەهاتوون، لە ڕووی سیمانتیکیی و زۆر جار لە ڕووی سینتاکسییەوە، چەسپاون، بە شێوەیەک کە وەک یەکەیەک ئەرک دەبینن". هەروەها تراسک (Trask: 2007: 114) جەختدەکاتەوە کە ئیدیەم دەربڕینێکە واتاکەی لە واتای وشە پێکهێنەرەکانییەوە نایەت. بەلای ماسیۆ(Matthews)وە ئیدیەم سێتێک دەربڕینە کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت، لە ڕووی سینتاکسەوە یەکانگیرن، لە ڕووی واتاوە وەک یەکەیەکی فەرهەنگی دەنوێنرێت( Jabbari: 2016: ٥٠٧).

یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئیدیەم کە بەهۆیەوە لە جۆرە دەربڕینەکانیتر جیادەکرێتەوە، ئەوەیە کە کۆی واتای فەرهەنگی پێکهێنەرەکانی ناکاتە واتای ئیدیەمەکە، " ئیدیەم دەربڕینێکە واتای گشتی

نازانرێت بەزانینی واتای تاکەتاکەی پێکهێنەرەکانی و ڕیزبوونیان، لەم بارەشدا واتاکەی بە ئیدیەمی دەناسرێت(Idiomatic)" (عمر: ۱۹۹۸: ۳۳)، (بڕوانە نموونەی (۳۱).

(۳۱)

| دەربڕینی ئیدیەمی | واتای فەرهەنگی/پیتی | واتای ئیدیەمی |
|---|---|---|
| چنگ لەسەرشان | کەسێک/گیاندارێک کە چنگی لە سەرشانی دانابێت | هەڵهاتن بە خێرایی |

ئیدیەمی (چنگ لەسەرشان) بە واتای فەرهەنگی پێکهێنەرەکانی بێت، زۆر جیاوازە و واتاکەی دووردەکەوێتەوە لە واتای سەرتاپای ئیدیەمەکە، دەربڕاوەکەش بە گشتی لای ئاخێوەرانی کورد بە واتای فەرهەنگی نایەت، ئەم واتا ئیدیەمیەش ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی یان کۆکبوونی کۆمەڵی لەسەرە.

زمانەوانەکان ئەگەرچی لە گۆشەنیگای جیاجیاوە پێناسەی ئیدیەمیان کردووە، بەڵام لە بۆچوونەکانیاندا تاڕادەیەک لە یەکترەوە نزیکن. پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیە، بە پشتبەستن بە لایەنە زانستییەکانی پێناسەکانی پێشوو، ئەو پێناسەیەمان لا گەڵاڵە دەبێت کە: ئیدیەمەکان جۆرێکن لە دەربڕاوە چەسپاوەکان، لە ڕووی فۆرمەوە ناسادەن و لە ڕووی واتاوە ناپێکهاتەیین و لێڵن و وابەستەن بە کولتووری گەلانەوە، پێشبینیی بوونی دەکرێت لە هەموو زمانەکاندا بەڵام بە فۆرم و واتای جیاوازەوە، هەرئەمەش وایکردووە کە وەرگێڕانی ئاسان نەبێت.

## ۲/۲-۱-۱) تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم لە ڕووی دروستەوە

ئیدیەم بەشێوەیەکی ئاسایی لە پاڵ دەربڕاوەکانی تردا بەکاردێت، بە هەمان شێوەی دروستە ڕێزمانییەکان، پەیڕەوی یاسا و دەستوری زمانی دیاریکراو دەکات. وەک لە پێناسەکاندا هاتووە لە وشەیەک زیاتر پێکدێت، بەو واتاییەی فۆرمێکی ناسادەی هەیە.

یەکێک لەو فۆرمانەی ئیدیەمی تێدا دەردەکەوێت، بریتیە لە ڕستە. بە هەمان شێوەی ڕستەی ئاسایی، ڕستەی ئیدیەمی پەیڕەوی یاسا سینتاکسییەکان دەکەن لە لێکدان و سەرە و ڕیزبوونی وشەکانەوە(بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێڕەوی زمانە جیاوازەکان، بڕوانە (ئەمین: ٢٠٠٩: ٣٧-٣٨))، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ڕستەی ئاساییدا لە چەسپاوی فۆرمیدایە. واتە لەڕووی ڕستەسازییەوە خاوەنی کۆتوبەندە، بڕوانە نموونەکانی (٣٢) و (٣٣).

٣٢) کوڕەکە نان دەکڕێت.

٣٣) کێچ کەوتە کەوڵی. [بێئارام]

لە(٣٢)دا لە واتای فەرهەنگی و گراماتیکی کەرەستەکانی ڕستەکەوە هاتووە، هەرچی واتای (٣٣)ە لە پێکهێنەرەکانییەوە پێشبینیی نەکراوە، بەڵکو ڕستەکە وەک یەک لێکسیم بە واتای [بێئارام] هاتووە.

فۆرمێکی تری ئیدیەم بریتییە لە فرێز. ئەم جۆرە فرێزە واتای فەرهەنگی یەکە پێکهێنەرەکانی ناکاتە کۆی واتای فرێزە ئیدیەمێکە، بەڵام پێکهاتەی سینتاکسی هەمان فۆرمی فرێزی ئاساییە، بڕوانە نموونەکانی (٣٤) و (٣٥).

٣٤) <مریشکی کوردی>

٣٥) <کەڵەشێری ناوەخت> [نەهامەتی] (عەلی: ٢٠١٢: ٣٦٣)

واتای نموونەی (٣٤) کە فرێزێکی ئاساییە لە یەکە پێکهێنەرەکانییەوە هاتووە، (بۆ زانیاری زیاتر لە سەر جۆرەکانی فرێز، بڕوانە(مەعروف: ٢٠٠٥))، بەڵام نموونەی (٣٥) فرێزێکی ئیدیەمییە و واتاکەی لە پێکهێنەرەکانییەوە سەرچاوە ناگرێت.

فۆرمی سێیەمی ئیدیەم بریتییە لە وشەی لێکدراوی ئیدیەمی(بۆ زانیاری زیاتر لە سەر وشەی لێکدراو، بڕوانە(مەحویی: ٢٠١٠)) ، ئەم جۆرە وشەیە واتاکەی لە واتای تاک تاکی وشە پێکهێنەرەکانی

نەهاتووە، بەڵام پەیڕەوی هەمان پێکهاتەی مۆرفۆلۆژین کە وشەیەکی لێکدراوی ئاسایی هەیەتی (حسەین:۲۰۰۹ : ۵۳). بڕوانە نموونەی (۳٦) و (۳۷).

۳٦) ڕەشماڵ

۳۷) چاوچنۆک [بەتەماح]

نموونەی (۳٦) وشەیەکی لێکدراوی ئاساییە و واتاکەی لە لێکدانی واتای فەرهەنگی ڕەش و ماڵەوە دروستبووە، بەڵام لە نموونەی (۳۷) واتای چاوچنۆک لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە نەهاتووە.

چەسپاوی تایبەتمەندییەکی دیکەی دروستەی ئیدیەمەکانە. بە واتای سنووردارییی لە گۆڕینی پێکهێنەکانیدا. لەم بارەیەوە هەندێ لە ئیدیەمەکان نەرمی دەنوێنن و دەشێت وشەیەک بە وشەیەکی تر بگۆڕدرێت بێ کاریگەری لەسەر واتای ئیدیەمەکە. بەڵام هەندێکی تریان بەڕێژەیەکی زۆر چەقبەستوو و چەسپاون، بەشێوەیەک گۆڕینی هەر پێکهێنەرێکی دەبێتە هۆی لەدەستدانی یان شێواندنی واتای ئیدیەمەکە. لەم ڕووەوە(Baker: 1992: 63) پێیوایە کە "ئیدیەم یەکەیەکی چەسپاوە، ڕێگەنادات بە گۆڕینی ڕیزبەندی وشەکانی، هەروەها زیادکردن یان لابردن یان گۆڕینی وشەیەک بە وشەیەکی تر قبوڵناکات". بۆ دەرخستنی چەسپاوی ئیدیەمەکان لە بەرانبەر دەربڕاوە ئاساییەکان، نموونەکانی (۳٤ و ۳٥ لە ۳۸ و ۳۹)دا تاقیدەکەینەوە.

۳۸/ ا) <مریشکی کوردی>

ب) <مریشکی شامی>

پ) <قازی کوردی>

۳۹/ ا) <کەڵەشێری ناوەخت> [نەهامەتی]

ب) *مریشکی ناوەخت

پ) *کەڵەشێری بەوەخت

فرێزە ئاساییەکانی (٣٨) بە گۆڕینی پێکهێنەرەکانیان واتای شێواویان لێنەکەوتوتەوە و بە واتای فەرهەنگی خۆیان ماونەتەوە، بە پێچەوانەی فرێزە ئیدیەمیەکەی (٣٩/أ) بە گۆڕینی پێکهێنەرێکی واتای ئیدیەمی لەدەستداوە و واتایەکی ناڕاستی لێکەوتوتەوە.

گیبس (R,W.Gibbs: 1989: 58) بۆ سەلماندنی ڕێژەیی لە چەسپاوی فۆرمی ئیدیەمەکان، نموونەی چەند ئیدیەمێکیان تاقیکردەوە (بڕوانە نموونەکانی (٤٠و٤١)، بەگۆڕانکاری لە پێکهێنەرەکانیان، هەندێکیان واتای ئیدیەمی خۆیان پاراستووە، لە بەرانبەردا هەندێکیان بەتەواوی چەقبەستوون و بە پرۆسەی بە لێکسیمبووندا (Lexicalization) تێپەڕیوون و گۆڕانکاریی قبوڵناکەن.

٤٠)a/ eat ones words. [پەشیمانبوونەوە لە وتن]

b/ swallow ones words. [پەشیمانبوونەوە لە وتن]

لە (٤٠)دا بە دانانی وشەی swallow (قوتدان) لە جێگای eat (خواردن) واتای ئیدیەمەکە نەشێواوە و پارێزگاری لە واتا ئیدیەمەکەی کردووە.

٤١)a/ Kick the bucket. [مردن]

b/ Kick the pail..شەقی لە سەتڵەکەدا

لە (٤١)دا هەرچەندە وشەی bucket بە واتای گشتی (سەتڵ) دێت و pail جۆرێکی سەتڵە، بەڵام ئیدیەمەکە هێندە چەقبەستووە کە ڕێگە بە گۆڕانکارییەکە نادات، هەر لەبەرئەوەشە کە (b/٤١) واتای ئیدیەمی نابەخشێت و بە واتای فەرهەنگی هاتووە.

## ۲-۱-۲/۲) تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم لە ڕووی واتاوە

بنەمای پێکهاتەیی فۆرم و واتا، ئەگەری زۆر دەخاتە بەردەست ئاخێوەر تا بەپێی زانیاریی فەرهەنگی و یاسا ڕێزمانییەکان و دەوروبەر، ژمارەیەکی بێشومار دەربڕین بەرهەمبهێنێت. بەڵام ئاخێوەر هەندێکجاربۆ گەیاندنی مەبەستەکەی پەنا بۆ جۆری تری دەربڕین دەبات ، کە بە گونجاوتری دەزانێت و لەسەر هەمان بنەمای پێکهاتەیی نییە.

دەربڕاوەکان لەسەر دوو مەرج بە ئیدیەم دەناسرێن، ئەوانیش چەسپاوی فۆرم و ناپێکهاتەیی واتان. ئیدیەمەکان لە فۆرمەکەیانەوە واتایان پێشبینیی ناکرێت، هەر لەم ڕوانگەیەوەبوو کە لە سەرەتادا قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە ئیدیەمی بە دیاردەیەکی ناوازەی فەرهەنگی دادەنا، بەڵام دواتر بە جۆرێک لە نواندنی فەرهەنگی ($X^o$)کانیان دادەنا، لەم ڕوانگەیەشەوە هەر($X^o$)ێک نواندنێکی پێکهاتەیی(Compositional) و ناپێکهاتەیی ( Non Compositional) هەیە، نواندنە پێکهاتەییەکان واتاکەیان لە فۆرمەکەیانەوە پێشبینیی دەکرێت، هەرچی نواندنە ناپێکهاتەییەکانە سینکرۆنیانە واتایان لە فۆرمەکانیانەوە پێشبینیی ناکرێت(مەعرووف:۲۰۲۰: ۱۸۷). بڕوانە نموونەی (٤٢).

٤٢) $X^o$
نواندنی پێکهاتەیی (دەمی پیس، دەست بڕین)
نواندنی ناپێکهاتەیی (دەمپیس، دەستبڕ)

لە (٤٢)دا واتای پێکهاتەیی (دەمی پیس) لە گەڵ واتای پێکهێنەرەرکانی پەیکاڵە، واتە دەمێک کە پیسبێت، وەک ئەوەی کە پێویست بە شۆردن یان سڕین بکات، بەڵام واتا ناپێکهاتەییەکەی (دەمپیس) لە واتای پێکهێنەرەکانی دوور کەوتۆتەوە و بە واتای کەسێکی جنێوفرۆش دێت. بە هەمان شێوەش واتای ناپێکهاتەیی (دەستبڕ) بۆ کەسێکی (فێڵباز) بەکاردێت.

ناپێکهاتەیی واتای ئیدیەم خەسڵەتی لێڵواتایی پێدەبەخشێت، Makkai دەڵێت " یەکێک لە خەسڵەتە گرنگەکانی ئیدیەم ئەوەیە کە بۆ شیکردنەوە لێڵ بێت"(حسەین:۲۰۰۹: ٥٥). بەم شێوەیەش تا واتای ئیدیەمەکە لە واتای فەرهەنگی پێکهێنەرەکانی دووربکەوێتەوە و لە ڕووی سێنتاکسییەوە

بواری گۆڕانی تەسک دەبێتەوە. واتای ئیدیەمەکە تاریک/ناڕوون دەبێت و لێڵواتایی زیاتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. بڕوانە هێلکاری(٨).




هێلکاری ژماره (٨)

## ٢-٢/٢) پێکەوەهاتووەکان

زاراوەی (Collocation) لە زمانی لاتینییەوە و لە وشەی (Colocare) سەرچاوەی گرتووە کە پێش(٢٣٠٠) ساڵ لە یۆنان بەکارهاتووە بە واتای پێکەوەهاتن/ڕیزبوون (Muller: 2008: 1). لە بواری زانستی زمانیشدا لەلایەن فێرس (J.R.Firth) لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بەکارهاتووە وەک پێکەوەهاتنی باوی وشەیەک لەگەڵ وشەیەکی تردا.

فێرس لە ١٩٥١ (١٩٥٧ چاپکراوە) جەختدەکاتەوە کە پێکەوەهاتووەکان بەپێی پەیوەندیی ئاستی (سینتاگماتیک/تەکنشینی)یە، ئاماژە بە توانای وشەکان بۆ پەیوەندیکردن پێکەوە دەدات ، نموونەی دەستەواژەی (شەوی تاریک – Dark night) دەهێنێتەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە یەکێک لە واتاکانی وشەی (night) گونجاوە لەگەڵ (dark)، هەروەها واتایەکی (dark)یش لەگەڵ (night) دەگونجێت[Firth: ١٩٥٧: ١٩٦ (.Leon J: ٢٠٠٧: ٢)]. بەپێی ڕونکردنەوەی دینین(Dinneen) لە باسی پێکەوەهاتووەکاندا فێرس جیاوازی دەکات لە نێوان دروستە (structure) و پێڕەو (system)، دروستە لە پەیوەندییە ئاسۆییەکانی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی ڕستە دەنوێنرێت،

هەرچی نواندنی پێڕەویشە لە پەیوەندییە ستوونیەکانی نێوان ئەو یەکانەدایە کە جێنشینی یەکترن، پێکەوەهاتووەکانیش لە سەر ئاستی فەرهەنگی شێوەیەکە لە شێوەکانی پەیوەندی تەکنشینیی نەک لە سەر ئاستی سینتاکسی کە بە (colligation) ناسراوە. پێکەوەهاتنی (Dark night) بە پەیوەندی نێوان وشەیەک لە ڕەگەزی ناو و وشەیەک لە ڕەگەزی ئاوەڵناو نایەت، بەڵکو بەواتای هاتنی باوی وشەیەک لە گەڵ وشەیەکی تردا دێت بە شێوەیەک کە پێشبینیی هاتنیان پێکەوە بکرێت (یوسف:٢٠٠٦: ١٤٨).

هالیدای (Haliday) پێیوایە، پێکەوەهاتن ئەو پەیوەندییەیە کە وشەکان پێکەوە لە پەیڕەوێکی چەسپاو بەکاردەهێنرێن و ئاماژەیە بۆ ئەو کۆتوبەندانەی کە لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی وشەکان پێکەوە هەن (فەرهادی:٢٠١٤ : ٤٧١). هالیدای مەبەستی بوو واتای وشە بە هۆی بەکارهێنانییەوە لە دەوروبەردا لێکبداتەوە، بە واتایەکی تر دەوروبەر بکاتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی واتا. لەم ڕوانگەیەشەوە پەیوەندی و پێکەوەهاتنی وشەکان دەرخەرێکی گرنگی واتای دروستەکانن "واتای وشە لە میانەی وشە یان کۆمەڵە وشەیەکی تر کە لە گەڵی بەکارهاتووە دیاری دەکرێ"(سەرچاوەی پێشوو: هەمان لاپەڕە).

ویدۆسن(Widossen) پێکەوەهاتووەکان وا دەناسێنێت کە جۆرێکی پەیوەندییە، وشەکان پێکەوە و لە پێڕەوێکی چەسپاودا بەکاردەهێنرێن، بە واتایەکی تر پێکەوەهاتووەکان ئاماژەن بۆ ئەو کۆتوبەندانەی لە سەر بەکارهێنانی وشەکان پێکەوە هەن، بۆ نموونە کام پێشناو لەگەڵ کام کردار یان ناودا بەکاردێت(ئەحمەد: ٢٠١٢: ٦٥). گراملی(Gramley) و پاتزۆڵد(Patzold) لە ڕوانگەی فەرهەنگییەوە لە پێکەوەهاتووەکان دەڕوانن و بە پێکەوەهاتنی دوو وشەی فەرهەنگی دەیناسێنن کە هەریەکەیان بەشدارییەکی جیای بابەتی لە پێکهاتەکەدا دەکات و بۆ دوو کاتیگۆری جیاواز دەگەڕێنەوە و پێکەوەهاتنەکەیان سنووردارە (سەرچاوەی پێشوو: ٦٣).

(F, O’Dell, McCarthy: 2017: 6) پێناسەی پێکەوەهاتووەکانیان بەم شێوەیە خستۆتەڕوو: "کۆبوونەوە/پێکەوەهاتنی دوو وشە یان زیاترە کە بەشێوەیەکی باو دووبارە دەبنەوە" بۆ نموونە:

ا) کردارێک + ناوێک وەک Pay attention (سەرنج ڕاکێشان بۆ ئاگاداری)

ب) ناو + ئاوەڵناو وەک Warm Reception (پێشوازییەکی گەرم)

پ) ناو + ناو وەک Brain drain (کۆچی/سەفەری ئەقڵەکان)

بەپێی فەرهەنگی (online Oxford collocations dictionary for students of english) پێکەوەهاتووەکان" ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە وشەکان پێکەوەدێن بۆ بەرهەمهێنانی وتن یان نوسین بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی". بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت لە ئەگەری پێکەوەنەهاتنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی پێشبینی دەکرێت دەربڕینەکە، ئەگەرچی ڕێزمان دروستبێت بەڵام سروشتی نەبێت، واتا ئاخێوەرانی ڕەسەنی زمانەکە بەکاری نەهێنن، جونکە پێشتر لەسەر پێکەوەهاتنیان کۆکبوون. بڕوانە نموونەی (٤٣).

٤٣)a/ Strong wind باى توند/بەهێز

b/ Heavy rain بارانی خوڕ

لە هەردوو نموونەکەی(٤٣)دا وشەکانی (heavy, strong) سەر بە یەک کەتیگۆرین کە ئاوەڵناون، بەڵام ئینگلیزێکی ڕەسەن (Heavy wind) یان (Strong rain) بەکارناهێنێت، چونکە پێکەوەهاتنیان بەشێوەیەکە کە نەتوانرێت یەکێکیان لەبری ئەوی تریان بەکاربێت.

پەیوەستبوون و پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرەکانی پێکەوەهاتووەکان لە هەندێک دەربڕیندا بەشێوەک چەسپاوە کە ئەگەر یەکێک لە پێکهێنەرەکانیش باس نەکرێت، واتای دەربڕینەکە ناشێوێت، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە هێندە بە نەریتی دووبارە بونەتەوە ئاخێوەری ڕەسەن درک بە واتای پێکەوەهاتووەکە دەکات هەرچەندە دانەیەکیشیان دەرنەبڕابێت بڕوانە نموونەی (٤٤).

٤٤/ا) گوێم لە قاسپەی کەو بوو. ب) گوێم لە قاسپە بوو.

لە (٤٤/ب)دا هەرچەندە وشەی (کەو) نەهاتووە، بەڵام ئەگەر بوونیشی هەبوایە هیچ بەهایەکی بۆ دەربڕینکە زیادنەدەکرد و نەهاتنیشی لە سەر بنەمای ئابووریکردنە "زمان لەلایەنی گەیاندنەوە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کە بەکەمترین کەرەسەی وتراو، لەکورتترین کاتدا، زۆرترین واتا بگەیەنێت"(فەرەج:٢٠٠٥ : ١١٨)، (بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بنەمای ئابووریکردن لە زماندا، بڕوانە (ساڵح: ٢٠١٢) و (ڕەسووڵ: ٢٠١٤).

هەروەها کۆدی وشەی (قاسپە) نیشانەکراوە تەنها بۆ (کەو). پەیوەست بە وەرگێڕانیشەوە بە ڕای لێکۆڵەر دۆزینەوەی هاوتا بۆ وشەی (قاسپە) ئاسان نییە گەر مەحاڵیش نەبێت، ئەمەش پەیوەستە

به ئەو دەوروبەر و ژینگەیەی ئاخێوەری کوردی تێدایە، چونکە لە فەرهەنگی ئاوەزەییدا کۆی زانیارییە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتایی(بە دەوروبەر و دنیابینیشەوە) هاوبەشن لای ئاخێوەرانی زمانێک و مەرج نییە لە وەرگێڕاندا بۆ زمانی ئامانج کە ئاخێوەرانی لە کولتوور و ژینگەیەکی جیاوازدان بە هەمان زانیاری وشەیەکی هاوتامان دەستبکەوێت.

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکان و ڕوونکردنەوەکان، دەکرێت پێکەوەهاتووەکان وا بناسێنین کە پەیوەندی چەسپاو و نەریتیی نێوان دوو وشە یان زیاترە بە شێوەیەک کە گۆڕینی دانەیەکیان بە وشەیەکی تر سنووردارە یان هەرناکرێت. ئاخێوەرانی زمان لە قاڵبی خۆیاندا بەکاریان دەهێنن و فێربووانی زمانیش (وەک زمانی دووەم) پێویستە بۆ دەربڕینی واتای گونجاو بیزانن.

هەر پەیوەست بە وەرگێڕانەوە جیاوازی نێوان دەربڕینەکانی زمانی یەکەم (سەرچاوە) و زمانی دووەم (ئامانج) کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و دووبارە داڕشتنەوە هەیە، چانێل( Channel: ١٩٨١: ١٢٠) باسی گرنگیی فێربوونی پێکەوەهاتووەکان دەکات بۆ ئەوانەی کە هەوڵی فێربوونی زمانێکی تر دەدەن، چونکە درککردن بە ڕیزبوون و پێکەوەهاتنی وشەکان لە فێربوون و دروست بەکارهێنانی زماندا، ڕۆڵی گرنگی هەیە. بەم پێیەش وشەکانی هەر زمانێک خاوەنی تۆڕێکی پەیوەندی تایبەت بە خۆیانن و بە هۆیەوە گونجاوی یان نەگونجاوی هاتنیان دیاریدەکرێت. بڕوانە نموونەی (٤٥) سەبارەت بە هاتنی ئاوەڵناوەکانی ( Lovely, Charming, Pretty, Handsome) لەگەڵ کۆمەڵێک ناودا، ئەم ئاوەڵناوانە پەیوەندییەکی هایپۆنیمی کۆیان دەکاتەوە لە ژێر چەتری وشەی (Beatifull)، دەکرێت لە هەندێ دەروبەردا لەبری یەک وەک هاوواتا بەکاربهێنین، بەڵام لە هەندێک پێکەوەهاتندا بواری گۆڕینیان بەیەکتر هێندە سنووردار دەبێتەوە کە تەنانەت (شاوشە)ی پۆلەکەش ناتوانرێت لەبری ئەوان بەکاربهێنرێت.

نموونەی (٤٥)

| Adj / Noun | Handsome | Pretty | Charming | Lovely |
|---|---|---|---|---|
| Woman | | + | + | + |
| Child | | + | | + |
| Dog | | + | | + |
| Bird | | + | | + |
| Flower | | + | | + |
| Weather | | | | + |
| Landscape | | + | | + |
| View | | + | | + |
| Furniture | + | + | | + |
| Bed | | + | | + |
| Dress | | + | + | + |
| Voice | | | + | |

## ٢/٢-٢-١) پەیوەندیی نێوان وشەکان

پۆلکردنی پەیوەندییە واتاییەکان بۆ دوو جۆر پەیوەندی کە (پەیوەندی واتایی ئاسۆیی (سینتاگماتیک/تەکنشینی)) و (پەیوەندی واتایی ستوونی(پارادیگماتیک/جێنشینی)) بۆ یەکەمجار لە لایەن دی سۆسێرەوە بوو(بالمر:١٩٨٥: ٦٧)، کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ئەم تیۆریی و قوتابخانەیە کارناکات. فێرس باس لەو پەیوەندییەی نێوان هەندێ لە وشەکان دەکات کە بەخورتیی بوونی هەیە، بۆ لێکۆڵینەوە لە پێکەوەهاتووەکان دەبێت سوود لەو دەوروبەر و پێڕەوە ئاسۆییە وەربگیرێت، کە وشەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بڕوانە نموونەی (٤٦).

٤٦/ ا) منداڵەکە سێوێکی سەوز دەخوات.

ب/ منداڵەکە سێوێکی سوور دەخوات.

پ/ ?منداڵەکە سێوێکی ڕەش دەخوات

بەتێڕوانین لە نموونەکانی (٤٦) ئەوە ڕووندەبێتەوە کە وشەکانی هەر ڕستەیەکیان پەیوەندییەکی سینتاکسی لەنێوانیاندا هەیە، (دەخوات) کە کرداری ڕستەکەیە لەگەڵ بکەرێکدا دێت کە توانای خواردنی هەبێت هەروەها لە ڕووی بە بڕشتی کردارەوە دوو هێزییە، پێویستی بە بەرکارێکە بۆ تەواوکردنی واتاکەی کە لەباربێت بۆ خواردن کە (سێو)ە، لە دنیای دەرەوەی زماندا و لە بویەری سروشتیدا (سێوی ڕەش) بوونی نییە، لەبەرئەوە (٤٦/ پ) واتاناڕاستە، چونکە پەیوەندی نێوان (سێو) و (ڕەش) پەیوەندی نەگونجانە و (ڕەش) نابێتە دەرخەرێک بۆ وشەی (سێو).

پێکەوەهاتنەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێن، واتا مەرج نییە لە زمانێکیتردا بە هەمان دوو وشە پێکەوەبێنەوە. لە زمانی کوردیدا وشەکانی (گۆشت، مریشک، ماسی،...) لەگەڵ وشەی (شیش)دا پێکەوەهاتن دروستدەکەن و گونجاون، وەک (شیشێک گۆشت، شیشێک ماسی)، وشەکانی (قالۆنچە، سەگ) لەگەڵ (شیش)دا نایەن، بەڵام لەو کولتوورانەی کە قالۆنچە و سەگ لە سیستەمی خۆراکیاندایە، پێکەوەهاتن دروستدەکەن(Fawcet: 2003: 7). پێویستە وەرگێر ئەم جیاوازیانە ڕەچاو بکات، بۆئەوەی لە زمانی ئامانجدا نامۆ نەکەوێتەوە. بەگشتی پەیوەندییە سێنتاکسییەکانی نێوان کەرەستەکانی ڕستە بە دوو جۆری خستنەتەکیەک دیاریکراون، کە ئەوانیش بریتین لە:

ا- پەیوەندی ئاسۆیی سەرپشکی: لەمجۆرە پەیوەندییەدا ڕێککەوتنی واتایی هەیە لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەدا وەک نموونەکانی (٤٦/ ا ، ب).

ب- پەیوەندی ئاسۆیی بەخورتی: هەندێ لە وشەکان لە چێوەی فرێز و ڕستەدا بەخورتی لەگەڵ وشەیەکی دیاریکراودا دێن، بەڕادەیەکی زۆر پێکەوەهاتنەکەیان چەسپاوە، واتا ئەگەر پێکەوە نەیەن واتای دەربڕینەکە ناڕاست دەبێت، ئەم پەیوەندییە ناچارییە دواتر Firth ناوی (پێکەوەهاتن/Collocation)ی لێنا، بڕوانە نموونەی (٤٧).

٤٧/ ا) ?منداڵەکە سێوێکی مێخۆشی خوارد

ب/ منداڵەکە هەنارێکی مێخۆشی خوارد.

هەرچەندە (مێخۆش) وشەیەکە لە پۆلەوشەی (تام) وەک (ترش، شیرین،...هتد) بەڵام پێکەوەهاتنی بەخورتیی تەنها لەگەڵ وشەی هەناردایە، هەربۆیە (٤٧/ ا) لە ڕووی واتاوە ناڕاستە و گونجاو نییە.

## ٢/٢-٢-٢) پۆلکردنی پێکەوەهاتووەکان بەپێی ڕادەی چەسپاویان

جیاوازی بیروڕای زمانەوانەکان لە بارەی پێکەوەهاتووەکان، هۆکاری خستنەڕووی پۆلکردنی جیاوازبووە. بەڵام بەگشتی و لەڕووی چەسپاوی پێکەوەهاتووەکان لە نێو دەربڕاوە چەسپاوەکانی تردا، بەپێی بۆچوونی (Kies) پێکەوەهاتووەکان لە نێوان پێکەوەهاتنی ئازاد( Free combination) و ئیدیەمدان، لەمبارەیەوە پلەپێوەرێکی دەستنیشانکردووە، پێکەوەهاتووەکان کەوتوونەتە ناوەڕاستی پلەپێوەرەکە(ئەحمەد: ٢٠١٢: ٦٩)، بڕوانە هێڵکاری (٩).




هێڵکاری ژمارە (٩) (سەرچاوەی پێشوو)
(پلەپێوەری Kies)

بەپێی پلەی چەسپاوییان لە نێوان چەق و جەمسەرەکانی پلە پێوەرەکەدا دەربڕینی تر بوونیان هەیە، هەرئەمەش بنەمای پۆلێنکردنی پێکەوەهاتووەکانە بۆ دوو جۆری سەرەکی کە بریتین لە :

ا) پێکەوەهاتووی کراوە

ئەمجۆرە لە پێکەوەهاتن بەشێوەیەکە تا ڕادەیەک دەتوانرێت یەکێک لە پێکهێنەرەکانی بگۆڕدرێت بێئەوەی کاریگەریەکی گەورە لە واتا بکات(عمر:١٩٩٨ : ١٣٤)، بڕوانە نموونەی (٤٩)

٤٩/ ا) خاتوونێکی شۆخ

ب) خاتوونێکی قەشەنگ

پ) خاتوونێکی جوان

هەروەها لە ئینگلیزیشدا دەکرێت بووترێت (Pretty woman) یان (Beautiful woman)، بەڵام ئەم ئازادی پێکەوەهاتنە بە تەواوی بێ کۆتوبەند نییە، واتا هەموو ئاوەڵناوەکانی سەر بە کێڵگەی واتایی جوانیی، مەرج نییە لەگەڵ وشەی (خاتوون/woman)دا بێن، بڕوانە (٥٠).

٥٠/ ا) ?خاتوونێکی قۆز/ کەڵەگەت/ چوارشانە...هتد

b/ ?Handsome woman

ب) پێکەوەهاتووی کۆتکراو (restricted collocation)

زنجیرە وشەیەکە کە بە شێوەیەکی باو بە چەسپاویی پێکەوەدێن و واتایان بە پێکهاتەیی پێشبینی دەکرێن(Benson, et al: 1986: 12). چەسپاوییان لە ڕووی واتاییەوە وایکردووە کە گۆڕینی پێکهێنەرەکانیان نەکرێت یان زۆر سنووردداربێت، بڕوانە (٥١).

٥١/ ا) ماستی بۆکز

ب) ?ماستی بۆسۆ

لە زمانی ئینگلیزیشدا ئاوەڵناوی ( rancid بۆگەن) تەنها لەگەڵ ناوەکانی (bacon گۆشتی بەراز) و(butter کەرە) دێت و هەروەها ئاوەڵناوی ( addled پیس) تەنها لەگەڵ ناوی (egg)دا دێت و پلەی چەسپاوییان زۆر بەرزە.

جیاواز لە ئیدیەمەکان، پێکەوەهاتووەکان واتایان ڕوونە و لە پێکهاتەکەوە بەدەست دەخرێت، بەڵام هەردووکیان لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن، ئیدیەمەکان واتایان لێل و ناپێکهاتەیین و لە فەرهەنگدا واتایان ڕووندەکرێتەوە، پێکەوەهاتووەکان پێکەوەهاتنیان لە فەرهەنگدا ڕووندەکرێتەوە، چونکە واتایان ڕوونە(ئەحمەد: ٢٠١٢: ٧١).

پەیوەست بە پێکەوەهاتووەکان، ئەوانەی کە واتایان لە یەکە پێکهێنەرەکانیانەوە دوورکەوتوونەتەوە، نزیکتربوونەتەوە لەوەی کە بە پرۆسەی بە لێکسیمبووندا تێپەڕن و دەربڕینی چەسپاو و ئامادەیان لێبەرهەمبێت، بێگومان بە ڕادەی ئیدیەمەکان نا، چونکە پلەی چەسپاوی لە

ئیدیەمدا لە بەرزتریندایە، هەربۆیە ئیدیەم بە لێکسیم دەناسرێت "ئیدیەم یەکەی فەرهەنگییە و ڕۆڵیان بەتەواوی، وەک وشەی تاک وایە، هەرچەندە چەند وشەیەکیش لەخۆدەگرن [ Katamba: ۱۹۹۳: ۲۹۷(حسەین:۲۰۰۹: ۱۳۵)]. پێکەهاتووەکان لە ڕووی چەسپاوییەوە لە دوای ئیدیەمەکان دێن، هەیانە بە ئاڕاستەی ئیدیەمەکان بەرەوقاڵبگرتن دەچن، پلەی چەسپاوییان بەرزە (بڕوانە نموونەی ٥٢) و هەشیانە پلەی چەسپاوییان نزمترە و گۆڕانە مۆرفۆلۆجی ویاسا سینتاکسییەکان پەیڕەودەکەن (بڕوانە نموونەی ٥٣).

٥٢/ ا) ئەو دڵی بە کەس خۆش نییە. (Ø مۆرفیم)

ب) ؟ئەو دڵەکەی بە کەس خۆش نییە (مۆرفیمی ناسراوی)

پ) ؟ئەو دڵێکی بە کەس خۆش نییە (مۆرفیمی  نەناسراوی)

ت) ئەو دڵێکی بە ئێمە خۆشبوو.

ج) ؟ئەو دڵەکانی بە کەس خۆش نیین (مۆرفیمی کۆ)

چ) ؟ئەو دڵە گەورەکەی بە کەس خۆش نییە (فراوانکردن)

ح) ؟ئەو گورچیلەی بە کەس خۆش نییە (جێگرتنەوە)

خ) ؟ئەو دڵی بە کەس خۆش نەکرا (بکەر نادیار- ڕابردوو)

د) ؟ئەو دڵی بە کەس خۆش ناکرێت (بکەر نادیار- ڕانەبردوو)

ر) ؟بە کەس خۆش نییە دڵی ئەو (ئاڵوگۆڕ)

ز) ئەو دڵ بە کێ خۆشکات؟ (پرسیار)  (ئەحمەد: ۲۰۱۲: ۹٦)

٥٣/ ا) ئەو پەیمانی شکاند. (Ø مۆرفیم)

ب) ئەو پەیمانەکەی شکاند. (مۆرفیمی ناسراوی)

پ) ئەو پەیمانێکی شکاند. (مۆرفیمی  نەناسراوی)

ج) ئەو پەیمانەکانی شکاند. (مۆرفیمی کۆ)

چ) ئەو پەیمانە گەورەکەی شکاند. (فراوانکردن)

ح) ئەو پەیمان دەشکێنێت. (ڕانەبردوو)

خ) ئەو پەیمانی شکاند. (ڕابردووی سادە)

د) ئەو پەیمانی شکاندووە. (ڕابردووی نزیک)

ر) ئەو پەیمانی شکاندبوو.(ڕابردووی دوور)

ز) پەیمانی دەشکاند. (ڕابردووی بەردەوام)

ژ) ئەو شکاندی پەیمان. (ئاڵوگۆڕ)

س) پەیمانەکە شکێنرا. (بکەر نادیاری ڕابردوو)

ش) پەیمانەکە دەشکێنرێت. (بکەر نادیاری ڕانەبردوو) (سەرچاوەی پێشوو)

## ٣-٢/٢) میتافۆر

وشەی میتافۆر لە (میتافرین/Metapherein)ی گریکییەوە هاتووە کە بەواتای (گواستنەوە) بووە. زاراوەکە لە زۆر بواردا بەکارهاتووە، ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ پێناسەی جیاواز بۆی. جگە لەمەش تەنانەت لە ناو یەک بواریشدا پێناسە و ڕاوبۆچوونی جیاواز خراوەتە ڕوو. بە واتایەکی تر سنووری تیۆریی چەسپاو نییە، پەیوەست بە میتافۆرەوە تێکەڵی و ناوکۆیی لە نێوان زانستەکانی (زمان، فەلسەفە، دەروونناسی)دا هەیە و بە پێی زاراوەی تایبەت بەخۆیان لێیکۆڵراوەتەوە؛ بەڵام تەنانەت لە ناو زانستێکی وەک زمانیشدا بیروبۆچوون و ڕای جیاواز لەسەر میتافۆر هەیە.

لە لێکۆڵینەوەکانی پێشتردا و هەر لەسەردەمی ئەرستۆوە میتافۆر وەک بابەتێکی وێژەیی تەماشاکراوە، وەک بابەتێکی جوانکاریی و ڕەوانبێژی لە شیعر و ئەدەبدا لێیدەکۆڵرایەوە، بە بەزاندنی یاساکانی زمان لێکدەدرایەوە؛ ئەم بابەتە لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا زۆر درەنگ ئاوڕی لێدراوەتەوە.

میتافۆر بە دیاردەیەکی زمانی بڵاو دادەنرێت، لە زۆر شێوەی گەیاندنی زمانیدا دەبینرێت(عەلی: ٢٠٠٠: ٨)، ڕۆژانە لە دەربڕینەکانماندا، لە نوسین و ئاخاوتنماندا و لە هەر کات و شوێنێکدا بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانمان بەکاریدەهێنین.

لە بنەمادا، دروستکردن و داڕشتنی فۆرمی وشەیەکی نوێ بۆ واتایەکی نوێ و لە هەرکاتێکدا کە پێویست بێت، دەبوایە کارێکی ئاسان بوایە. بە هەڕەمەکی دەنگ بخرایەتە پاڵ دەنگی تر و پێکهاتە و وشەی لێدروستبکرایە بۆ ئەوەی واتایەکی دیاریکراو بنوێنێت و وشەیەکی نوێ بەرهەمبهێنرێت؛ بەهەمان شێوەی زۆرێک لە وشە بنەڕەتییەکانی فەرهەنگمان، وەک (دار، بەرد، ئاو،...هتد). بەڵام لە لایەنی پراکتیکییەوە بە دەگمەن وشەی نوێ بەمشێوەیە دروستبووە. زۆربەی جار فۆرمی وشە بەردەستەکان دووبارە بەکارهاتوونەتەوە بۆ نواندنی واتایەکی نوێ. بەم چەشنەش لە ڕوانگەی میتافۆرییەوە فۆرمی وشە وەک دەفرێکە کە دەکرێت واتای جۆراوجۆری تێبکەین بەبێئەوەی کە گۆڕینی دەفرەکە پێویستبێت(Katamba: 1994: 120).

ناسینەوەی میتافۆر بەبێ دەوروبەری بەکارهێنانی ناکرێت یان پێشبینیکراو نییە، واتای میتافۆری لە بەکارهێناندا ، واتە لە کردە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکاندا دروست دەبێت، بەڵام "میتافۆر پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆژی نییە، بەڵکو فراوانکردنی واتای وشەکانە، واتە سوود وەرگرتنێکی نوێیە لەو وشانەی کە لە زماندا هەن، پێدانی واتای تر بەو وشانە"[شقاقی: ١٣٨٧: ١١٠ (حمد: ٢٠١٤: ٧٥)]. پەیوەست بەو دەربڕاوانەی کە بە میتافۆری بەکاردێن، لە بنەڕەتدا خاوەنی واتای فەرهەنگین، جا وشە یان فرێز یان ڕستە بن؛ بەڵام هاوبەشەکانی ئاخاوتن تێگەیشتن و لێکدانەوەیان بە واتا میتافۆرییەکە دەبێت. "لە بەکارهێنانی زماندا زۆرجار قسەکەر مەبەستێک بە دەربڕینێک دەردەبڕێت، کە واتای فەرهەنگی ناگەیەنێت، بەڵکو واتا و مەبەستێکی دیکە دەگەیەنێت، هۆی ڕێگەپێدانی ئەم بەکارهێنانە دەگەڕێتەوە بۆ هاوبەشی لە نیشانەیەکی واتایی یان زیاتر لە نیشانەیەک لە نێوان چوێنراو و پێچوێنراوەکەدا، ئەم بارە لە زماندا بە میتافۆر ناودەبرێت"(ئەحمەد: ٢٠١٢: ٧٢). هاوبەشی نیشانە واتاییەکان بەو واتایە دێت کە لە نێوان واتای دەربڕینەکە کە بۆ مەبەستێکە لەگەڵ واتای فەرهەنگیەکەییدا پەیوەندی هەیە و دەوروبەری ئاخاوتنەکەش یارمەتیدەردەبێت بۆ ڕوونبوونەوەی واتای مەبەست. میتافۆر "بەکارهێنانی وشەیە بۆ واتایەک جیا لە واتا بنەڕەتی و فەرهەنگییەکەی، بەمەرجێ پەیوەندییەک لە نێوان هەردوو وشەکە هەبێت"(دزەیی: ٢٠١٥: ٨٦).

بەکارهێنانی میتافۆرییانەی دەربڕینێک وەک تیشک خستنەسەر یەکێک لە نیشانە واتاییەکانێتی بەدەر لە واتای فەرهەنگی. لەم بارەیەوە محەمەد مەعروف فەتاح پێناسەی میتافۆر دەکات کە "یاریکردنە بە نیشانە واتاییەکان، سڕینەوەی هەندێک و بەرڕۆشنایی هەندێکی تر"(معین: ٢٠٠٥: ٤٨).

میتافۆڕ ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەکانی پەیوەندیکردن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکان دەبینێت، "دیاردەی میتافۆر یەکێکە لەو سەرچاوە گرنگانەی کە ئاخێوەری زمان توانیویەتی سودێکی باشی لێوەربگرێت بۆ دەربڕینی بیرەکانی و پڕکردنەوەی پێداویستییە وشەییەکانی، واتە میتافۆڕ بووەتە سەرچاوە و چاوگێکی بەپێز بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان"(ڕەزا، بەهجەت: ٢٠٢١: ١٣٥). سەرباری ئەوەی کە فۆرمێکی نوێ نایەنێتە نێو زمانەکەوە، بەڵام واتایەکی نوێ لە فۆرمێکی کۆن باردەکرێت؛ بەمەش توانایەکی بەهێز و مەودایەکی بەرفراوان بۆ ئاخێوەران فەراهەمدەبێت، چونکە "فەرهەنگی زمانێک چەند دەوڵەمەند و پڕبێت هێشتا بۆشایی گەورە بە خۆیەوە دەبینێ و هەرگیز ناتوانێت پێشبینیی هەموو ئەو بارانە بکات کە دنیای دەوروبەر و مێشکی مرۆڤ دروستی دەکەن" (عەلی: ٢٠٠٠: ١٢).

بەڕای (Finch) میتافۆر پرۆسەیەکە تێیدا وشەیەک لە کێڵگەیەکی واتایی دیاریکراوەوە بۆ کێڵگەیەکی واتایی دیکە دەگوازرێتەوە(ئەحمەد: ٢٠١٢: ١٠٨)، بەمەش واتایەکی تر بۆ وشەکە زیاددەکرێت لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، بەشێوەیەک کە گوێگر/خوێنەری ڕەسەنی زمانەکە ڕاستەوخۆ لە مەبەستی قسەکەر/نوسەر تێدەگات و دەربڕینەکە بە واتای میتافۆری قبوڵدەکات. بڕوانە نموونەی (٥٤).

٥٤/ ا) مەیمونەکەی باخچەی ئاژەڵان زۆر بچوکە.

ب/ بوکەکەیان ئەڵێی مەیمونە.

پ/ مەیمونەکەی باتەش هات.

لە (٥٤/ ا)دا مەیمون بۆ واتای فەرهەنگی خۆی و لە گێڵکەی واتایی ئاژەڵدا بەکارهێنراوە. لە (٥٤/ب)دا مەیمون بە واتای میتافۆری بەکارهێنراوە بەرانبەر بە ناپەسەندی ڕوخسار و جەستە ، واتا لەکێڵگەی واتایی ئاژەڵ گواستراوەتەوە بۆ کێڵگەی واتایی مرۆڤ، خاڵی هاوبەش و

بەریەککەوتنییان نیشانەی واتایی (+ ناشرین)ییە. واتا تیشک خستنەسەر ئەم نیشانە واتاییە سەرچاوەی واتا میتافۆرییەکەیە، هەروەها واتای دەربڕینەکە هێندە لێڵ نییە کە ئاخێوەر درکی پێنەکات، چونکە پەیوەست بە کولتوور و ئاوەزمەندی تاکی کوردەوە مەیمون بە ئاژەڵێکی ناشرین وێناکراوە، هەروەک چۆن بەراز بە بێزراو وێناکراوە. بۆ نموونە لە پەندی کوردیدا هاتووە ١- "مەیمون زۆر جوان بوو، ئاوڵەشی دەرکرد"، ٢-"مەیمون هەر مەیمونە با قەیفەشی لەبەربێ" ئەم پەندانەش دەکرێت وەک بەڵگەیەک بن لەبارەی ئەوەی کە باسکرا. بەڵام مەرج نییە لای نەتەوەکانی تر هەمان تێڕوانین بەرانبەر مەیمون هەبێت، ئەمەش لەکاتی وەرگێڕاندا کێشە بۆ تێگەیشتن لە واتا میتافۆرییەکەی دروستدەکات، چونکە واتای ناشرین نابەخشێت، بۆ نموونە لای گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا مەیمون سیمبولی بەتواناییە، لە پەندێکی ژاپۆنیدا هاتووە "تەنانەت مەیمونیش لە دار بەردەبێتەوە- Even monkes fall from trees"، بەواتای تەنانەت کەسانی شارەزا و بەتواناش هەڵە دەکەن(English-for-students.com). لە نموونەی (٥٤/پ)دا (مەیمونەکەی باتە ئیدیەمە بە واتای کەسێکی بزێو و هەڵبەزودابەزکەر دێت(باتا دوکانێکی فرۆشتنی پێڵاوە لە سلێمانی، لە سالآنی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بوکەڵەیەکی مەیمونی لە جامخانەکەیدا نمایشکردووە کە بە کارەبا کاری کردووە و بەردەوام جوڵاوە. دەشێت دەربڕینی (مەیمونەکەی باتە) بۆ ئەو سەردەمە بە واتای میتافۆری بووبێت، بەڵام سینکرۆنیانە لێی بکۆڵینەوە ئێستا لای زۆربەی ئاخێوەران پەیوەندی نێوان واتا پێتیەکەی و واتای بەکارهێنانەکەی پچڕاوە، بۆیە وەک ئیدیەمێک ناساندوومانە). واتای دەربڕینەکە بە گشتی لێڵە "سیفەتی سەرەکی ئیدیەم لێڵی واتایەتی"(حسەین: ٢٠٠٩: ٧٣).

درککردن بە واتای میتافۆری دەربڕینەکان لای ئاخێوەران گران نییە، چونکە دەربڕینەکە سەرجەم نیشانە واتاییەکانی خۆی لە دەستنادات، بەڵکو هەندێکیان دێنێتە پێش و زەقیاندەکاتەوە، هەندێکێشیان کاڵدەکاتەوە یان دەیانسڕێتەوە، بڕوانە بڕوانە نموونەی (٥٥) و هێڵکاری(١٠).

٥٥) پێشمەرگە شێرە.




خاڵی هاوبەش(نیشانەی واتایی هاوبەش) خاڵی بەریەککەوتن و کارلێک و ڕێگەپێدانی دەربڕینی میتافۆرەکەیە

هێڵکاری ژمارە (١٠)

(نیشانەی واتایی هاوبەش بۆ ڕێگەپێدانی میتافۆر)

لە کولتووری ئێمەدا(پێدەچێت لای زۆربەی گەلانیش) شێر بەهێزترین گیانداری دارستانە و بە پاشای دارستان ناسراوە. (+ ئازایەتی) یەکێکە لە دیارترین نیشانە واتاییەکانی شێر، هەر لەبەرئەمەشە کە دەربڕینێکی وەها بۆ ئەومەبەستەیە کە پێشمەرگە لە (زۆر ئازا)ش ئازاترە و لە بەرزترین پلەدایە، بەهای ئازایەتی لە (پێشمەرگە شێرە) بەرزترە لە (پێشمەرگە ئازایە/زۆر ئازایە). لە دروستبوونی ئەم میتافۆرەدا (+ ئازایەتی) هێنراوەتە پێشەوە و بۆتە خاڵی هاوبەش، نیشانەی (– مرۆڤ) وەلانراوە. مەبەستمان ئەوەیە کە دەربڕینی میتافۆری بە تەواوەتی لە واتا فەرهەنگییەکەی دورناکەوێتەوە ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کە تێگەیشتن لێی ئەوەندە لێڵ نەبێت بە واتایەکی تر " هۆکارێک، پەیوەندییەک هەیە لە نێوان واتای میتافۆری و فەرهەنگیداو ئەم هۆکارو پەیوەندییە ئاماژەدەرە بەوەی کە بە نادروست لە گوتنەکە تێنەگەین، ئەمەش نابێتە چەواشەکاری"(حسەین: ٢٠١٢: ٧٣-٧٤).

میتافۆر ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە توانستی زمان بۆ بەرهەمهێنانی دەربڕینی نوێ بە واتای نوێ، "هەندێکجار بەکارهێنانی فۆرمێکی زمانیی بۆ زیاتر لە مەبەستێک پەیوەستە بە وریایی و بەئاگایی قسەکەرەوە، واتە ئەزموون و بوونی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی بەپێز، فاکتەرێکی گرنگە بەدەست ئاخێوەرەوە بۆ بەکارهێنانی دربڕاویی میتافۆریی لە قسەی ڕۆژانەیدا" (ڕەزا، بەهجەت: ٢٠٢١: ١٤١). دەشێت ئەو کاریگەرییەی دەربڕینێکی میتافۆری دەیخاتەوە بە دەربڕینێک بە واتای

فەرهەنگی نەکرێت. دەربڕینی <سەنگی مەحەک> لای ئاخێوەری کورد بۆ مەبەستی ڕاستاندن و یەکلاییبوونەوەی بابەتێک بەکاردێت، لە بنەڕەتدا دەربڕینەکە بۆ کرداری ناسینەوەی زێر بووە لە کانزای تر بەهۆی جۆرە بەرد/سەنگێک، بەڵام میتافۆرییانە بۆ چەندین بابەتی تر بەکاردێت، بڕوانە نموونەی(٥٦).

٥٦/ ١) سەنگی مەحەک بەواتای بەردی زێر ئەزموون

ب) سەنگی مەحەک لای ئێمە پارەوپول نییە.

پ) سەفەر و مامەڵە سەنگی مەحەکە.

ت) دەنگدانی گشتی سەنگی مەحەکە بۆ پارتەکان.

وشەی <سەنگ> وەک تەنێکی ماددی بە واتا فەرهەنگییەکەی لە ئێستادا چالاک نەماوە، بەڵام میتافۆریانە لە پێکهاتەی چەندین وشەی داڕێژراودا بوونی هەیە وەک (سەنگین، هاوسەنگ، هەڵسەنگاندن) کە لە سەر نیشانەی واتایی(+کێش) بەرهەمهاتوون. هەروەها دەربڕینی <سەنگی مەحەک> لە (٥٦/ب،پ،ت)دا بە واتای میتافۆریی یەکلاکردنەوەیە. لەم سۆنگەیەوە لێکۆڵەر پێیوایە کە دەربڕینە چەسپاوەکان بەگشتی بەهۆی ئەوەی کە کەمترین گۆڕانکاری قبوڵدەکەن و بەڕادەیەک چەسپاون، هۆکارن بۆ پاراستنی وشەکانی زمان و لە بیرنەچوونەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆرتر.

## ٢/٢-٣-١) تێگەیشتن لە میتافۆر

کاتێک دەربڕینێک بە واتای فەرهەنگی تێگەیشتنی دروستنەکرد، دەکرێت پێشبینیی ئەوەی لێبکرێت کە بارگاوییە بە جۆرێک لە واتای دەوربەرە زمانیی و نازمانییەکان، ئەمەش وا لێکدەدرێتەوە کە واتای شاراوەی دەربڕینەکەیە. گیبس(**Gibbs**) واتای میتافۆری بە چەشنێک لە واتای ناپیتیی جیادەکردەوە (ئەحمەد، سەعید و ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٣٠).

تێگەیشتن لە واتای میتافۆر دەکرێت بە پێی ئەو پێوەرە باوانە بێت کە لە زمانەوانییدا بۆ تێگەیشتن لە دەربڕینە نافەرهەنگییەکان/ناپیتییەکان پێشنیازکراوە، وەک لای (لیۆنز Lyons– ١٩٧٧،

گرایس Grice– ١٩٧٥، جانس و بیڤەر Janus & Bever – ١٩٨٨) (Glucksberg: 2001: 14).
جێبەجێکردنی ئەم پێوەرانەش لە سەر میتافۆر دەکرێت، کاتێک دەربڕینێک بە واتای فەرهەنگی وێنا و تێگەیشتنی گونجاو نەبوو، گوێگر بە دوای واتایەکی میتافۆری گونجاو دەگەڕێت کە کەمترین کێشەی هەبێت لە گەڵ دەوروبەرەکەدا، بڕوانە نموونەی (٥٧).

٥٧/ ا) کچی خۆم گوڵە.

ب) کچی خۆم فریشتەیە.

لە نموونەکانی (٥٧)دا وشەکانی (گوڵ، فریشتە) بە واتای میتافۆری بەکارهێنراون، ڕاستەوخۆ بە تێپەڕاندنی واتای فەرهەنگی بە واتای میتافۆری لێکدەدرێنەوە. پەیوەندی هەیە لە نێوان مەبەستی قسەکەر و واتای فەرهەنگی دەربڕینەکە، لە نێوان (جوانیی و گوڵ) یان (پاکێتی و فریشتە). هەر بۆیە دەربڕینەکە لێڵواتا نییە بە ڕادەی ئیدیەم، ئاخێوەر گەر یەکەمجاریشی بێت بیبیستێت لە واتاکەی تێدەگات و درک بە بەکارهێنانە میتافۆرییەکەی دەکات. بۆ تێگەیشتن پەسەندی واتای فەرهەنگی ناکات، پێشبینی ناکات کچی قسەکەر گەڵا و لقی هەبێت یان دوو باڵی هەبێت. پەیوەست بە تێگەیشتن لە واتای میتافۆری چەند خاڵێکمان بۆ ڕووندەبێتەوە:

ا) تێگەیشتن لە واتای میتافۆری لە بەکارهێناندایە، وابەستەی دەوروبەری زمانی و نازمانییەکانە. جیاواز لە واتای فەرهەنگی کە خاڵییە لە دەوروبەر و واتاکە وەک خۆی دەبێت دەوروبەر هەرچۆنێک بێت. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەک (سەگ جۆرێکە لە ئاژەڵ)، کێ بیڵێت و کێ بیبیستێت و لە هەرکات و شوێنێکدا هەر هەمان واتای فەرهەنگی هەیە.

ب) سەرەتای لێکدانەوە بۆ واتای فەرهەنگییە، لە پێشدا واتای پیتی هەڵدەگوزرێت کە کات و ئەرکی کەمتری دەوێت، پاشان لێکدانەوە بۆ واتای میتافۆریی دەکرێت.

پ) ئەگەر کێشە هەبوو لە تێگەیشتنی دەربڕینێک بە واتا فەرهەنگی، ئەو کات بەدوای واتایەکی تردا دەگەڕێین، وەک واتای میتافۆری (سەرچاوەی پێشوو:١٤).
میتافۆر لە پاڵ دەربڕینە چەسپاوەکانی تردا بە گرفتێکی واتایی بەردەم وەرگێڕان دادەنرێت، پاشخانی کولتووری و ئاوەزمەندی ئاخێوەرانی زمانی سەرچاوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە داڕشتن

و درککردنی میتافۆردا، کە مەرج نییە هاوتای لە زمانی ئامانجدا بەو جۆرە بەرهەمهێنرابێت. دوای تێگەیشتنی وەرگێر لە دەربڕینێکی میتافۆری زمانی سەرچاوە، دووبارە هەوڵی بەرهەمهێنانەوی میتافۆرەکە دەدات لە زمانی ئامانجدا، بەڕەچاوکردنی واتا و کاریگەریی، ئەمەش لە زۆرجاردا بە وەرگێڕانی پیتیی نابێت. پێویستە ئەوەیش بخەینەڕوو، هەتا لایەنە پێکهێنەکانی میتافۆڕ لە زمانی سەرچاوە و ئامانجدا، ناوکۆییان کەم بێت و جیاوازبن، وەک لایەنی کۆمەڵایەتی، ئاینیی، دنیابینی،...هتد، وەرگێر گرفتی زیاتری لە دۆزینەوەی هاوتادا لە زمانی ئامانجدا دەبێت.

## ٢/٢-٣-٢) پۆلکردنی میتافۆر

بەدرێژایی ئەو کاتانەی کە لێکۆڵینەوەکان لە سەر میتافۆر کراون، پۆلێنی جۆراوجۆری بۆ کراوە. ئەرستۆ بە (باوەکان، ناباوەکان)، (سادە، تێکەڵ) پۆلێنی کردوون. (Kittay: 1981: 34) دوو جۆری لێ دەستنیشانکردوون، ئەوانیش (میتافۆری زیندوو، میتافۆری مردوو)، زیندوو بەو واتایەی کە پێکهاتنی میتافۆرەکە نوێبێت و واتا میتافۆریەکەشی ڕوونبێت، مردووش کاتێک کە واتا میتافۆرییەکەی ئاشکرا نەبێت. (V.D.Broeck: 1981: 75) میتافۆری پۆلێنکردووە بۆ ا- میتافۆرە بەلێکسیمبووە فەرهەنگییەکان: ئەوانەن کە واتای بنەڕەتی خۆیان لە دەستداوە و بوونەتە فەرهەنگی. ب- میتافۆرە باوەکان: ئەوانەن کە لەبواری ئەدەبدا بەکاردێن.

پەیوەست بەم لێکۆڵینەوەیە، پۆلێنی نیومارک بۆ پەسنی میتافۆر پەسەنددەکەین، لەبەرئەوەی کە جێبەجێکردنی بەسەر وەرگێڕانیشدا زانستیانە ئەنجامدراوە. (Newmark: 1988: 106) پۆلێنی میتافۆر دەکات بە شەش جۆرەوە:

ا) میتافۆری مردوو

ئەو میتافۆرانەن کە بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە و بە تێپەڕبوونی کات، یاخود بەهۆی ئەوەی کە هەمان وێنە بەرجەستەدەکەن، واتا شاراوەکەیان لەدەستداوە و وەک دەربڕینێکی ئاسایی بەکاردەهێنرێن، لە چەمکەکانی شوێن و کات یان بەشەکانی جەستە زۆرتر دەبینرێن. " میتافۆری مردوو ئەو وشانەن کە خەڵکی بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاریانهێناون، وای لێهاتووە، کە واتای حەقیقی (Direct meaning) و واتای میتافۆرییەکەی (Transferred meaning) لێک جیا ناکرێتەوە" (عەلاف: ٢٠٠٩: ١٥٤). بڕوانە نموونەی (٥٨).

٥٨) قاچی کورسی، قاچی مێز، قاچی قەنەفە

Sofa feet, Table feet, Chair feet

وشەی قاچ لە بنەڕەتدا وەک ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ واتای فەرهەنگی چەسپاوە، بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە لە واتای فەرهەنگی دورکەوتونەتەوە و بۆ بوارێکی تر بەکارهاتوون. لە وەرگێڕانیشدا بە دەگمەن گرفت دروستدەکەن و دەکرێت هاوتای گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

ب) میتافۆری کلێشەیی

ئەو میتافۆرانەن کە زۆرجار بۆ دەربڕینی چەمک و بیرێکی ڕوون لایەنی جوانکاری فەرامۆشدەکات، "میتافۆری کلێشەیی، هەمیشە جێگەی بیرێکی دیار و ئاشکرا دەگرێتەوە، کە زۆرجار بۆ گوزارشکردن لە هەستەکان بەکاردەهێنرێن" (ئەحمەد؛ سەعید و ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٣٣).

نیومارک پێیوایە کە لە وەرگێڕانی میتافۆرە کلێشەییەکاندا، دەبێت وەرگێر لە واتای پیتی دەربڕینەکان دووربکەوێتەوە، هەوڵی دۆزینەوەی هاوتای کلێشەیی بدات ئەگەرچی لە ڕووی وێناکردنەوە جیاوازبن، بەڵام دەبێت هەڵگری هەمان بیر و چەمک بن و بۆ هەمان مەبەست بەکاربهێنرێن، چونکە خودی "دەربڕینە میتافۆرییەکە بۆ جێگرتنەوەی بیرێکی ئاشکرا بەکاردێت" (Dickins: 2005: 237). بڕوانە نموونەی (٥٩).

٥٩/ ا) زەڵاتەیە

ب) Bread and butter, Piece of Cake (نان و کەرە، پارچەیەک کێک)

پ) میتافۆری پواو

ئەمجۆرە لە میتافۆر بە شێوازێکی گونجاو و کاریگەر دادەنرێت لە پەسنی چەمکە کۆنکریتی و ئەبستراکتەکان، کاریگەری دەخاتە سەر لایەنی هەست و سۆز، بەپێچەوانەی میتافۆرە مردووەکان

چالاکانە ئەرکی لایەنی جوانکاری دەربڕینەکەشی دەبینێت. لە وەرگێڕانی ئەم دەربڕینانەدا ئاستەنگ بۆ وەرگێڕ دروستدەبێت، چونکە بەکارهێنانی ئەم میتافۆرە بەپێی کولتوورەکان و ئاستی کۆمەڵایەتی و تەمەنی ئاخێوەرە. چارەسەری ئەم ئاستەنگەش بە دۆزینەوەی میتافۆری هاوتای لە زمانی ئامانجدا دەبێت کە هەمان وێنەی دەربڕینە میتافۆرییەکە بپارێزێت، یان لانیکەم هەمان واتا و کاریگەری لە ڕووی سۆزەوە ببەخشێت، بڕوانە نموونەی (٦٠).

٦٠/ ا) برسێتی ڕەگی هاری بەدواوەیە.

ب) .Hunger breaks stone walls (برسێتی دیواری بەرد دەڕوخێنێ)

ت) میتافۆری گونجێنراو

ئەمجۆرە لە میتافۆر بەهۆی بەکارهێنانی میتافۆری پواوەوە لە دەوروبەرێکی نوێدا، دێتە ئاراوە. بە "ئاوێتەیەکی میتافۆری نەگۆڕ و جێگیر پەسندەکرێت، کە لە دەوروبەرێکی نوێدا دەگونجێنرێت، یاخود بە هەندێ ڕێگا تایبەتمەند دەکرێت"(ئەحمەد؛ سەعید و ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٣٤). نیومارک بە میتافۆری گونجێنراو لە لایەن قسەکەر/نوسەر پەسنیکردووە. بڕوانە نموونەی (٦١).

٦١/ ا) ئەگەر بارت کەوتە لێژی، کەس چاکت پێ نایژی. (میتافۆری پواو)

ب) یاخوا کەس باری لار نەبێت. (میتافۆری گونجێنراو)

پ) .The ball is in their court (تۆپەکە لە یاریگای ئەواندایە) (میتافۆری پواو)

ت) .The ball is a little in their court (تۆپەکە کەمێک لە یاریگای ئەواندایە) (میتافۆری گونجێنراو) (Dickins: 2005: 237)

ج) میتافۆری داهێنراو (Original Metaphor)

ئەو جۆرە میتافۆرانەیە کە ئاخێوەر یان نوسەر بەرهەمیدەهێنێت، لە ناو خەڵکدا باونین و ڕۆژانە بەکارناهێنرێن بەڵکو تاک لایەنانە بەرهەمدێت. (میتافۆرە داهێنراوەکان فەرهەنگی نین non-lexicalized، هەروەها جیاوازن لە میتافۆری گونجێنراو) (سەرچاوەی پێشوو، هەمان پەڕە). چونکە میتافۆری گونجێنراو دەربڕی باوی نێو ئاخێوەرانە و نوسەر یان ئاخێوەر بە کەمێک گۆڕانکارییەوە بەرهەمی هێناوە، بەڵام میتافۆری داهێنراو زادەی شێواز و بیری داهێنەرەکەیەتی(وەک لە دەقە ئەدەبییەکاندا بڵاون). لە وەرگێڕانیشدا دەکرێت تاڕادەیەک بە وەرگێڕانی پیتی و بە ڕەچاوکردنی شێوازی زمانی ئامانج و مەبەست وەربگێردرێن. بڕوانە نموونەی (٦٢)

٦٢/ a) heard melodies are sweet but those unheard are sweeter.

ئاوازە بیستراوەکان جوانن، بەڵام نەبیستراوەکان جوانترن.

b) I began to drown in a sea of memories.

خەریکە نوقمی دەریایەک لە بیرەوەرییەکان دەبم.

چ) میتافۆری نوێ (Recent Metaphor)

ئەمجۆرە میتافۆرە لەو دەربڕینانەن کە بە شێوەیەکی خێرا بڵاودەبنەوە لە زماندا، دەربڕینێکی نوێن و نەبوونەتە باو، واتا هێشتا بە تەواوی نەچۆتە بواری فەرمی بەکارهێنانی زمان، نیومارک بە وشەی نوێی سەردەمیی لە کۆمەڵی زمانی سەرچاوە ناساندوویەتی و تایبەتە بەو زمانە. بڕوانە نموونەی (٦٣)

٦٣) بلۆک لە بنەڕەتدا کەرەستەی بیناسازییە، بەڵام لە زمانی نافەرمیدا بە واتای بڕێک دۆلار بەکاردێت.

Greenback لە ئینگلیزیدا بە واتای دۆلار لە زمانی بازاڕدا بەکاردێت.

## ٤-٢/٢) پەند

ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر پەند ئەنجامدراون، زیاتر بە ئاڕاستەی وێژەوانیدا بوون، وەک بابەتێکی فۆلکلۆری، زیاتر هەوڵی کۆکردنەوە و تۆمارکردن بووە. لە زۆر لێکۆڵینەوە بە پەندی پێشینان ناودەبرێن ، هەرچەندە پەندی سەردەمیش هەیە. لە ڕووی زمانەوانییەوە وەک پێویست لێینەکۆڵراوەتەوە.

عیزەدین مستەفا پێناسەی پەندی کردووە کە "بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک. ئەم پەندە هەمیشە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە فەلسەفەی ڕاستەقینەیە لە کاری ڕەوشت و خووەوە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد، هەموو کردارێک، چاک یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئامانجێک کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەرچییەک بێت دەچێتە تەرازووی پەندی پێشینانەوە" (ڕەسووڵ: ١٩٧٠: ٧٨).

لە فەرهەنگی (Oxford: ٢٠٠٥)دا پەند "بریتییە لە ڕستەیەک یان دەستەواژەیەکی باو، ئامۆژگارییەک لەخۆدەگرێت، یان وتەیەکی دروست و دوور لە گومانە بەگشتی"(هەمەوەندی: ٢٠١٣: ٤).

لە لایەنی زمانەوانیشەوە داڤید کریستاڵ بەمشێوەیە پێناسەی پەند دەکات "وتەیەکی کورت و پتەو و تێروتەسەلە، باوەڕێک یان حەقیقەتێکی لە پشتەوەیە، لەگەڵئەوشدا ئاماژە بۆ نەریتێک یان حیکمەتێک دەکات. هەندێکجار دەکرێت بە بەشی یەکسانەوە و واتایان پەیکاڵی سینتاکسە. هەندێکجاری دیش بە ئاواز و قافییەی هاوچەشن دەچەسپێن" [٣١٩ : ١٩٩٢: Crystal (ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٢)]. پەندەکان بە دەربڕینە چەسپاوەکان ئەژماردەکرێن و چەسپاویشیان ڕێژەییە. واتایان پێکهاتەییە، نابنە لێکسیمێک وەک ئیدیەمەکان(مەحویی: ٢٠٠٩: ١٦٥).

لێکۆڵینەوە پەندناسی(Paremiology)یە نوێیەکان بەو ئەنجامەمان دەگەیەنن کە پەندەکان هێشتا زیندوون و بەکاردەهێنرێن و ڕۆڵیان هەیە لە دەربڕینەکانماندا، لە زمانەکانی ئەم سەردەمەشدا هێشتا بەرهەمدەهێنرێن[Steyer: 2012: 7 (Hrisztalina, Melita: 2014: 1)]. بەگشتی پەندەکان دەربڕینێکی کورتن، زۆر بڵاون، واتا و بیرێکی قووڵ لە چەند وشەیەکدا گەنجکراون، پوختەی ئەزموونەکانی کۆمەڵن، بەپێی سەردەمەکانیان ناوکۆیی لە سەر ناواخنە واتاییەکانیان هەیە. وەک دەربڕینێکی

چەسپاو واتایان گشتییە و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر وەک خۆی یان بە گۆڕانکارییەوە، دەگوازێتەوە.

پەندەکان هەڵگری کولتووری کۆمەڵن، ئەو ڕەنگدانەوە زۆرەی کولتووریش تێیدا وایکردووە لەلایەنی وەرگێڕانیشەوە جێی بایەخبن. هەندێک لە پەندەکان هەڵگری بیر و ئەزموونی هاوبەشن، ئەمەش هۆکاری بوونی پەندی هاوبەشە لە نێوان کولتوورەکاندا، بەتایبەتی لە کولتوورە نزیکەکاندا. هاوبەشیەکەش یارمەتیدەری وەرگێڕە لە دۆزینەوەی هاوتای پەندەکان لە نێوان زمانەکاندا. لە لایەکی تریشەوە هەندێک لە پەندەکان هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکی کولتووری زمانی سەرچاوەن کە لە کولتووری زمانی ئامانجدا نادۆزرێنەوە و ئاستەنگ بۆ وەرگێڕ دروستدەکەن، بە تایبەت لە وەرگێڕانی ئامێرییدا کە وەک ژمارە مامەڵە لە گەڵ داتاکاندا دەکات و خاڵییە لە دەوروبەرە کولتوورییەکان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی تەنانەت لە ناو خودی زمانێکیشدا واتای پەندەکان بە پێی دەوروبەرەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

لە بنەڕەتدا سەرچاوەی پەندەکان کۆمەڵ نین، بەڵکو تاکێکی کۆمەڵ لە کات و شوێنێکدا تێبینییەک، ڕایەک یان ئەزموونێکی لە دێڕێکدا بە داڕشتنێکی تایبەت پوخت و چڕکردۆتەوە. پاشان کەسانیتر وەک دەربڕینێکی چەسپاو گواستویانەتەوە. هەرچەندە هەندێک لە پەندەکان لە ڕووی سەردەمەوە نوێن، خاوەنەکانیان ئاشکران، ئەدیب شاعیر و سیاسەتمەدار و نوسەر و کەسانی دانای ناو کۆمەڵن، بەڵام زۆر بەدەگمەن ناویان پەیوەستدەکرێت بە پەندەکەوە.

### ٢/٢-٤-١) پەند لە ڕووی دروستەوە

دروستە و داڕشتنی پەندەکان تەواو پەیکاڵن لەگەڵ ڕێسا و مەرجە گرامایتکییەکان، هەروەها زۆر تایبەتمەندی بواری ئەدەبیشی لە خۆگرتووە، وەک کێش و سەروا و ئاواز و ڕەوانبێژی(ئەحمەد: ٢٠١٢: ٧٨). فۆرمی هەرە دیاری پەندیش ڕستەیە. هەر لەبەرئەمەشە پەندناسان بۆ پێناسەی پەند پەنایان بۆ سینتاکس بردووە. تایلۆر(Taylor)، ئەبرامز(Abrahams)، هۆڵبەک(Holbek) و (Rohrich and Mieder) پێیانوایە کە پەندەکان پێویستە ڕستەی تەواوبن Complete sentence، واتە ڕستە وەک مەرجێکی بنەڕەتی بۆ دروستەی پەند دەستنیشانی دەکەن(Hrisztalina, Melita: 2014: 10). (Mieder) پێناسەی پەند دەکات کە "ڕستەیەکی کورتە لە

حیکمەت wisdom" (سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە). بەمشیوەیەش دروستەی پەندەکان پەیکاڵی یاسا سینتاکسییەکانن، بڕوانە هێڵکاری (١١).




| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| مارانگاز | له خشەی مێروو | ئەترس | Ø | یّت | (پەند) |
| منداڵ | له دەنگی بەرز | ئەترس | Ø | یّت | (ڕستەی ئاسایی) |

هێڵکاری ژماره (١١)     (پەیکاڵبوونی دروستەیی پەند و ڕسته)

## ٢/٢-٤-١-١) دەرکەوتنی پەندەکان بەپێی جۆرەکانی ڕستە

لە ڕوانگەی سینتاکسەوە پەندەکان بەپێی جۆرەکانی ڕستە دەردەکەون، پۆلدەکرێن بۆ سێ جۆر، بەپێی ئەو ڕستە و پاڕستانەی کە لێی پێکهاتوون. جۆرەکانیش بریتین لە:

ا) ڕستەی سادە Simple sentence

تەنیا لە ڕستەیەک پێکدێن و یەک کرداریان تێدایە. بڕوانە نموونەی (٦٤).

٦٤) لە ئاوی مەنگ بترسە.

Still waters run deep.

ب) ڕستەی لێکدراو Compund sentence

ئەو جۆرەیە کە لە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕستە یان زیاتر دروست دەبێت، ئامڕازی لێکدەر بەیەکیانەوە دەبەستێتەوە، لە ڕووی ڕێزمانەوە هەریەکەیان وەک ڕستەیەکی سەربەخۆ ڕەفتار دەکەن (ڕەسول:٢٠٠٤: ٣٨)، بڕوانە نموونەی (٦٥).

٦٥) چاکە بکە و بیدە بە دەم ئاوەوە.

Falseness lasts an hour and truth lasts till the end. (درۆ یەک کاتژمێر بەرگەدەگرێت و ڕاستی بۆ هەتا هەتایە)

پ) ڕستەی ئاڵۆز Complex sentence

ئەمجۆرەیان لە ڕستەیەکی سەرەکی و پاڕستە(Subclause)یەک یان زیاتر، پێکدێن. ڕستە سەرەکییەکە ڕستەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام پاڕستەکان بەندن بە ڕستە سەرەکیەکەوە و چەند زانیارییەک لە بارەی توخمێکی ڕستەی سەرەکی لەخۆدەگرێت. باڵانسی دروستەیی لەم

پەندانەدا هاوتا نییە، بەجۆرێکە کە پاڕستەکان پشتبەستوون بە ڕستە سەرەکییەکە (فەرهادی: ٢٠١٥: ٤١٧) هەروەها (قادر: ٢٠٢١: ١-١٩) وە هەروەها(Hrisztalina, Melita: 2014: 10). بڕوانە نموونەی (٦٦). (بۆ زانیاری لەسەر ڕستەی ئاڵۆز بڕوانە(مەعرووف:٢٠٠٩)).

٦٦) ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ، دەیگوت ترشە.

It is a bad cloth, that will take no colour. (ئەو قوماشە خراپە کە هیچ ڕەنگێک وەرناگرێت)

## ٢/٢-٤-١-٢) پۆلکردنی پەندەکان بەپێی ئەرکەکانی ڕستە

ڕستەکان لە ڕووی ئەرکەوە بۆ چوار جۆر پۆلدەکرێن، پەندەکانیش پەیکاڵی ئەم پۆلکردنەی ڕستەکانن. جۆرەکانیش بریتین لە:

ا) هەواڵی : ئەمجۆرە پەسەندترین و باوترینە لە پەندەکاندا(Mac Coinnigh: 2015: 119). مەبەست لە پەندەکە گەیاندنی هەواڵیک یان زانیارییەک یان ئامۆژگارییەکە، بڕوانە نموونەی (٦٧).

٦٧) پەتی درۆ کورتە. هەر دارێک نەرم بێت، کرم ئەیخوا.

Bad news travels fast. (هەواڵی خراپ خێرا دەگواسترێتەوە)

ب) پرسیاری: لە دوو شیوازی پرسیارکردن پێکدین، ئەوانیش:

یەکەم: شێوازی پرسیارێک کە لە ڕستەی ئاساییدا وەڵامی بەڵێ/نەخێری دەوێت. بڕوانە (٦٨)

٦٨) ماسی لە ئاودا سەوا دەکرێت؟

dose a chiken have lips? (مریشک لێوی هەیە؟)

دووەم: شێوازی پرسیار لە بابەتێکی کراوە. بڕوانە (٦٩)

٦٩) کە نەزانی بزێیت، بۆ کەڵ ئەگریت؟

What would you expect from a pig but a grunt? (جگە لە مرقەمرق چاوەڕیی چی لە بەراز دەکەن؟)

بێگومان شێوازی پرسیارییەکەی ئەمجۆرە پەندانەی (٦٨، ٦٩) تەنها بۆ لایەنی ڕەوانبێژی پەندەکەیە، واتا چاوەڕوان ناکرێت وەڵام بدرێتەوە.

پ) فەرمانی: ئەرک و چەمکی ئەمجۆرە ڕستەیە فەرماندانە یان داخوازییە، بڕوانە نموونەی (٧٠).

٧٠) بدە ڕەنج، بخۆ گەنج.

Look before you leap. (پێش بازدان، تەماشا بکە.)

چ) سەرسوڕمان: بۆ چەمکی سەرسامی و سەرسوڕمان. بڕوانە (٧١)

٧١) تەمەڵ کە وتی: وا هەمە ئەیخۆم لە دواییا ئەڵێ ئای چیم کرد بەخۆم! (هوشیار:٢٠٠٧: ٢٤٤)

beggars can't be choosers! (دەرۆزەکەرەکان ناکرێت هەڵبژێرن! )

## ٢/٢-٤-٢) پەند لە ڕووی واتاوە

ئەو فۆرمە ئامادە و کورتبڕانەی پەند، هەڵگری واتایەکی قوڵ و فراوانن، کە لە چەند وشەیەکی کورتدا گەنجکراون. پەندەکان لە چەندین بابەت و دیاردەی هەمەچەشنەی کۆمەڵە جیاوازەکان دەدوێن. لە ڕوانگەی سیمانتیکییەوە واتای پەندەکان بە شێوەیەکی ڕێژەییە، لە نێوان ڕوون و لێڵواتادایە. واتایان میتافۆریی یان نامیتافۆرییە و لە پێکهێنەرەکانییەوە دەستدەخرێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە دەکرێت دوو جۆر لە پەندەکان دەستنیشان بکەین کە بریتین لە:

یەکەم: ئەو پەندانەی بە واتای فەرهەنگییان هاتوون(نامیتافۆریی)، لە واتای دانە پێکهێنەرەکانیانەوە دوور نەکەوتوونەتەوە، واتایان ڕوون و ئاشکرایە. بڕوانە نموونەی (٧٢).

٧٢/ ا) ژنی بەد ژانە، گەر خۆتی لێدەیت ماڵت وێرانە.

ب) ئەگەر زۆر بڵێیت، زۆریش هەڵە دەکەیت.

دووەم: ئەو پەندانەی بە واتای نافەرهەنگی(میتافۆریی) هاتوون(مەگەر لە سنوورێکی زۆر تەسکدا بە واتای فەرهەنگی بێت). بە هۆی دەوروبەری بەکارهێنانەوە واتایان ڕووندەبێتەوە، چونکە واتایان زۆر فراوانە. بڕوانە نموونەی (٧٣).

٧٣/ ا) سوار تا نەگلێ، نابێت بە سوار.

ب) ئەوی ناوکی بوێ، ئەبێ توێکڵ بشکێنێ.

لە وەرگێڕانیشدا، واتای پەندەکان بە وەرگێڕانی وشە بە وشە ناگواسترێتەوە بۆ زمانی ئامانج، دەوروبەر و کولتوور لە دیاریکردنی واتای پەندەکاندا ڕۆڵی کاریگەریان هەیە. هەربۆیە وەرگێڕی سەرکەوتوو پێویستە شارەزای تایبەتمەندییە زمانی و نازمانییەکانی زمانی سەرچاوە و ئامانج بێت.

## ٢/٢-٤-٣) تایبەتمەندێتی پەندەکان

ئەو پەیکاڵبوونەی پەندەکان لەگەڵ ڕستەی ئاسایی لە ڕووی دروستەییەوە، بەرەو ئەو پرسیارەمان دەبات کە ئایا چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان پەند و ڕستەیەکی ئاسایی؟ ئەو تایبەتمەندییانە چین کە بەهۆیانەوە خوێنەر/گوێگر دەربڕینێک وەک پەند بناسنەوە.

هەر پەیوەست بە فۆرمی پەندەکانەوە، تێبینی دەکرێت زۆرێک لە پەندەکان لە ڕووی داڕشتنیانەوە هاوشێوەی یەکن. تایلۆر (Taylor: 1962: 16) پێیوایە کە "زۆرجار پەندە نوێیەکان لەسەر مۆدێلی پەندە کۆنەکان دروست دەکرێنەوە، هەندێ لە چێوەکان بە ئاسانی دەستدەدەن

بۆ تۆمارکردنی بیری نوێ تیایاندا". بەپێی لێکۆڵینەوەکانیش مۆدێلی هاوبەشی بڵاوی پەندەکان لە زمانەکاندا بوونیان هەیە(هەروەک چۆن لە ناوەڕۆکیشدا هاوبەشی هەیە، وەک چەمکەکانی بەها و ڕەوشت)(Krikman: 1998: 52). بڕوانە نموونەکانی (٧٤، ٧٥، ٧٦).

٧٤) مۆدێلی X is Y

کات زێڕە. بەری تەنگانە کورتە.

Time is money. (کات سامانە)

٧٥) مۆدێلی X is better than Y

مۆمێک باشترە لە چرای بێ نەوت. خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن.

Better one now than two in the future. (دانەیەکی ئێستا لە دووانی داهاتوو باشترە)

٧٦) مۆدێلی No X , no Y

ئەوەی لە ماڵم نییە، ئاگای لە حاڵم نییە.

No pain, no gain. (بێ ڕەنج دەسکەوتت نابێ)

سەرباری ئەمانەش، زۆرێک لە پەندەکان خاوەنی کێش و سەروان، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بڵاوی پەندەکان چونکە ئاواز(Rhyme)ی تایبەتیان هەیە و بۆ لەبەرکردن ئاسانن (بڕوانە نموونەی ٧٧). هەروەها لە دروستەی ڕووکەشی هەندێک پەندەکاندا پێکهێنەرێکی سەرەکی پەندەکە کرتاوە، ئەمەش وەک تایبەتمەندییەکی فۆرمەکەیەتی بڕوانە (٧٧).

٧٧) من ئاغا، تۆ ئاغا، کێ جێگەمان بۆ ڕاخا.

Birds of a feather, flock together. (باڵندە هاوچەشنەکان، پێکەوە پۆلدەبەستن)

لە ڕاستییدا هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی پەندەکان، سەرباری ناسینەوە بە هۆی دەوروبەرەکان، وا لە خوێنەر/گوێگر دەکات کە سەرەڕای گۆڕانکارییە فەرهەنگی و گراماتیکییەکان، پەندەکان وەک دەربڕینێکی چەسپاو بناسنەوە. ئەمەش بە هۆی بەهێزی کۆدکردنییەوە کە لەو تایبەتمەنییانەوە سەرچاوەی گرتووە، لە ڕووی دروستەوە نیشانە لێدراون، لە ڕووی واتا و ناوەڕۆکیشەوە هەڵگری ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و دەروونی گەورەترن لە دەربڕینە ئاساییەکان. دەکرێت تایبەتمەندێتی پەندەکان لە سەر ئاستەکانی فۆنۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی وپراگماتیکی بە نیشانە لێدانی پەند Proverbial marker دابنرێت، کە بەهۆیانەوە پەند لە دروستەیەکی سینتاکسی ئازاد جیادەکرێتەوە(Mieder: 2004: 7).

# بەشی سێیەم

# گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی

## بەشی سێیەم: گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی

### ١/٣) گرفتە واتاییەکان

تەکنەلۆجیا و زانستی کۆمپیوتەر بە خێرایی گەشەیانکردووە و چوونەتە زۆربەی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەم پێشکەوتنانەش کاریگەرییان لەسەر زمانەکان هەیە، زمانی کوردیش پێویستی بە پلان و ڕێکخستنێکە بۆ خۆگونجاندن و دەستگەیشتن بەو هەموو زانست و زانیارییانەی نێو دنیای دەرەوەی زمان. خاڵی سەرەکی گەشەکردن و فراوانبوونی بەکارهێنانی وەرگێڕانی ئامێرییش بەشێکە لەم شەپۆلە گەورەیەی زانست و تەکنەلۆجیا. هەروەها وەرگێڕی مرۆیی وەک چەندایەتیی توانای گواستنەوەی ئەو برە بێشومارەی زانیاریی دنیای ئەمڕۆی نییە، هەر بۆیە پەنابردنەبەر ئامێر/کۆمپیوتەر بۆ هاوکاریکردن لە پیواژۆی وەرگێڕان، کارێکی پێویستبووە. بەڵام ئەم کارەش بێگرفت و کێشە نییە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو وەرگێڕانەی کە مەبەستمانە وەرگێڕانی وشە بە وشە نییە، بەهۆی فەرهەنگێکی دوو زمانییەوە، بەڵکو مەبەست لە وەرگێڕانێکی پیشەییانەیە بە بەکارهێنانی ئامێری تایبەت کە لە ئێستادا کۆمپیوتەر و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانە. لە ڕاستیدا لە وەرگێڕانی دەربڕینە ئازادەکانیشدا، ئامێر تووشی گرفت دەبێت و چەندین کەموکورتی تێدا دەردەکەوێت، بڕوانە نموونەی (٧٨).

(٧٨



له (٧٨)دا دەردەکەوێت کە ئامێرەکە توانای پەیبردنی بە ناوی تایبەتی (بەهار) نییە و بە وەرز ئەژماریکردووە، هەروەها چەندین گرفتی تر لە پەیوەندییە واتاییەکان وەک (هاواتایی، فرەواتایی و هاوبێژی، لێڵی و...هتد، (بۆ پەیوەندییە واتاییەکان بڕوانە (محەممەد: ٢٠١٠: ٦٥-١٥٧)). بەڵام لە بەرئەوەی سنووری لێکۆڵینەوەکەمان لە دەربڕینە چەسپاوەکاندایە، خستنەڕووی نموونەی پەیوەندییە واتاییەکان بە پێویست نازانرێت.

## ١-١/٣) گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی ئیدیەمدا

لەبەرئەوەی واتای ئیدیەم لە پێکهاتەکەیەوە بە دەستناخرێت، پێشبینیی دەکرێت زۆرترین گرفت لە وەرگێڕانیدا هەبێت، سەرباری ئەوەش زۆربەی ئیدیەمەکان تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراوەوە، تەنانەت لە هەندێک زمانی پێشکەوتووی قۆناغ بڕدا، ئیدیەمەکان فەرهەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە، وەک(The Oxford Dictionary of Idiom). دۆزینەوەی هاوتای ئیدیەمێک لە زمانی ئامانجدا بە پێی ستراتیژێکی زانستی کارێکی ئاسان نییە، بڕوانە نموونەی (٧٩).

(١/٧٩



ب/

نادری بۆ کەوەر.

Sent to cover.

واتا بە ئامێرەکە (بینێرە بۆ سەرقاپ/ داپۆشەر)

Open in Google Translate • Feedback

پ/

بڕۆ بۆ حەلاوی باس کە.

Go to Halawi Talk about that.

واتا بە ئامێرەکە (بڕۆ بۆ حەلاو لەو بارەیەوە قسەبکە)

Open in Google Translate • Feedback

چ/

خوێندکارەکانی کردووە بە ماستی مەییو.

He has made his students fat yogurt.

واتا بە ئامێرەکە (خوێندکارەکانی کردووە بە ماستی چەور)

Open in Google Translate • Feedback

وەک لە نموونەکانی(٧٩) دەردەکەوێت ئامێرەکە پەی بە واتای ئیدیەمەکان نەبردووە لە (١/٧٩)دا (مێش میوانی نییە) بە واتای بێباکی و بێخەمی و گوێنەدان بە شتێک دێت، لە (ب)دا (ناردی بۆ کەوەر) بە واتای لە کۆڵکردنەوە و فریودان بەکاردێت، لە (پ)دا (بڕۆ بۆ حەلاوی باسکە) بەواتای باوەڕپێنەکردن و گوێپێنەدان دێت، لە (چ)دا (ماستی مەییو) بە واتای ئاقڵکردن و سرەوتن دێت. ئامێرەکە بە کەموکوڕییەوە بە واتای پیتی وەرگێڕانی ئەنجامداوە، واتای ئیدیەمیش لە واتای پیتییەوە دەستناخرێت. ئامێرەکە ڕووی وەرگێڕانەکەی بە ئاڕاستەی زمانی ئامانج نەکردووە و تووشی گرفتی تەواوەتی بووە لە واتادا و بە هیچ جۆرێک خوێنەری زمانی ئامانج پەی بە واتای ئیدیەمەکان نابات گەر بەم شێوەیە وەربگێڕدرێت.

دەوروبەر بە هەموو جۆرەکانییەوە ڕۆڵێکی بەهاداریان لە واتای سیمانتیکیی دەربڕینەکاندا هەیە، پەراوێزخستنی لە وەرگێڕاندا دەبێتە هۆی نەناسینەوەی دەربڕینێکی ئیدیەمی و تێنەگەیشتن لە دەقی زمانی سەرچاوە و شێواندنی واتا لە زمانی ئامانجدا، واتا وەرگێڕانەکە سەرکەوتوو نابێت. هەروەها هەندێ لەو دەربڕینانە بە هەردوو ئاڕاستەی واتای پیتی و ئیدیەمی بەکاردەهێنرێن، لێرەشدا ئامێرەکە بە واتای پیتی وەرگێڕان دەکات و واتای پیتییش خاڵییە لە دەوروبەر. بڕوانە نموونەکانی (٨٠) و (٨١)کە گریمانەیەکی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە:

٨٠) – نازانم ئەم بابەتە بۆ کامیان باس بکەم؟

+ بڕۆ بۆ حەلاوی باس کە.

٨١) _ دەرفەتێکی ترم بدەرێ، بەڵێن بێت هەموو پارەکەت دەدەمەوە.

+ بڕۆ بۆ حەلاوی باس کە.

پەی نەبردنی ئامێری وەرگێڕان بە دەوروبەرکان(بە تایبەت لێرەدا کە نیشانە پراگماتییەکانیش ڕۆڵ دەبینن) گرفتی واتایی بەرهەمێناوە، بەڵام وەرگێڕێکی مرۆیی شارەزا، بە تێگەیشتن لە دەربڕینی زمانی سەرچاوە و ڕەچاوکردنی دەوروبەرەکان دەتوانێت واتای پیتی لە ئیدیەمی جیابکاتەوە و بە ستراتیژێکی زانستی نزیکترین هاوتا بۆ دەربڕینەکە بدۆزێتەوە و واتا بگوازێتەوە بۆ زمانی ئامانج، دەتوانێت وەک هاوتا ئیدیەمی tell it to the Marines. (https://dictionary.cambridge.org/) بە واتای (بڕۆ بۆ کەشتیوانەکانی باس کە) لە بری (بڕۆ بۆ حەلاوی باس کە) لە نموونەی (٨١) بەکاربهێنێت کە هەردوو دەربڕینەکە بە واتای (بڕوات پێناکەم)ە، چونکە ئیدیەمەکان "نابێ وشە بە وشە وەرگێڕدرێنەوە، بەڵکوو دەبێ هەموو واتاکەیان

پێکەوە وەربگێڕدرێت و لە زمانی ئامانجدا هاوتای بۆ بدۆزرێتەوە" (مێنبەری، حەیدەری: ١٣٩٧: ١٠٠). وەرگێڕانێکی دروستی ئیدیەم پێویستی بە وەرگێڕێکە کە جگە لە گەنجی زمانی، شارەزای لایەنی کولتووری هەردوو زمانیش بێت، واتە دەوروبەرە کولتوورییەکان، بە پێچەوانەوە وەرگێڕانەکەی شێواو و هەندێکجار سەیروسەمەرەش دەبێت. بڕوانە نموونەی (٨٢)

(٨٢




واتا بە ئامێرەکە (ئەو شووی بە ئێمە کرد)

ئیدیەمەکان لە دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتیی و کولتووری دیاریکراوەوە سەرچاوەدەگرن، بەسەر زمانی ئاخێوەرانی یەک زمان و کولتور و نەریت و بیروڕای هاوبەشەوەن، وەرنەگێڕانیان بە دروستی فەرامۆشکردنی ئەو لایەنە کولتوری و کۆمەڵایەتیە بەهادارانەیانە. ئیدیەمەکان "دانەی ئامادەی وتنن و ناکرێت لە دەوروبەر دابانبڕین و بۆ لێکدانەوەیان پێویستیمان بە دەوروبەر دەبێت"(حسەین:٢٠٠٩: ٥٥). لە ڕابردوویەکی نزیکدا تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بۆ شووکردن بە جۆرێک لە نەنگی تەماشاکراوە هەرچەندە بەپێی دابونەریتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانیش بووە، نەنگیبووە برا و باوکی کەسی شووکردوو خۆشی و شادییان بەو بۆنەیەوە دەربڕیبایە. هەر بۆیە لە نموونەی (٨٢) واتای ئیدیەمەکە بە (هەڵخەڵەتاندن و لە خشتەبردن) دێت، بەڵام لە کولتووری زمانی ئامانجدا بەو مانایە نایەت، نەناسینەوەی ئیدیەمەکە و دابڕینی لە دەوروبەرە کولتووریەکەی وەک ئەوەی وەرگێڕە ئامێرییەکە ئەنجامی دەدات، شکستی وەرگێڕانەکەی لێدەکەوێتەوە و ئەو ڕاستییەمان نیشاندەدات کە وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی دەربڕینە ئیدیەمیەکان سەرکەوتوو نەبووە و گرفتە واتاییەکانی بۆ چارەسەرنەکراوە.

## ٢-١/٣) گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی پێکەوەهاتووەکان

ئاخێوەرانی هەر زمانێک بە شێوەیەکی خۆرسکیانە لە دەربڕینەکانیاندا پێکەوەهاتنەکان بەکاردەهێنن، وشەیەک لەپاڵ وشەیەکی تردا بەرێککەوتن دووبارە دەکەنەوە و بەم شێوەیەش فۆرمێکی چەسپاو لەخۆدەگرێت. پەیوەست بە وەرگێڕانیشەوە، بەگشتی گرفتی پێکەوەهاتن کەم نین، پێویستی بە توانا و شارەزایی وەرگێڕ هەیە لە هەردوو زماندا. وەرنەگێڕانی دروستی ئەم دەربڕینانە و بەکارنەهێنانی هاوتای ڕاست، ئەگەر لە زۆر باریشدا نەبێتە هۆی تێنەگەیشتن لە دەربڕینەکە، دەبێتە هۆی بێتاموبۆیی و پشێوی لە ڕێکخستنەوەی دەقەکە لە زمانی ئامانجدا، چونکە پێکەوەهاتووەکان ڕۆڵیان هەیە لە یەکانگیریی و پەسەندێتی زماندا. بەدەر لە وەرگێڕانیان لە دوو حاڵەتدا پێکەوەهاتووەکان دەبەزێنرێت: ١- بەرهەمهێنانی میتافۆر، وەک (پیاوەکە تۆپی). ٢- بەرهەمهێنانی شیعر و زمانی شیعر، وەک (من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ)، بڕوانە (بێکەس: دیوانی من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ: ١٩٧٤)، هەروەها بڕوانە (کانەبی: هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد: ٢٠٠٩). نموونەی پێکەوەهاتووەکان لە ئامێری وەرگێڕانەکەدا ئەزموون دەکەین و لێکدانەوە بۆ ئەنجامەکانی دەکەین و گرفتەکانی دەخەینە ڕوو، بڕوانە نموونەی (٨٣).

٨٣)




بە گشتی ئاخێوەری کورد بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا ژیاوە، بۆ دەنگی گیانداران دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەبووە. ئەمە بۆ زمانی ئامانجیش ڕاستە. وەک چۆن کوردێک حیلە بۆ ئەسپ بەکاردێنێ ئینگلیزێکیش <Horse neigh> بەکاردێنێ. بەهۆی هەڵسوکەوتی هەردوو زمانەوە دوو پێکەوەهاتنی هاوتای یەک هەن کە تەواو پەیکاڵن. بەڵام لە (٨٣)دا ئامێرەکە بە tricks واتە <حیلە و تەڵەکەبازی> وەرگێڕانی بۆ ئەنجامداوە و بەتەواوەتی واتای دەربڕینەکەی شێواندووە،

تەنانەت ئەگەر لە دەوروبەرێکی زمانی فراوانتریشدا بیدەینە ئامێرەکە وەک نموونەی(٨٤) هەر هەمان ئەنجامی دەبێت؛ بەڵام وەک لایەنێکی بەراودکارانە هەمان دەربرین بە زمانی عەرەبی بەهەمان ئامێر وەردەگێڕین بۆ زمانی ئینگلیزی و ئەنجامێکی پەسەندی لێیدەکەوێتەوە و وردتر وەرگێڕانی بۆ کۆی ڕستەکە کردووە و جیاوازی کردووە لە نێوان (گوێلێبوون و گوێگرتن)ادا بڕوانە نموونەی(٨٥).

٨٤)




واتا بە ئامێرەکە (گوێمگرتبوو بۆ فێڵی ئەسپەکە)

٨٥)




واتا بە ئامێرەکە (گوێم لە حیلەی ئەسپەکە بوو)

به هەمان شێوە لە زۆربەی ئەو پێکەوەهاتنانەی تایبەتن بە دەنگی گیاندارانەوە، ئامێرەکە نەیتوانیوە وەرگێڕانێکی ڕاست و دروست ئەنجامبدات. لێکۆڵەر پێیوایە کە پەیوەست بە زمانی کوردییەوە نەبوونی فەرهەنگی دوو زمانی یان زیاتر تایبەت بە پێکەوەهاتنەکان، هەروەها تۆمارنەکردنی وەک داتای کۆمپیوتەری کاری وەرگێڕەکەی سەختکردووە، چونکە گرفتەکانی وەرگێڕانی پێکەوەهاتن لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە، بەڵام بوونی فەرهەنگی کۆمپیتەری تایبەت یارمەتیدەر دەبێت لە وەرگێڕانێکی پەسەندا. بڕوانە نموونەی ژمارە (٨٦).

| وەرگێڕانی مرۆیی | وەرگێڕانی بە ئامێر | پێکەوەهاتنەکان |
|---|---|---|
| Goose honk | Goose bumps | قیرەی قاز |
| Frog croak | Frog edge | قیرەی بۆق |
| Snake hiss | Snake chips | فیشکەی مار |
| Chicken cluck | Chicken coop | گارەی مریشک |
| Bee buzz | Bee visa | ویزەی هەنگ |
| Bird chrip | Swimming pool | جریوەی مەل |
| Dog bark | Comeon dog | وەڕەی سەگ |
| Pigeon coo | Cotter game | گمەی کۆتر |
| Wolf howl | Wolf wolf | لورەی گورگ |

وەک لە (٨٦)دا دەردەکەوێت سەرباری ئەوەی کە پێکەوەهاتنەکان لە هەردوو زماندا بە هەمان شێوەن و هاوتایان هەیە، بەڵام ئامێرەکە بە هیچ جۆرێک وەرگێڕانی ڕاستی ئەنجامنەداوە و هیچ واتایەکی نەگواستۆتەوە، دەربڕینی سەیری لێکەوتۆتە وەک ئەوەی قیرەی قازی بە واتای (موچوڕک، موو هەستان) وەرگێڕاوە، قیرەی بۆقی بە (قەراغی بۆق)، فیشکەی مار بە (جبسی مار)، گارەی مریشک بە (دەواجنی مریشک)، ویزەی هەنگ بە (ڤیزای هەنگ)، جریوەی مەل بە (حەوزی مەلە)، وەڕەی سەگ بە (وەرە سەگ)، گمەی کۆتر بە (گەمە/ یاری کۆتر) و لورەی گورگ بە (گورگ گورگ). لەکاتێکدا بۆ وەرگێڕێکی مرۆیی شارەزا کارێکی گران نییە، لەبەرئەوەی لە هەردوو زمانەکەدا هەمان پێکەوەهاتن و بە هەمان واتا بوونیان هەیە.

لە هەندێک بارێتریشدا دەربڕینی زمانی سەرچاوە بەهەمان شێوە نییە لەزمانی ئامانجدا، بۆیە وەرگێڕانی پیتیی گونجاو نییە ئەگەرچی لە گواستنەوەی واتادا ڕەنگە بە گشتی تێگەیشتنێکی دروستکردبێت، بەڵام بەو فۆرمە لە زمانی ئامانجدا بەکارناهێنرێت.بڕوانە نموونەی (٨٧).

(٨٧




له زمانی کوردیدا پێکەوەهاتنی ئاوەڵناوی پیس لەگەڵ هێلکەدا بە واتای بێکەڵکبوونی دێت چ بۆ خواردن و چ بۆ هەڵهێنان، واتە لە ناوەوە پیسبووە. لە وەرگێڕانیدا ئامێرەکە نەیتوانیوە لە زمانی ئامانجدا پێکەوەهاتنی هاوتای بۆ بدۆزێتەوە و بە پیتی وەرگێڕانی ئەنجامداوە، ئەمەش لەگەڵ سەلیقەی ئاخێوەری زمانی ئامانجدا یەکناگرێتەوە، لە زمانی ئینگلیزیدا پێکەوەهاتنی ( adlled egg) تەواو هاوتایە لەگەڵ هێلکەی پیس و ئامێرەکە پەی پێنەبردووە.

لەو بارانەشدا کە دەربڕینێک لە زمانی سەرچاوەدا بۆ چەمکێک بە چەند فۆرمێک دێن وەک پێکەوەهاتن، بەڵام لە زمانی ئامانجدا فۆرمێکی هەیە و نابێتە پێکەوەهاتن، پێشبینی دەکرێت ئەرکی وەرگێر ئاسانتربێت، چونکە بە تەنها دەربڕینێک واتای گونجاوی چەندین پێکەوەهاتن دەگەیەنێت. ئامێرەکە لە هەندێکیاندا پێکاویەتی(بڕوانە نموونەی(٨٨)) بەڵام لە هەندێکیدا گرفتی هەبووە(بڕوانە نموونەی(٨٩)).

(٨٨

قازەکە مرداربووەوە.




(٨٩

سەگەکە تۆپی.




واتا بە ئامێرەکە (سەگەکە تۆپە)

لە ئاوەزەی کورددا و پەیوەست بەو دەوروبەرە کولتوورییەی کورد تێیدا دەژی، لە سەر بنەمای جۆری گیاندارەکە بۆ چەمکی گیانلەدەستدان چەند پێکەوەهاتنێک بوونیان هەیە. مردن بۆ مرۆڤە، مرداربوونەوە بۆ ئەو گیاندارانەی گۆشتیان دەخورێت، تۆپین بۆ ئەوانەی گۆشتیان ناخورێت. وردتریش تەنانەت بۆ مرۆڤ بەپێی دەوروبەر چەندین دەربڕینیتر بەکاردێت. بڕوانە نموونەی (٩٠).

٩٠/ ا) پیاوەکە مرد.

ب) پیاوەکە گیانی سپارد/ وەفاتیکرد/ کۆچی دواییکرد/ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

پ) پیاوەکە لە کۆڵمان بووەوە/ لنگی جووتکرد/ تۆپی.

وەرگێڕانی ئەم دەربڕینانە پێویستی بە شارەزایی هەیە، ڕاستە کە هەموویان لە ژێر هایپۆنیمی<گیان لەدەستدان/مردن>دان، بەڵام بارگاوین بە لایەنی کولتووری و دەروونی و پلەیەک لە ڕێز نیشاندەدەن. (٩٠/أ) بێلایەنە، لە (٩٠/ب) ڕێز لە کەسی مردوو نراوە، (٩٠/پ) بۆ مەبەستی بێڕێزیکردنە بە کەسی مردوو(ئەگینا پێکەوەهاتنی لەوجۆرە لە زمانی کوردیدا لە ڕووی واتاییەوە پەسەند ناکرێت). دۆزینەوەی هاوتا بۆ ئەم پێکەوەهاتنانە ئاسان نییە، بەتایبەتی کاتێک دەبینین لە ئینگلیزیدا وشەی (die) بۆ هەموو گیان لەدەستدانێک بەکاردێت. بە واتایەکی تر گوێزانەوەی ئەو لایەنەی ڕێز و هەست و سۆز بۆ زمانی ئامانج لە پێکەوەهاتنێکی هاوتادا ئاسان نییە و ڕەنگە ئەستەم بێت؛ بەتایبەت بۆ وەرگێڕانی ئامێریی. بڕوانە نموونەی (٩١).

(٩١

| پێکەوەهاتنەکان | وەرگێڕانی بە ئامێر | وەرگێڕانی مرۆیی |
|---|---|---|
| پیاوەکە مرد | The man died | The man died |
| پیاوەکە وەفاتیکرد | The man died | The man passed away |
| قازەکە مرداربووەوە | The goose is dead | The goose is dead |
| سەگەکە تۆپی | The dog is a ball | The dog died |

لە (٩١)دا ئامێرەکە وەرگێڕانێکی گونجاوی بۆ وشەکانی (مرد، وەفاتیکرد، مرداربووەوە) کردووە و کرداری (die) وەک هاوتا دەستنیشانکردووە، بەڵام سەبارەت بە وشەی(تۆپی) ئامێرەکە وەک گیانلەدەستدانێک پەی پێنەبردووە و بە تۆپی یاریکردن دەستنیشانیکردوە و کەوتۆتە هەڵەیەکی گەورەوە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئامێرەکە لە هەندێ پێکەوەهاتنی زمانی ئامانجیشدا وەک هاوتا وەرگێڕانی گونجاوی ئەنجامداوە بڕوانە نموونەی (٩٢).

٩٢)

| پێکەوەهاتنەکان | وەرگێڕانی بە ئامێر |
| --- | --- |
| خواردنەکە خۆشە | The food is delicious |
| کەشێکی خۆشە | Nice weather |
| بۆنی خۆشە | Smells good |

## ٣-١/٣) گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی میتافۆر

میتافۆر دیاردەیەکی بەربڵاوی زمانە، بەشێکی دانەبڕاوی ئاخاوتنمانە، گواستنەوە و خواستنی وشەیەکە لە واتای فەرهەنگییەوە بۆ واتایەکی تر بە پێی دەوروبەر، ئاخێوەر بۆ دەربڕینی بیرەکانی سودێکی زۆری لێدەبینێت.

وەرگێڕەکان لە وەرگێڕانی میتافۆردا ڕووبەڕووی گرفت دەبنەوە، چونکە دنیابینی ئاخێوەرانی زمانێک لە دارِشتنی و یاریکردن بە نیشانە واتاییەکان، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان پێواژۆ بێت لە زمانی بەرانبەردا. پەیوەست بە وەرگێڕانی ئامێرییش کە زیاتر وەک وەرگێڕێکی پیتیی کاردەکات، ڕووبەڕووی زۆرترین گرفت دەبێتەوە. لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو، ئەزموونی وەرگێڕانیان دەکەین بە ئامێری وەرگێڕانەکە. بڕوانە نموونەی (٩٣).

(٩٣

ئەسپەکە بۆ کافتریاکە هات.

The horse came to the cafeteria.

Open in Google Translate • Feedback

لە زمانی کوردیدا واتای فەرهەنگی (ئەسپ) ئاژەڵێکی ڕووەکخۆرە، جوان و بەهێزە. وشەی ئەسپ شاوشەیە بۆ (ئەسپ و ماین). ئاخێوەری کورد لە بەکارهێناندا میتافۆرییانە بۆ (ڕێکی لەشولار، باڵابەرزی، پتەوی، شۆخ و شەنگی) ئافرەت بەکاریدەهێنێت. لە (٩٣)دا ئاخێوەری کورد تێدەگات کە (ئەسپ) نیشانەی واتایی (+ ئاژەڵ)ی سڕراوەتەوە، تیشک خراوەتە سەر نیشانەی جوانی جەستەیی، ئەمەش بە دوو هۆکار، یەکەمیان دەوروبەری گراماتیکییە، چونکە فریزی ( بۆ کافتریاکە) بەمەرجی (+مرۆڤ) ڕێگەپێدراوە لە لایەن کردارەکەوە. دووەمیان دەوروبەری کولتوورییە کە لە بونیادی میتافۆرەکەدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوە. بەڵام کاتێک ئامێرەکە وەرگێڕانی بۆ ئەنجامداوە، پەیوەست بە زمانی ئامانج ڕستەیەکی نالۆژیکی بەرهەمێناوە، چونکە ئامێرەکە واتای میتافۆری دەربڕینەکەی وەلاناوە یان هەر پەیپێنەبردووە و بە پیتیی وەرگێڕانی کردووە و دەشێت لە زمانی ئامانجدا واتای پێچەوانە و نەخواستراوی لێبکەوێتەوە بە بەڵگەی ئەوەی لە زمانی ئینگلیزیدا دەربڕینی چەسپاوی وەک (eats like a horse) هەیە کە بەواتای هەڵپەکردن بۆ خواردن و زۆرخۆری دێت.

(٩٤




واتا بە ئامێرەکە (ئاو خواردنەوە)

ئاو خواردنەوە میتافۆریانە بۆ چەمکی (ئاسانی) لای ئاخێوەری کورد بەکاردێت. هەمان چەمک لە زمانی ئینگلیزیدا بە خواردنی جۆرێک کێک (Easy as a pie) بەرهەمدەهێنرێت. کاتێک ئامێرەکە بە پیتیی وەرگێڕانی بۆ دەکات، هیچ تێگەیشتنێک لە زمانی ئامانجدا ناهێنێتە ئاراوە، چونکە مەرج نییە بەهەمان جۆر لەهەردوو زماندا دروستبووبن و ئاخێوەرانی زمانی بەرانبەر پەینابەن بەو پەیوەندییەی نێوان واتای چوێنراو و پێچوێنراوەکەدا.

### ٤-١/٣) گرفتی وەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی پەند

وەرگێڕانی پەندەکان کارێکی ئاسان نەبووە، چونکە واتای ئەم دەربڕینانە بە توندی پەیوەستن بە دەوروبەرە کولتوورییەکانەوە، هەروەها بەهۆی ئەو زمانە پڕ میتافۆری و ڕەوانبێژییەی لە بەرهەمهێنانیدا بەکارهاتووە.

لە وەرگێڕانی پەندەکاندا پێویستە وەرگێڕ شارەزای تایبەتمەندییە زمانی و نازمانییەکانی هەردوو کولتوور بێت. هەر پەندێک واتایەکی دیاریکراو لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا دەدات، لەبەرئەوە پێویستە بە وردی وەرگێڕانی بۆ بکرێت تاوەکو بتوانرێت نزیکترین هاوتای بە واتایەکی ڕاست لە زمانی ئامانجدا بۆ بدۆزێتەوە؛ چونکە پەند بە لای هەر کۆمەڵێکەوە دەربڕی ئاوەزمەندی و تێڕوانینیانە بۆ ژیان، خاوەن واتایەکی قوڵن کە وەرگێڕ دەبێت پەیپێبەرێت، سەرەڕای ئەوەی هەندێکیان توانای ئەوەیان تێدایە کە بە شیعر دەرببڕێن(ئەحمەد: ٢٠١٨: ٣٣)، ئەمەش ئەوەندەی تر

وەرگێڕانیان تووشی گرفت دەکات چونکە تێکەڵ بە زمانێکی ئەدەبی کراون، وەرگێڕانی ئەدەبیش پێویستی بە سەلیقە و ستراتیژی تایبەت هەیە. بڕوانە نموونەی (٩٥).

٩٥) حەوتی بمرێ لە باوان

کلی نابڕێ لە چاوان

لە کاتی وەرگێڕانی پەندەکان بە وەرگێڕانی ئامێریی، چەندین گرفتی واتایی لێدەکەوێتەوە، ئەم گرفتانەش ڕێژەیین، ئەو پەندانەی واتایان ڕوونە و لە واتای فەرهەنگیيان دوورنەکەوتونەتەوە گرفتی واتاییان لە وەرگێڕاندا کەمترە، هەرچەندە پێدەچێت دوای وەرگێڕانیان لە زمانی ئامانجدا پۆلێنیان لە دەربڕینی ئازاددا بێت، بەڵام بە گشتی واتای شێواوی لێناکەوێتەوە؛ بەم شێوەیە هەر وەک چۆن واتای پەندەکان ڕێژەییە لە نێوان ڕوون و لێڵ واتادا، وەرگێڕانیشی هەروایە و هەتا پەندەکە لە واتای فەرهەنگی دووربکەوێتەوە، ئامێرەکەش لە وەرگێڕاندا تووشی گرفتی زیاتر دەبێتەوە. بڕوانە نموونەکانی (٩٦) و (٩٧).

٩٦)




٩٧)




هەر پەیوەست بە نموونەکانی (٩٦، ٩٧)وە ئەم پەندانە لە بنەڕەتدا بە هۆکاری هاوبەشی کولتووری مرۆیی یان بە هۆی وەرگێڕانەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردیی بە هەمان فۆرم و واتاوە، هەربۆیە دووبارە وەرگێڕانیان گرفتی کەمتری هەیە.

گرفتێکی تری بەردەم وەرگێڕانی پەندەکان بە ئامێر، پەیوەستبوونی پەندە بە دەوروبەرەکان بە تایبەتی دەوروبەرە کولتوورییەکان، جیاوازییە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان زمانی سەرچاوە و ئامانج، کاری ئامێرەکەی هێندەی تر سەختکردووە، بڕوانە نموونەی (٩٨) و (٩٩).

٩٨)




٩٩)




لە کۆمەڵی کوردیدا مەلا رۆڵێکی گەورەی لە بونیادی کۆمەڵدا هەبووە و هەیە ، جگە لە ئەرکی پێشنوێژی و ڕوونکردنەوەی پەیامە ئایینییەکان، وەک مامۆستا و زانا و دانا و ڕابەر و دادوەر و کۆمەڵناس و پیاوی کۆمەڵایەتی تەماشاکراوە؛ گوێزانەوەی ئەم ڕەهەندە ئاینیی و کۆمەڵایەتییە بۆ زمانی ئامانج کارێکی ئاسان نییە، لە (٩٨)دا تەنانەت ئەگەر وشەی (Mullah) کە لە فەرهەنگی زمانی ئامانجدا هاوتای مەلایە(oxfordlearnersdictionaries.com) بەکاربهاتایە هێشتا توانای گواستنەوەی ئەو واتایەی نییە کە لە زمانی سەرچاوە(کوردی)دا هەیەتی. لە نموونەی (٩٩)دا ئامێرەکە پەی بە واتای پەندەکە نەبردووە و موحەممەدی وەک ناوێکی ئاسایی وەرگێڕاوە نەک وەک نێردراوی خودا و بەهیچ جۆرێک تێگەیشتنی لە زمانی ئامانجدا لێنەکەوتۆتەوە و واتای قوڵی پەندەکە کە حەق و ڕاست بێژییە بێ پێچوپەنا و بێ سڵەمینەوە و کەوتنەوەی ئەنجامی خراپ، نەگەیاندووە.

بەهۆی ئەوەی کە پەندەکان ئەزموونی ژیانی کۆمەڵن و بارگاوین بە کولتوور و دەوروبەرەکان و خاوەن واتای ناڕاستەوخۆن implicit meaning، لە وەرگێڕانیاندا ئەو واتایەی کە ڕاستەوخۆ لە ئامێرەکە دەستدەکەوێت هەمان واتای پەندەکە لە زمانی سەرچاوەدا نییە. هەرچەندە کە ڕەنگە ئەزموونەکە لای زۆربەی کۆمەڵەکان هەبێت بەڵام بە پەیام و دەربڕینێکی جیاواز، بەڵام دۆزینەوەی هاوتای ئەو پەیامە لە نێوان زمانەکاندا کارێکی ئاسان نییە تەنانەت بۆ وەرگێڕی مرۆیش. لە نموونەی (٩٨)دا دەکرا نزیکترین هاوتای پەیامەکە لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاربهاتایە وەک (Even Homer sometimes nods.) (هەمەوەندی: ٢٠١٣: ٢٢) کە تا ڕادەیەکی زۆر واتای ناڕاستەوخۆی پەندە کوردییەکە دەگەیەنێت کە بریتییە لەوەی هەموو مرۆڤێک هەڵەدەکات و کەس بێ کەموکورتی نییە. Homer/هۆمیرۆسی شاعیر خاوەن

داستانەکانی ئەلیازە و ئۆدیسە لە کولتووری زمانی ئامانجدا بە خاوەن دانایی و زانایییەکی زۆر ناسێنراوە، بۆیە دەکرێت بە هاوتایەکی گونجاو دابنرێت لە وەرگێڕانی پەندەکەدا.

لایەنێکی تری گرفتەکانی وەرگێڕانی ئامێریی پەیوەست بە پەندەوە، ئەو وشە و دەربڕینانەن کە لە کەرەستەی ژیانی ڕۆژانەی زمانی سەرچاوەوە هاتووە و مەرج نییە لە زمانی ئامانجدا بوونی هەبێت، بۆیە دۆزینەوەی هاوتا کارێکی سەختە بۆ وەرگێڕەکە، وەک لە وشەکانی (جەواڵ، کوندە، کورتان، تەشی،...هتد). پەندەکانیش لە سەر زمانی خەڵکی ئاسایی داڕێژراون و لە دەوربەرەکەیانەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆرێک لەم دەربڕینانەی لەخۆگرتووە و پاراستوونی لەوەی کە تەنها لە لاپەڕەی فەرهەنگەکاندا ببینرێن. بڕوانە نموونەکانی (١٠٠) و (١٠١).

(١٠٠



(١٠١)

Why do I have a shower after the rain?

له پاش باران فەرەنجیم بۆچییه.

واتا به ئامێرەكه (بۆچی خۆم بشۆم له دوای باران)

Open in Google Translate • Feedback

له نموونەی (١٠٠)دا ئامێرەكه نەیتوانیوه تەنانەت به پیتیش وەرگێڕان ئەنجامبدات، وشەی (کەر)ی به (deaf/کەڕ) وەرگێڕاوه، وشەی (کورتان) له کوردیدا شمەکێکی دەستکردە بۆ سەر پشتی وڵاخ بۆ بار و سوار بەکاردێت به (shorts/کورت) وەرگێڕاوە و واتای شێواوی لێکەوتوتەوە. له نموونەی (١٠١)دا فەرەنجی/کوڵەباڵ که پۆشاکێکی دەستکردی کوردییه و زیاتر له وەرزی سەرما بەکارهاتووه به (shower/بارین) وەرگێڕاوە و به تەواوی شکستیخواردووه له گەیاندنی پەیامی پەندەکە. وشەکانی (کورتان، کوندە، فەرەنجی،...) تەنانەت له زمانی کوردیشدا قسەکەر و گوێگری خاوەن ئەزموونی زمانەکە واتای دەزانن، بەڕای زۆر له زمانەوانان پەیوەندی هەیه له نێوان تەمەن و تێگەیشتن و بەکارهێنانی پەند و ئیدیەمەکان، ئەمەش پەیوەسته به دنیابینی و کەسایەتی و دەوروبەری دەق و ڕادەی بەکارهێنانەوە(Sudhin ,Jayashree: 2013: 3)، هەروەها بڕوانە ( Marilyn A, Serajul Haq: 1996). بەگشتی تێگەیشتن له پەند و ئیدیەمەکان به قۆناغ دەبێت، له منداڵییەوە بۆ کامڵبوون، واته هەتا تەمەن بەرەو سەرەوە بڕوات و ئاوەزمەندی زیاتر بێت و مرۆڤ زیاتر هەڵسوکەوت بکات له کۆمەڵدا، زیاتر فێری واتای پەندەکان دەبێت؛ ئەمەش بەهۆی ئەوەی گەنجی وشەی دەوڵەمەندتر دەبێت و توانای تێگەیشتنی زیاتر دەبێت.

## ٢/٣) ستراتیژییەکانی وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکان

بێگومان وەرگێڕان پێواژۆیەکی دژوارە، وەرگێڕ بۆهەردەقێک پێویستە ڕێگا و شێوازی جیاواز لەسەر بنەمای زانستی بگرێتەبەر. لە کوێدا بە واتای فەرهەنگی وەرگێڕان ئەنجام بدات و لە کوێدا بەپێی دەوروبەر بەدوای واتادا بگەڕێت، کولتووری زمانی سەرچاوە یان زمانی ئامانج بکاتە بنەما، ئایا دەقێک یان دەربڕینێکی زمانی سەرچاوە لە زمانی ئامانجدا هاوتای هەیە، هاوتاییەکەی چۆنە، واتە لە ڕووی فۆرم و واتا وکاریگەری. هەموو ئەمانەش لە وەرگێڕاندا بە گشتی و لە وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکاندا بە تایبەتی زۆر بەهادارن، بەهۆی تایبەتمەندی کاریگەری دروستکردن لەسەر بەرانبەر و پەیوەستبوونیان بە لایەنی کولتوورییەوە.

یەکێک لە باوترین ئەو ستراتیژییانەی کە لە وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکاندا پەیڕەودەکرێت، ستراتیژییەکانی (Mona Baker)ە، بڕوانە(In Other Words: 1992: 46-81). لەم سۆنگەیەشەوە وەرگێڕانی ئامێریی بۆ دەربڕاوە چەسپاوەکان بەپێی گرنگترین ئەو ستراتیژییانە ئەزموون دەکەین؛ تاوەکو بزانرێت ئایا ئاڕاستەی کارکردنی وەرگێڕانەکە بەپێی ستراتیژە زانستییەکانە، تا چەند دەتوانێت تایبەتمەندییەکانی زمانی سەرچاوە و ئامانج ڕەچاوبکات و بەسەر ئەو گرفتانەدا زاڵبێت، چونکە خودی دەربڕینە چەسپاوەکان بارگاویی و پڕاوپڕن لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکان، لە وەرگێڕانیاندا پێویستە سەرەتا بناسرێنەوە، پاشان دۆزینەوەی هاوتایەک کە پەیکاڵبێت و ئەو کاریگەریی و لایەنە کولتوورییانە بگوازێتەوە، چونکە ئاخێوەرانی زمانی ئامانج بەو کولتوورە ئاشنا نین. ئایا دەکرێت پشت بەوەرگێڕانی ئامێریی لە وەرگێڕانی دەربڕاوە چەسپاوەکاندا ببەسترێت؟

### ٢/٣-١) ستراتیژی یەکەم: پەیکاڵبوون لەڕووی فۆرم و واتاوە

بەکارهێنانی دەربڕینێکی چەسپاو لە زمانی ئامانجدا کە هەم لە ڕووی فۆرم و هەم لە ڕووی واتاوە، هاوتا و یەکسانبێت لەگەڵ دەربڕینە چەسپاوەکەی زمانی سەرچاوە. ئەم پەیکاڵبوونەش جاروبار دەگونجێت، بەمەرجێک وەرگێڕ شارەزای دەربڕینە چەسپاوەکانی هەردوو زمانەکە بێت. بڕوانە نموونەکانی (١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥).

١٠٢) هەرچی بچێنی، ئەوە دەدووریتەوە.

As you sow, so will you reap.

١٠٣) پشیلە لە ماڵ نییە، مشک ترلییترلییانە.

When the cat is away, the mice will play.

١٠٤) بە بەردێک دوو چۆلەکە دەکوژێت.

Kill two birds with one stone.

١٠٥) پۆلێک باڵندە

A flock of birds

دەربڕینە چەسپاوەکانی نموونەکانی (١٠٢ بۆ ١٠٥) لە زمانی ئینگلیزیشدا بە هەمان فۆرم و واتا و کاریگەریی بوونیان هەیە و هاوتای تەواو و پەیکاڵن. وەرگێڕێکی مرۆیی شارەزا بە سوود وەرگرتن لە ستراتیژی یەکەم دەتوانێت وەرگێڕانێکی سەرکەوتووانە ئەنجام بدات. کاتێک بە ئامێرەکە وەرگێڕانیان ئەزموون دەکەین، وەرگێڕانیان وەک نموونەکانی (١٠٦، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠) دەبێت، بڕوانە (١٠٦).

١٠٦)




واتا بە ئامێرەکە (بە ناو چیدا تێپەڕیت، لێی دوور ئەکەویتەوە)

بەلای (Mona Baker)وە خاڵێکی زۆر گرنگ لە وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکاندا، ناسینەوەیانە. واتە وەرگێڕەکە بتوانێت دەربڕینە چەسپاوەکان بەپێی جۆری دەقەکە و دەوروبەرەکان، بناسێتەوە، وەک دەربڕینێکی ئازاد مامەڵەیان لەگەڵدا نەکات، چونکە دەبێتە شێواندن و دوورکەوتنەوە لە واتای دەربڕینەکە. لە (١٠٦)دا ئامێرەکە نەیتوانیوە وەرگێڕانێکی سەرکەوتووانە ئەنجام بدات و واتایەکی شێواوی پێشکەشکردووە. بەڕای لێکۆڵەر پەیوەست بە دەربڕینە چەسپاوەکان هەرچەندە گرفتی ناسینەوە و دۆزینەوەی هاوتایان لە وەرگێڕاندا گرفتێکی جیهانی هەموو زمانەکانە، بەڵام لە وەرگێرانی ئامێریی زمانی کوردیدا، گرفتەکان زۆرتر و زەقترن، بە بەڵگەی ئەوەی کاتێک هەمان پەند لە زمانی عەرەبییەوە بە ئامێرەکە وەردەگێڕین، ئەنجامەکە بەپێی ستراتیژەکەیە و سەرکەوتووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە وشە و دەربڕینەکان تۆمارکراون لە ئامێرەکەدا. بڕوانە نموونەی (١٠٧)

(١٠٧



١٠٨)




لە (١٠٨)دا هەرچەندە لە هەردوو زمانەکەدا هەمان پەند بە هەمان فۆرم و واتا بوونی هەیە، بەڵام ئامێرەکە دەربڕینەکەی نەناسیوەتەوە و بە هەڵە وەرگێڕانی کردووە. لە (١٠٩)شدا هاوتای وشەی چۆلەکەی بە بیابان داناوە، سەرلەبەری واتای پەندەکەی شێواندووە و بە هەڵە وەرگێڕانی ئەنجامداوە. بڕوانە نموونەی (١٠٩).

١٠٩)




لە (١١٠)دا هەرچەندە لە زمانی ئینگلیزیدا پێکەوەهاتنی<a flock of birds> هاوتای <پۆلێک باڵندە>ی زمانی کوردییە، بەڵام ئامێرەکە پەیپێنەبردووە و وەک دەربڕینێکی چەسپاو

نەیناسیوەتەوە، بە (جۆرێک لە باڵندە) وەرگێرانی بۆ کردووە و سەرکەوتوو نەبووە. هەمان پێکەوەهاتن لە عەرەبیدا (سرب من طیور)ە، کاتێک ئاڕاستەی وەرگێڕانەکە لە خانەی زمانی سەرچاوەدا دەکەین بە عەرەبی، ئامێرەکە سەرکەوتووانە پێکەوەهاتنی هاوتای لە زمانی ئامانجدا بە پێی ستراتیژی یەکەم بۆ دەستنیشانکردووە بڕوانە نموونەی (١١١).

(١١٠




(١١١



## ٢-٢/٣) ستراتیژی دووەم: پەیکاڵبوون لەڕووی واتاوە

بەکارهێنانی دەربڕینێکی چەسپاو بەهەمان(یان بەنزیکەیی) واتا و مەبەستی هاوتاکەی لە زمانی سەرچاوەدا، بەڵام بە وشە و کەرەستەی فەرهەنگی جیاواز. بەم ستراتیژە واتا دەکرێتە پێوەر و بنەما بۆ وەرگێران لە نێوان دەربڕینە چەسپاوەکان، بەڵام فۆرمیان پەیکاڵنابن. بڕوانە نموونەکانی (١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨).

١١٢) بەقەد بەڕەکەی خۆت پێت ڕابکێشە.

(چاکەتەکەت بەپێی قوماشەکەت ببڕە) Cut your coat according to your cloth.

١١٣) بەقسەی خۆش مار لە کون دێتەدەر.

(بەقسەی خۆش هەموو دەرگاکان کراوە دەبن) All doors are open to courtesy.

١١٤) با گوڵە بێتەوە لە کانی.

(کاتێک بەراز بفڕێت) When pigs fly.

١١٥) بۆ هەتیو دەبارێت.

(بە خوڕ دەبارێت) Its raining cats and dogs.

١١٦) بارانی بەخوڕ / بارانی بەلێزمە

(بارانی بەلێزمە) Heavy rain

١١٧) من لە ناوجەرگەی شاردا دەژیم.

(من لە دڵی شاردا دەژیم) I live in the heart of the city.

١١٨) وەکو پشیلەی حەوت ڕۆحە.

(وەک پشیلەی نۆ ڕۆحە) Like a nine-spirit cat.

دەربڕینە چەسپاوەکانی (١١٢ بۆ ١١٨) بە هەمان واتا لە زمانی ئینگلیزیشدا هەن، لە هەمان سنووری دەربڕینە چەسپاوەکان، بەڵام بە کەرەستەی جیاواز. وەرگێڕێکی مرۆیی شارەزا بە زمان و کولتووری هەردوو زمان و بەپێی دەوروبەرەکان، دەربڕینەکە دەناسێتەوە و وەرگێڕانێکی واتایی گونجاوی بۆ دەکات. بۆ ئەزموونکردنیشیان بە وەرگێڕە ئامێرییەکە بڕوانە نموونەکانی (١١٩ بۆ ١٢٤).

(١١٩




واتا بە ئامێرەکە (پاڵ بە پشتی خۆت بنێ
هەتا دەتوانی)

(١٢٠




واتا بە ئامێرەکە (مارە دڵخۆشەکە لە
کونەکە هاتەدەر)

(١٢١

با گوڵە بێتەوە لە كانی.

Let the flowers come out of the mine.

واتا بە ئامێرەکە (لێگەڕێ با گوڵەکان بێنەدەر لە کانەکان)

Open in Google Translate • Feedback

(١٢٢

بۆ هەتیو دەبارێت.

It's raining cats and dogs.

Open in Google Translate • Feedback

(١٢٣

بارانی بە خوڕ

It's raining cats and dogs

Open in Google Translate • Feedback

(١٢٤




لە نموونەکانی (١١٩، ١٢٠، ١٢١)دا ئامێرەکە بە تەواوەتی شکستی هێناوە لە وەرگێڕان، هیچ واتایەک نابەخشن. بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکرێت، لە نموونەکانی (١٢٢، ١٢٣، ١٢٤)دا ئامێرەکە بە سەرکەوتوویی بە ئاراستەی زمانی ئامانج وەرگێرانی کردووە و بەپێی ستراتیژی دووەم واتای گواستۆتەوە. لە (١٢٢)دا ئیدیەمێکی زمانی ئینگلیزی وەک هاوتای ئیدیەمی (بۆ هەتیو دەبارێت) بەکارهێناوە، لە (١٢٣)دا هەمان ئیدیەمی ئینگلیزیی بۆ پێکەوەهاتنی(بارانی بە خوڕ) داناوە (بۆ بارانی بەلێزمەش هەمان هاوتای داناوە) ئەمەش بە ڕادەیەک گونجاوە، چونکە لە زمانی ئامانجدا پێکەوەهاتنی هاوتای هەیە کە (heavy rain)ە و باشتر دەبوو کە سوودی لەو پێکەوەهاتنە وەربگرتایە. لە (١٢٤)دا ئامێرەکە سەرکەوتوو بووە، چونکە تێڕوانینی کورد بۆ جەرگ ئەوە بووە لە جەستەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت هاوشانی دڵ و سەنتەری جەستەیە. ئەمەش لە چەندین دەربڕینی تردا بەدیدەکرێت، وەک (جەرگم/دڵم بۆی دەسوتێ، کسپە لە جگەرمەوە/دڵمەوە دەهات، ناوجەرگت بە ئاو بێ، جەرگت نەسووتێ، جەرگم برا) ئەم دەربڕینە میتافۆرییانەش بەڵگەی ئەوەن. بەڵام مەرج نییە لە دەربڕینی زمانی ئامانجدا بەو شێوەیە بێت، بۆیە دەڵێین ئامێرەکە لێرەدا سەرکەوتوو بووە و (heart)ی وەک سەنتەر لە زمانی ئامانجدا بەکارهێناوە.

(١٢٥

Like a seven-spirit cat.

وەک پشیلەی حەوت ڕۆحە.

Open in Google Translate • Feedback

لە نموونەی (١٢٥)دا ئامێرەکە سەرکەوتوو نەبووە لە هەڵبژاردنی هاوتایەکی گونجاو بۆ دەربڕینە میتافۆرییەکە بە پێی ستراتیژەکان؛ لەگەڵ ئەوەی کە هاوتای گونجاو هەبووە بڕوانە (١١٨)، بەڵام وەرگێڕانێکی پیتیی ئەنجامداوە و ڕەچاوی دەوروبەری کولتووری زمانی ئامانجی نەکردووە، چونکە لە کولتووری ئینگلیزیی و زۆرێک لە کولتووره ڕۆژئاواییەکان پشیلە خاوەنی نۆ ڕۆحە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پاشخانیی کولتووریان کە پەیوەستە بە ئاین و داستانە کۆنەکانیان. لە هەردوو کولتووری زمانی سەرچاوە و ئامانجدا دەربڕینەکە بە واتای میتافۆریی بۆ کەسێک کە بارودۆخ و ڕوداوێکی سەختی تێپەڕاندبێت و مابێت، بەکاردەهێنرێت. لە بنەڕەتیشدا سەرچاوەی میتافۆرەکە بۆ ئەوەیە کە پشیلە توانایەکی زۆری هەیە بۆ خۆ دەربازبوون و خۆ ڕزگارکردن، بە تایبەت بازدان لە شوێنی بەرزەوە بێ ئەوەی ئازاری پێبگات. بڕوانە (Mawlood: 2017: 51-52).

### ٣-٢/٣)  ستراتیژی سێیەم: داڕشتنەوە

وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکان بە شێوازی داڕشتنەوە، ئەمەش بە باوترین ستراتیژ دادەنرێت. کاتێک وەرگێڕ بەپێی ستراتیژەکانی یەکەم و دووەم هاوتای لە زمانی ئامانجدا نەدۆزییەوە، بۆ گەیاندنی واتای دەربڕینێکی چەسپاوی زمانی سەرچاوە، لە زمانی ئامانجدا دەربڕینەکە دادەڕێژێتەوە. بڕوانە (١٢٦، ١٢٧).

١٢٦) ڕاستە من ئەو قسەیەم کرد، بەڵام وامزانی ڕادیۆیە.   (بە واتای پاشگەزبوونەوە)

Frankly talking; I said That, but I am deeply regretful.

١٢٧) ئێستاش گەیشتینە مریشکە ڕەشە.

We have come to the end now.

پیادەکردنی ئەم ستراتیژە لە وەرگێڕانی ئامێرییدا زۆر ئەستەمە، لە بەرئەوەی پێویستی بە ناسینەوە، ڕەچاوکردنی دەوروبەرەکان، پاشان دووبارە داڕشتنەوە هەیە بە کەرەستەی زمانی ئامانج(بڕوانە نموونەکانی (١٢٨، ١٢٩). بەڵام وەرگێڕی مرۆیی زۆر جار ڕۆڵی نوسەر دەبینێت و بەدوای داڕشتنەوەی دەقەوەیە بەو شێوەیەی کە واتای دەقی سەرچاوە بگەیەنێت.

١٢٨)



(١٢٩




واتا بە ئامێرەکە (ئێمە هێشتا مریشکە
ڕەشەمان هەیە)

### ٣/٢-٤) ستراتیژی چوارەم: سڕینەوە

سڕینەوەی دەربڕینە چەسپاوەکەی زمانی سەرچاوە لە دەقی زمانی ئامانجدا، لە بارێکدا کە بە پێی ستراتیژەکانی پێشوو نەتوانرێت وەرگێران ئەنجامبدرێت. ئەم سڕینەوەیەش بەمەرجی پاراستنی واتای دەقە. وەرگێرانی ئامێریی بە هیچ جۆرێک ناتوانێت ئەم ستراتیژە پەیڕەوبکات. چونکە بە پێی ئەو زانیارییانەی کە پێی دەدرێت وەرگێڕان دەکات بێ زیاد و کەم، سەرباری ئەوەش سروشتی وەرگێڕانەکە وەهایە کە زۆربەی جار بۆ دەربڕینێک یان وشەیەک بەکاردەهێنرێت، نەک ڕۆمانێک، تا بتوانێت بەهۆی دەوروبەرێکی گشتییەوە سڕینەوە بکات بەبێ دروستبوونی کاریگەری لەسەر واتا. بڕوانە نموونەکانی (١٣٠، ١٣١).

١٣٠) ئەو بە دزی و دەستپیسی ناسراوە.

He\She is known for stealing.

(١٣١

ئەو بە دزی و دەستپیسی ناسراوە.




واتا بە ئامێرەکە (ئەو بە دزی و ساختەچێتی ناسراوە)

وەک لە نموونەکان بە گشتی دەردەکەوێت، ئامێرەکە لە زۆرینەی وەرگێڕانی نموونەکاندا شکستیهێناوە و چەندین گرفتی لە گواستنەوەی واتادا هەبووە. بەپێی ستراتیژی زانستی وەرگێڕانی بۆ دەربڕینە چەسپاوەکان نەکردووە.

# ئەنجام

١_ دەربڕینە چەسپاوەکان بە بەربڵاوی لە سەر زمانی ئاخێوەران لە ئاخاوتن و نوسیندا بەکاردێن، ئەمەش بۆتە کەرەستەی بواری وەرگێران، بە هۆی تایبەتمەندییان، لە وەرگێڕانیاندا، پێویستییان بە شێواز و ستراتیژی تایبەت هەیە.

٢_ واتای ئیدیەمەکان ناپێکهاتەییە و ئەمەش وایکردووە لە وەرگێڕانیاندا، دۆزینەوەی هاوتایان لە زمانی ئامانجدا گران بێت. زۆرترین گرفتی وەرگێڕی ئامێریی لە ئیدیەمەکاندایە. بەشێکی زۆری ئەم گرفتە لەلایەن تەکنیکیەکانی ئامێرەکە چارەسەردەبێت، بە مەرجێک وەک سێتێک مامەڵە لەگەڵ ئیدیەمەکەدا بکرێت.

٣_ دەوروبەر دەرخەری واتای دەربڕینەکانە، واتای دەربڕینێکی چەسپاو لە دەوروبەرە زمانی و کۆمەڵایەتی و فیزیکیی و دەروونییەکانەوە پەی پێدەبرێت، بەڵام وەرگێڕانی ئامێریی بۆ دەربڕینە چەسپاوەکان پیتییە و خاڵییە لە دەوروبەر، ئەمەش گرفتی تێگەیشتن لە واتایان لە زمانی ئامانجدا دروستدەکات.

٤- زمانی کوردی هەنگاوەکانی سەرەتای لە بواری وەرگێڕانی ئامێریدا ناوە، بۆ کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەم بوارە، بەکارهێنانی تەختەکلیل و ڕێنوسی هاوبەش، کارێکی زۆر پێویستە. هەر وشە و دەربڕینێکی ڕاست و دروست لەسەر ئینتەرنێت، دەبێتە خزمەتکردنێکی ئەم بوارە.

٥_ زمانی کوردی لە بواری وەرگێڕانی ئامێرییدا پێویستی بە کاری زیاتر هەیە، ئەو زمانانەی لەم بوارەدا قۆناغی زیاتریان بڕیوە ، گرفتی واتاییان کەمترە؛ ئەمەش پەیوەندی بەو وشە و دەربڕینانەوە هەیە، کە لە لایەن خاوەن زمانەکانەوە لە ئامێرەکانی وەرگێڕاندا تۆمارکراون.

٦- پەیڕەوکردنی ستراتیژی زانستی بۆ وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکان، چارەسەری بەشێکی زۆری گرفتەکانی وەرگێڕانی ئەم دەربڕاوانە دەکات. لەم پێناوەشدا کاری هاوبەشی شارەزایانی بوارەکانی زمان و کۆمپیوتەر پێویستە.

## سەرچاوەکان

ا. بەزمانی کوردی (کتێب)


- ئەحمەد، بێستوون حەسەن (٢٠١٢) ، کۆمەڵەوشە و پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- ئەحمەد، بێستوون حەسەن (٢٠١٨) ، لێکدانەوەی سیمانتیکیی و پراگماتیکیی دەربڕاوە چەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ناوەندی سارا، سلێمانی.
- ئەحمەد، بێستوون حەسەن؛ حامد، توانا سەعدی(٢٠٢٠)، ڕاڤەکردنی پەیوەندیی خزمایەتی لە کۆمەڵی کوردیدا- شیکاری واتای پەندەکان بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٤٤.
- ئەحمەد، تریفە عومەر؛ سەعید، سازان زاهیر؛ ئەحمەد، نەرمین عومەر(٢٠١٨)، ستراتیژەکانی وەرگێڕانی میتافۆر لە کوردی- ئینگلیزیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە (١٥).
- ئەحمەد، قادر فەتاح(٢٠١١)، وەرگێڕان(پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو) و بزووتنەوەی وەرگێڕان لە کوردستاندا، چاپخانەی کوردستان.
- ئەمین، وریا عومەر(٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی دووەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- بێکەس، شێرکۆ(١٩٧٤)، من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن (بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیریی کورد) لە بەغدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحكومە، بەغدا.
- جێرمان، کلۆد؛ لۆبلان، ڕیمۆ (٢٠٠٦ ساڵی وەرگێڕان)، واتاسازی، وەرگێڕانی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- حسەین، شیلان عومەر(٢٠٠٩)، ئیدیەم چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- حسەین، شیلان عومەر(٢٠١٢)، مۆرفۆسینتاکسی ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە ٣٥.
- حەمەئەمین، خۆشناو عەزیز؛ ڕەشید، سەلام ڕەحیم(٢٠١٩)، فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(١).
- حەمەد، سۆران عەبدولڕەحمان(٢٠١٤)، ڕۆڵی ئاوازە لە گەیاندنی واتادا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.
- حمد، شیروان حسین(٢٠١٤)، توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.
- حەمەکەریم، نەریمان حەسەن(٢٠١٥)، دروستەی سیمانتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زمان.
- دزەیی، عەبدولواحید مشیر(٢٠٠٩)، واتاسازی(چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە)، چاپخانەی خانی، هەولێر.

- دزەیی، عەبدولواحید مشیر(٢٠١٥)، زانستی سیمانتیک، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.
- ڕەسول، عیزەدین مستەفا(١٩٧٠)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی (دار الجاحظ)، بەغدا.
- ڕەسووڵ، سەلاح حەویز(٢٠١٤)، پرەنسیبی بە ئابووریکردن لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە و بچووکترین پرۆگرامدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ڕەزا، مستەفا؛ بەهجەت، دەشتی(٢٠٢١)، ڕۆڵی میتافۆڕ لە کشانی واتادا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٣).
- ساڵح، دەروون عبدالرحمن(٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- سەفەوی، کورش(٢٠٠٥)، حەوت گوتار دەربارەی وەرگێران، وەرگێڕانی: ڕەفعەت موڕادی، چاپخانەی کاربین،سلێمانی.
- عەلاف، پەروین عوسمان(٢٠٠٩)، واتا و وەرگێران، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەلی، بەکر عومەر(٢٠٠٠)، میتافۆر لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
- عەلی، بەکر عومەر؛ حسەین، ئازاد ئەحمەد(٢٠١٣)، دەورووبەری زمانی (لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی- پراگماتیکییە)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٢.
- عەلی، بەکر عومەر(٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەلی، تالیب حوسێن(٢٠١١)، واتاسازی: چەند بابەتێکی لێکدانەوەی واتای وشە، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەلی، تالیب حوسێن(٢٠١٤)، زانستی زمان و زمانی کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.
- عەلی، جەلال مەحمود(٢٠١٢)، ئیدیەم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- فتاح، محمد معروف(٢٠١١)، زمانەوانی، بڵاوکردنەوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵا(٢٠١٤)، واتای وشە لە نێوان دیدی فردیناند دی سۆسێر و هالیدای دا، گۆڤاری الاستاذ، ژمارە(٢١١).
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵا(٢٠١٥)، شیکردنەوەیەکی سینتاکسی پەندی پێشینان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٥).
- فەرەج، شاخەوان جەلال(٢٠١٣،)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- فەرەج، هۆگر مەحمود(٢٠٠٥)، کردەی گەیاندن لە نێوان سیمانتیک و پراگماتیکد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(١٥).
- قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٢١)، پەندی پێشینان، تێڕوانینێکی سینتاکسی، پراگماتیکی (توێژینەوەیەکی شیکارییە) ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(٢).
- کانەبی، دلێر سادق (٢٠٠٩)، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- محەممەد، دارا حەمید،(٢٠١٠)، واتاسازی- هەندێک لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی، چاپخانەی ژێر.

- معين، سازان رضا(٢٠٠٥)، واتا و دەوروبەر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

- موسا، عەبدولوەهاب خالید(٢٠٠٩)، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەحمود، ئاڤێستا کەمال(٢٠٠٩) ، پڕاگماتیکی ڕستەی پرسیار و فەرمان لە کرمانجی خوارودا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەدی(٢٠٠٩)، زانستی هێما، واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەدی(٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٠٩)، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا(٢٠٢٠)، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، چاپخانەی سارا، سلێمانی.
- مێنبەری، سروە؛ حەیدەری، شەهین(١٣٩٧)، ئیدیەم لە وەرگێڕاندا، پژوهشنامەی ادبیات کردی، شمارە ٦.
- هەمەوەندی، ئازاد(٢٠١٣)، پەندی ئینگلیزی و کوردی. یەکێتیی نووسەرانی کورد-لقی کەرکووک، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- هوشیار، فائق؛ ئەوانیتر(٢٠٠٧)، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- یەعقوبی، حسێن(٢٠٠٧)، زمان، وەرگێڕان و پەیوەندی کولتوورەکان، وەرگێڕانی: ئیسماعیل زراعی. چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.


ب. بەزمانی عەرەبی


- اف. ار، بالمر(١٩٨٥), علم الدلالة، ترجمة: مجيد الماشطة, ط٢، مطبعة العمال المركزية, بغداد.
- بشر, كمال(٢٠٠٠), علم الاصوات, دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع, القاهرة.
- التواتي، بن التواتي(٢٠١٢)، المدارس اللسانيه فى العصر الحديث، الطبعه الثانيه، دار الوعى للنشر و التوزيع، الجزائر.
- ج، فندريس(١٩٥٠)، اللغة، ترجمة: عبد الحميد الدواخلي، محمد القصاص, مكتبة الانجلو المصرية, القاهرة.

- حجازي، محمود فهمي(١٩٩٧)، مدخل الى علم الغة، دار قباء للطباعة والنشر، القاهرة.
- زاكر, عبدالنبي(٢٠٠٣)، ترجمة الالة و مراجعة الانسان, مجلة المترجم، , العدد(٧).
- الزنكي, نجم الدين قادر(٢٠٠٦), نظرية السياق, دار الكتب العلمية, لبنان.
- زوين، علي(١٩٨٦)، منهج البحث اللغوي بين التراث و علم اللغة الحديث، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
- زهيرة، كبير(٢٠١٨)، الترجمة الالية (الواقع و الافاق)، مجلة الترجمة و اللغات، عدد ٢٠١٨/١، الجزائر.
- شاهين، محمد (١٩٩٨)، نظريات الترجمة و تطبيقاتها في تدريس الترجمة من العربية الى الانجليزية و بالعكس، دار الثقافة للطباعة و النشر، عمان.
- الشيدي، فاطمة(٢٠١١)، المعنى خارج النص، دار نينوى، دمشق.
- عمر, احمد مختار(١٩٩٨), علم الدلالة, ط٥، عالم الكتب، القاهرة.
- فرج، عمرو محمد(٢٠١١)، الترجمة الالية (مفهومها- مناهجها)، مجلة كلية دار العلوم، عدد ٢٦، القاهرة.
- كريستال، ديڤيد(٢٠١٨)، مختصر تاريخ اللغة, ترجمة: احمد الزبيدي, دار الكتب العلمية, بغداد.
- ماهل، احمد التجاني(٢٠١٨)، الترجمة من منظور فقهاء اللغة: الاشكاليات و طرق و استرتيجيات المعالجة, بحث دكتوراه، جامعة السودان, سودان.
- محمد, عمر(٢٠١١), الترجمة الالية, مجلة كلية دار العلوم, جامعة الفيوم, العدد(٢٦)، الفيوم.
- يوسف، محمد حسن(٢٠٠٦)، كيف تترجم، ط٢، دار الكتب المصرية، القاهرة.


پ. بەزمانی ئینگلیزی


- Baker, Mona. (1992), In Other Words, London, Routledge.
- Benson, M. et al. (1986a). The BBI Combinatory Dictionary of English; Your Guide to Collocations and Grammar. John Benjamins Publishing Company.
- Catford, J.C. (1965), A Linguistic Theory of Translation: An Essay in Applied Linguistics. Oxford University Press.
- Channel, J. (1981), Applying Semantic Theory to Vocabulary Teaching- EFL Journal.Vol.35. No.2.
- Crystal, D. (1992), An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages, ٤th edition. Oxford, UK: Blackwell Publishers.
- Crystal, D. (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Sixth Edition BLACKWELL PUBLISHING.
- Dickins, J. (2005), Two models for metaphor translation, John Benjamins Publishing Company
- Fawcet, Peter. (2003), Translation and Language Linguistic- Theories Explained- St. Jerome Publishing, Manchester, UK.

- Felicity O'Dell, Michael McCarthy (2017) English collocations in Use, Second Edition, Cambridge University Press.
- Ghazala, Hasan. (2006) Translation as Problems and Solutions, Seventh Edition, Dar wa Maktabat Al-Hilal, Beirut.
- Glucksberg, Sam. (2001), Understanding Figurative Language, Oxford psychology series- Number 36, Oxford University Press, Newyork.
- Hrisztalina Hrisztova-Gotthardt, Melita Aleksa Varga (eds.) (2014), Introduction to Paremiology: A Comprehensive Guide to Proverb Studies Published by De Gruyter Open Ltd, Warsaw/Berlin.
- JABBARI, MOHAMMAD JAFAR (2016), Idiomatic Expressions in Translation, Journal of A dvances in Humanities, Volume 4 Number 3.
- Katamba, Francis, (1994), English Words, Routledge, London.
- Kittay, E.; A. Lehrer, (1981) Semantic fields and the structure of metaphor. Studies in Language Vol.5. No.1.
- Krikmann, A. (1998). On the Relationships of the Rehetorical, Modal, Logical, and Syntactic Planes in Estonian Proverbs. Folklore: Electronic Journal of Folklore 8.
- Mac Coinnigh, M. (2015), Stractural Aspects of Proverbs, In H, Hrisztova-Gotthardt & M. Aleksa Varga(Eds.).
- Marilyn A. Nippold; Faridah Serajul Haq, Journal of Speech and Hearing Research, Volume 39, 166-176, February 1996 Proverb Comprehension in Youth: The Role of Concreteness and Familiarity, University of Oregon Eugene.
- MAWLOOD, AWEEN (2017), ANIMAL IDIOMS IN ENGLISH AND KURDISH: WITH SOME PEDAGOGICAL IMPLICATIONS, SCHOOL OF ENGLISH UNIVERSITY OF LEICESTER, PhD thesis.
- Mieder, W. (2004). Proverbs: A Handbook. Westport, Connecticut: Greenwood Press.
- Muller, Yvonne. (2008), Collocation- Alingustic view and didactice Aspects, PADERBORN UNIVERSTY.
- Newmark, P. (1988). A Textbook of Translation. Hertfordshire: Prentice Hall.
- RAYMOND W. GIBBS, JR., NANDINI P. NAYAK, JOHN L. BOLTON, and MELISSA E. KEPPEL (1989), Speakers' assumptions about the lexical flexibility of idioms, University of California.
- Schwartz, Lane. (2016), The History and pronis of Machine translation, USA.
- Sprenger, Simone Aunegret (2003), Fixed expressions and the production of idioms, Catholic University of Nijmegan, PhD thesis.
- Sudhin Karuppali; Jayashree S. Bhat (2013), International Journal of English and Education Volume:2, Issue:1, UNDERSTANDING OF IDIOMATIC EXPRESSIONS IN CHILDREN BETWEEN 11 – 14 YEARS.
- Taylor, A. (1962). The proverb and index to 'the proverb'. Hatboro, PA: Folklore Associates.
- Trask, R.L. (2007) Language and Linguistics-The Key Terms, Routledge, N.Y

- VAN DEN BROECK, RAYMOND, (1981) THE LIMITS OF TRANSLATABILITY EXEMPLIFIED BY METAPHOR TRANSLATION, Duke University Press.
- Yule, George. (2017), THE STUDY OF LANGUAGE Sixth Edition Cambridge University Press Sixth edition Printed in the United Kingdom by Clay.

ت. بە زمانی فارسی (کتێب)

- فرزانه فرح زاد، نخستين درسهای ترجمه، مرکز نشر دانشکاهی، ١٣٦٩،تهران.

ج. چاوپێکەوتن

د. عادل ڕەشید قادر، سەرۆک بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی،(٢- ٨- ٢٠٢١).

چ. پێگەی ئەلیکترۆنی

- https://www.britannica.com/science/linguistics/Modifications-in-Chomskys-grammar
- online Oxford collocations dictionary for students of english
- (https://dictionary.cambridge.org/
- مروان البواب، ٢٠١٥
http://www.arabacademy.gov.sy/uploads/lectures2018/albawab20١٥
- حسام الدين مصطفى، ٢٠١٤
https://www.youtube.com/watch?v=XMMPlPd0E7k
- دیاکۆ هاشمی، ٢٠١٥
- https://youtu.be/ETvLDkNElv4

# پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێریی) باس لەو گرفتە واتاییانە دەکات کە ڕووبەڕووی وەرگێڕانی ئامێریی دەبێتەوە لە وەرگێڕانی دەربڕینە چەسپاوەکاندا.

لێکۆڵینەوەکە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ وەرگێڕان و وەرگێڕانی ئامێریی، واتا و جۆرەکانی، هەروەها تیۆری دەوروبەر بە هەردوو جۆری دەوروبەری زمانی و دەوروبەری بار، وە ڕۆڵی دەوروبەر لە تێگەیشتن لە دەربڕینە چەسپاوەکان.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ دەربڕینە چەسپاوەکان، (ئیدیەم، پێکەوەهاتووەکان، میتافۆر و پەند) وەک نموونە وەرگیراون، تایبەتمەندییەکانیان خراونەتەڕوو، نموونەکان بە پێی پێویست لە زمانی کوردی و ئینگلیزییەوە وەرگیراون.

بەشی سێیەم بەشێکی پراکتیکییە، دەربڕینە چەسپاوەکان بە ئامێری وەرگێڕانی (Google translate) لە زمانی کوردییەوە بۆ زمانی ئینگلیزیی وەرگێڕدراون، گرفتەکان لەڕووی واتاوە دەستنیشانکراون و ڕۆڵی دەوروبەر لە وەرگێڕانیاندا خراوەتەڕوو. ڕێبازی پەسنی شیکاریی لە لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهێنراوە. ئامانجی لێکۆڵینەوەکە خزمەتکردنی زمانی کوردییە، هەوڵێکە بۆ ئامادەکردنی زمانەکە بۆ بواری وەرگێڕانی ئامێریی.

# الخلاصة

هذه الدراسة الموسومة بــ(الإشكالية الدلالية للترجمة الآلية) تتناول المشكلات الدلالية التي تواجه الترجمة الآلية أثناء ترجمة العبارات الثابتة.

تتألف الدراسة من ثلاثة فصول، يتناول الفصل الأول الترجمة و الترجمة الآلية و المعنى بانواعه، كما يتناول نظرية السياق بنوعيها اللفظي و المقامي وتأثير السياق في معاني العبارات الثابتة.

أما الفصل الثاني فيتناول العبارات الثابتة (التعبيرات الاصطلاحية، المتلازمات، المجاز و الامثال)، عرضنا خصائص هذه التعبيرات و نماذج منها في اللغة الكوردية.

الفصل الثالث تطبيقي، نتاول فيه التعبيرات الثابتة في اللغة الكوردية المترجمة إلى اللغة الإنجليزية عن طريق الترجمة الآلية (Google translate) ، حددت مشكلاتها من حيث المعنى ، فضلا عن بيان دور السياق في ترجمة هذه العبارات.

اعتمدت الدراسة المنهج الوصفي التحليلي. الهدف من هذه الدراسة خدمة اللغة الكوردية ، وهي محاولة في سبيل إعداد هذه اللغة لمجال الترجمة الآلية.

# Abstract

This study is identified with (The Semantic Problem of Machine Translation) It addresses the semantic problems encountered by machine translation while translating fixed expressions.

The study consists of three chapters. The first chapter deals with translation, machine translation, and the menaing with its types. It also deals with context theory with its two types, lingustic and situational, and the impact of context on the meanings of fixed expressions.

The second chapter deals with fixed expressions (idiom, collocation, metaphor, and proverb) We have presented the features of these expressions and its samples in Kurdish languages.

The third chapter is practical part, we have translated Kurdish fixed experssions to English with Google translator, identifying the semantic problems, as well as identifying the role of context in translating those experssions.

This study adopted the descriptive analytical approach. Serving Kurdish language is the aim of this study, and preparing it for machine transaltion.